سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (٨) تەمموزی ٢٠٢١، ساڵی دووەم

## کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە

- تورکیا؛ لە شمشێری خەلافەتەوە بۆ درۆنی کۆمار
- واقیع و پلانی "سایبەر" و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئیسرائیل
- سوودوەرگرتنی وڵاتانی عەرەبی لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکی دەستکرد



- ئایندەی شەنگال لە ململانێ هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکاندا
- هەژموونی میدیای ئەلیکترۆنی و مەرگی ڕۆژنامەگەریی کاغەزیی

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات


ژمارە (٨) تەمموزی ٢٠٢١، ساڵی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنوسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین:
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری:
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژکاران:
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیزاین: شێرکۆ خانزاد

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی


ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە
07-06...



لە شمشێری خەلافەتەوە بۆ درۆنی کۆمار
25-10...



هەژموونی میدیای ئەلیکترۆنی و مەرگی ڕۆژنامەگەریی کاغەزیی
35-26...



ئایندەی شەنگال لە ململانێی هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکاندا
49-36...




هەڵسەنگاندنی دۆخی سوودوەرگرتنی وڵاتانی عەرەبی لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکی دەستکرد
77-52...



واقیع و پلانی "سایبەر" و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئیسرائیل
101-78...




لە کاغەزەوە تا ڕۆبۆت.. کوردستان لەبەردەم شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمدا
109-104...




بونیادنانی دەوڵەت: حوکمڕانی و سیستمی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمیندا
115-112...



سیناریۆ و بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ
121-118...

# کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە



د. هەردی مەهدی میکە

جیهان، لەم قۆناغەیدا، خۆی لەبەردەم دیاردە و وەرچەرخانێکی نوێتردا دەبینێتەوە کە کاریگەری لەسەر شێوەی ژیان و ڕەفتار و خێرایی کارەکانی مرۆڤ جێهێشتووە، ئەویش شۆڕشی پیشەسازی چوارەمە(٤IR)، کە وەک چەمکێکی گشتگیر، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٦.ز، کۆڕبەندیی ئابووریی جیهانی لە دافۆس-سویسرا، بەکاری هێنا، سەرۆکی کۆڕبەندەکەش کلاوس شواب (Klaus Martin Schwab) هەر بەو ناوەشەوە کتێبێکی بڵاوکردەوە. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ شەپۆلی چوارەمی شۆڕشە جیهانییەکان و تەواوکاریی سێ شۆڕشەکەی دیکە. ئەم پۆلێنبەندییە وا دابەشکراوە کە مرۆڤایەتی هەنووکە لە قۆناغی ئەم شۆڕشەدایە و کاریگەریی ڕیشەیی بەسەر مرۆڤایەتییدا هێناوە و زیاتریش دەهێنێت.

" شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم"، بە واتای بەکارهێنانی چڕی تەکنۆلۆجیا دێت لە کردەکانی پیشەسازی، وەکارخستنی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و کردەکانی ژمێریاریی و هەژماریی و زیرەکیی دەستکرد و ڕۆبۆتسازییدا گۆڕینییان بۆ کارگەیەکی زیرەکی و سوود لێوەرگرتنیان.

شۆڕشی پیشەسازیی یەکەم (سەدەی هەژدە و نۆزدەی زایینی)، کە پیشەسازییەکانی ئاسن و ڕستن و چنین ڕۆڵی گرنگیان تێدا بینی، پشتی بە هەڵمی ئاو و مادەی کیمیایی بەست لە بەرهەمهێنانی وزەدا، تێیدا زۆرێک لە کۆمەڵگە لادێی و کشتوکاڵییەکانی کردە پیشەسازی. شۆڕشی پیشەسازیی دووەم (١٨٧٠-١٩١٤) بناغەکەی کارەبا و ئاسن و ستیل و هۆکارەکانی پەیوەندیی دوورمەودا بوو، کە پیشەسازیی نوێ گەشەی کرد. هەرچی شۆڕشی پیشەسازیی سێیەمیشە(هەشتاکانی سەدەی بیستەم تا هەنووکە) ئەو شۆڕشەیە کە کۆمپیوتەر، مۆبایلی گەڕۆک و ئەینتەرنێت و ئینتەرنێتی کەلوپەلی (الانترنت الاشياء) بەرهەمهێنا. بەڵام شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم جەخت لەسەر گۆڕینی ئامێرەکان بۆ ئامێری زیرەک دەکاتەوە، بە جۆرێک بتوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زیرەکی دەستکردەوە پێشبینی و هەواڵ و بڕیاریش بدات، هەروەها کاردەکات لەسەر فێرکردنی ئامێرەکان و فێربوونی قوڵ و تۆڕە دەستکردەکان و زانستی داتاکان. بەمشێوەیە دەکرێت ئامێرەکان لە زۆر بواردا جێگەی مرۆڤ بگرنەوە لە وەئەستۆگرتنی ئەرکەکانیدا و ئەو پەیوەندییەش ڕێک بخرێت کە لەنێوان مێشکی مرۆڤ و مێشکی کۆمپیوتەر و ڕۆبۆت و بزوێنەرەکاندا هەیە.

دەکرێت هەر داهێنانێک کاتی خۆی کە لە شۆڕشی سێیەمدا وەدی نەهاتبێت و ئێستا بەرهەمهاتبێت لە ڕیزی بەرهەمەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازییدا هەژمار بکرێت، وەک چاکسازیی لە جینەکاندا، چاپی سێ ڕەهەندی، مادده نوێکان، نانۆ تەکنۆلۆجی و کەرەستە پێشەنگەکانی پاراستن و گەنجینەکردن و ئاڵوگۆڕی دارایی و شمەکەکان. هەموو ئەمانە بە بازدانێکی مەزن هەژمار دەکرێن لە ڕەوتی پێشخستن و خێراکردنی جۆری ژین و گوزەرانی مرۆڤدا.

چۆن سێ شۆڕشەکەی پێشتر کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەی زایینییەوە دەستیان پێکرد و گۆڕانکاریی مەزنییان لە ژیانی مرۆڤایەتییدا درووستکرد، کە خۆی لە پەرەپێدانی ژیانی کشتوکاڵیی سەرەتاییدا بینییەوە، کە زیاتر لە ١٠ هەزار ساڵ بووبووە مۆدێلی وەبەرهێنان. ئەو شۆڕشانە توانییان لەو قۆناغەوە مرۆڤایەتیی بگوازنەوە بۆ سەردەمێک کە مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵگە پشت بە تەکنۆلۆجیا ببەستێت. وا ئێستاش مرۆڤایەتی لەسەر لێواری شۆڕشی تەکنۆلۆجیای نوێیە و خەریکە سەرلەبەری ڕەوتی ئەو ژیانە دەگۆڕێت کە مرۆڤی تێدا دەژی و هەمووان پێکەوە گرێدەداتەوە و کاری پێکەوەیی دەکەن. قەبارەی ئەم وەرچەرخانەش زۆر جیاواز و زیاترە لەوەی کە مرۆڤایەتی پێشتر بەخۆیەوە دیوویەتی و پێشبینی کردووە.

**گرنگترین ڕواڵەتەکانی شۆڕشی پیشەسازی چوارەم**

١.ئینتەرنێتی کەلوپەلی: کە تێیدا سەرجەم ئامێر و کەلوپەلەکامنان دەبەستێتەوە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە و لەوێوە سوودیان لیوەردەگرین، وەک: جلشۆر، قاپشۆر، بەفرگر، مەلەوانگە و دەرگا، ڕوناکی، دیوارەکان، پەردەکان و ...تاد.

٢. فرۆکە ڕەوت زیرەکەکان(درۆن): ئەمەش زیاتر لە کڕین و فرۆشتنی شمەکەکاندا و لەم دواییانەش لە جەنگ و کارە سەربازی و دەوڵەتییەکاندا بەکاردێت. بۆ منوونە ئەم فرۆکانە ڕاستەوخۆ شمەکەکان دەگوازنەوە بۆ نێو ماڵ و ئەو شوێنەی مەبەستە. ئامانج بەتەواى دەپێکن، پێگە دەدۆزنەوە، بۆ ئاگرکواژانەوە کۆمەککارن، کۆنترۆڵکردنی تاوانباران و سنووردارکردنی چەکدار و تاوانبار و تیرۆریستان. بۆ کاری کشتوکاڵی و چاندن و پژاندنی تۆو....تاد.

٣. داتا فراوان و مەزنەکان: وا مەزەندە دەکرێت کە جیهان ڕۆژانە ٢,٥ملیار گێگابایت داتا بەرهەم دەهێنێت، کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تویتەر، فەیسبووک و واتساپ و..تاد کۆدەکرێنەوە. بۆ منوونە هەموو سەعاتێک ١٠ ملیۆن وێنە لەسەر فەیسبووک دادەنرێت، ڕۆژانە ١٠هەزار سەعات گرتەی ڤیدیۆیی لەسەر یوتیب ئەپلۆد دەکرێت. سەرجەمی ئەم داتایەنەش دەتوانرێت کۆبکرێنەوە و بەکاربهێنرێن بۆ شرۆڤە و دەرکردنی ئەنجامگیریی و ئایندەناسی و هەڵاوێردکردنی بژاردەکان، بۆ منوونە تەنها لە بواری ئابووریی موڵک و بیناسازییدا، بایی ٢٠٠ ملیار دۆلار شرۆڤەی داتا بەرهەم دێت.

٤. ئامێرە گریمانەییەکان: ئەمەش ئەو ئامێر و تەکنۆلۆژیایانە لە خۆدەگرێت کە سەردانکردن و بەشداریی گریمانەیی دەسازێنن بۆ مرۆڤ بۆ منوونە بەشداریکردنی گریمانەیی و نێتی لە گەلەری و بینین و سەردانی پێشانگا و فیستیڤاڵ و کۆنفرانس و مۆزەکان و ...تاد.

هەر وەک منوونە کۆمپانیای تۆماس کوکی فرۆکەوانی ڕایگەیاند لەم دواییانەدا، ڕێژەی تۆمارکردن و حیجزکردن بۆ سەردانی شاری نیۆیۆرک بە ڕێژەی ١٩٠٪ زیادی کردووە، پاش ئەوەی بۆ سەردانکەرانیان هەلی بینینی ئینتەرنێتی و سەردانی گریمانەییان بۆ ڕەخساندوون.

٥. زیرەکی و هۆشی دەستکرد(عەقڵی دەستکرد): ئەو ئامێر و ڕۆبۆتانە دەگرێتەوە کە ئەرکی خۆیان بەجێدەهێنن بە بێ ئەوەی ڕێنمایی لە مرۆڤەوە وەربگرن و لەڕێگەی ئەزموون و هاوکێشەکانیی نێویانەوە ڕاهێنراوون و پەرە بە توانا و لێهاتوویان دراوە، لە زۆر بواری سەربازی، پزیشکی و چارەسازی و دیاریکردنی نەخۆشی، دەروونی، ئابووری، بیناسازی، یاسا، ڕاوێژکردن و ...تاد بەکاردەهێنرێن.

وەنەبێت ئەم وەرچەرخانە نوێیە لە بواری تەکنۆلۆجیای زیرەکدا، تەنها وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا پێشڕەوی بن، بەڵکو وا شەپۆلەکەیی و ئاماژەکانی ساڵانێکە دراوسێکانی کوردستانیشیان مەشغوڵ کردووە و سەرقاڵی وەبەرهێنان و سوودوەرگرتنن لەو تەکنۆلۆژیای ئەو جیهانە نوێیە، لە بوارەکانی سەربازیی، سیاسەت، بەڕێوەبردن و بازرگانی و بانک و ...تاد. لە ئیسرائیلەوە بیگرە تا دەگاتە تورکیا و هەندێک لەوڵاتانی عەرەبی و ئێران... کە بەدڵنیایی ڕۆڵ و کاریگەریی جێدەهێڵن لەسەر هەژمونی سیاسی و سەربازی، ئابووریی و بازرگانی، بگرە لەسەر سەروەری و ئیرادە و سنوورەکانیش. ئایا لەو جیهانە نوێیەدا دیسان وەک شۆڕشەکانی دیکەی پیشەسازی، وەک بزووتنەوە چاکسازییەکان، وەک دامەزراندنی بانکەکان و فرۆکەوانی و ...تاد، بە تەنیشت کوردستانەوە تێدەپەڕن و کورد تەنها وەک بەکارهێنەر و ناکارایەک دەکەوێتە ژێر هەژموونیانەوە (کە لەزۆر بواردا کەوتووە)؟ یاخود گەرچی درەنگیش بێت بیرێکی لێدەکاتەوە و دەبێتە یەکێک لەو ڕۆڵگێڕەکانی؟ لێرەدا مەرج نییە بەرهەمهێنەری ڕاستەقینە بیت، بەڵام گرنگە لەگەڵ لەو ژیانە نوێیە جێنەمێنیت و لە پەرەپێدانی مرۆیی و مادیی و دەسەڵاتدا سوودی لێوەر بگریت، گەرنا لەسایەی درۆنەکانەوە ڕەنگە جوگرافیا و سنوور و سەروەری ئەو مانایەی جارانی نەمێنێت و هیچ وڵاتێك بەتەنها پاسەوان و سەربازە کلاسیکییەکانی نەتوانێت پارێزگاری ئابووری و سنوور و سیاسەتی خۆیی بێت.

تەوەری ئەمجارەی ئایندەناسی(ژمارە ٨) تاوتوێکردن و جەختکرنەوەیە لەسەر ئەو شەپۆلە نوێیەی شۆڕشی پیشەسازی و شوێنەوارەکانی لە دەرووردراوسێکانی کوردستاندا و ئاماژەدانی دەرکەوتن و تەگەرە و کۆسپە ئایندەییەکانیەتی لەبوارەکانی سیاسەت، سەربازیی و ئابووریی و میدیادا...

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# لە شمشێری خەلافەتەوە بۆ درۆنی کۆمار

## مێژوو و ڕۆڵی درۆنەکان لە ململانێکانی تورکیادا



عەدنان ئەحمەد
توێژەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



### بەرایی

جیهان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەنگاوێکی گەورەی نا، ئەویش پێشخستنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بوو. هەر چەندە درۆنەکان مێژوویەکی کۆنتریان هەیە، بەڵام هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی بیست سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە جیهانی درۆنەکاندا، ئیتر فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بوون بە چەکی یەکلاکردنەوەی جەنگ و پێکدادانە گەورەکان، سوپاکان بەبێ ئەوەی سەربازەکانیان بنێرنە بەرەکانی جەنگ، توانییان جەنگەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن. جیهانی

هەنووکە لە قۆناغی چوارەمی شۆڕشی پیشەسازیدایە، پێشکەوتنەکان لە هەر کاتێک خێراترن و گۆڕانکارییەکانیش وردترن. پیشەسازیی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان یەکێکن لە پێشکەوتنەکانی ئەم قۆناغە. تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەیە لە پێشخستنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان قۆناغی گەورە و وردی بڕیوە، لەم بوارەشدا هەوڵی داوە لە ئاستی جیهاندا کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان بکات و دەرەئەنجامەکانیش دەریدەخەن کە لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا پێش دراوسێکانی کەوتووە، بەتایبەت ئێران و

لە ئێستاشدا دەیەوێت شان لە شانی ئیسرائیل بدات، لە کاتێکدا تا ١٥ ساڵ لەمەوپێش پشتی بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەم وڵاتە دەبەست. تورکیا کە ئامانجی ئەوەیە پارێزگاری لە هەژموون و پێگە سەربازییەکەی بکات و ببێت بە هێزی تاک و تەنیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەردەوامە لە پێشخستنی درۆنەکانی و جگە لەوەی بووە بە سەرچاوەیەکی گەورەی داهات، پێگەکەی بەهێزتر و تواناکانی فراوانتر کردووە. بە پێی دەرئەنجامەکان، تورکیا (جگە لە ئیسرائیل) لە هەموو وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکە زیاتر توانیویەتی لەگەڵ شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا هەنگاو بنێت و دوا نەکەوێت. ئەگەر هیچ ڕێگرییەکی گەورە و گەمارۆیەکی قورس ڕووبەڕووی ئەنقەرە نەبێتەوە، چاوەڕوان دەکرێت تا چەند ساڵی داهاتوو تورکیا وەک پێشەنگی بواری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بمێنێتەوە.



## سەرهەڵدانی درۆنەکان

یەکەم هێرشی درۆن کە لە جیهاندا تۆمار کرابێت ساڵی ١٨٤٩ بووە، لەم ساڵەدا ئیمپراتۆریەتی نەمسا تەقەمەنیی لە باڵۆنە هەواییەکان دەبەست و بەسەر شاری ڤینیسیادا بەری دەدانەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نەکراوە و باڵۆن بەکار هێنراوە، بەڵام بە یەکەم هێرشی درۆن دادەنرێت لە مێژوودا. بە هۆی ئەوەی باڵۆنەکان کۆنترۆڵنەکراو بوون و وزەی با کاریگەریی لەسەر ئاراستەکەیان هەبووە، ژمارەیەکی زۆریان ئامانجەکانیان نەدەپێکا. لە ساڵی ١٨٩٩دا لە "کۆنفرانسی ئاشتیی لاهای"، بۆردوومانکردن بە باڵۆن بە نایاسایی دانرا، بەڵام لە ساڵانی داهاتوودا بە ڕێگای دیکە بۆردوومان بەردەوامیی پێ درا کە بەشێکە لە مێژووی درۆنەکان. لە ساڵانی دواتردا ئەمەریکا بە هەلیکۆپتەر مووشەکی ئاراستەی کەشتییەکانی سوپای ڕووسیا دەکرد و دواتریش و لە جەنگی ڤێتنامدا دەست کرا بە تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان. لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠) شەوە قۆناغێکی نوێ لە جیهانی درۆنەکاندا دەستی پێ کرد و پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆجیی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی[1].

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی درۆنەکان و گەشەپێدانیان، ئەوە بوو کە سوپاکانی جیهان لە شەڕەکاندا و بە هۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکانیانەوە ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەوانیان لەدەست

دەدا، ئەم مەترسییە بە هۆی دروستکردنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە ڕەوییەوە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لەلایەن کەسێکەوە و لە شوێنێکی پارێزراوەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و ژیانی فڕۆکەوان لە مەترسیدا نییە، هەر کەوتنەخوارەوەیەکی فڕۆکەکەش هیچ زیانێک بە کەسی کۆنترۆڵکار ناگەیەنێت. مانەوەی درۆنەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئاسماندا، یەکێکی دیکەیە لە سوودە هەرە گەورە و بەرچاوەکان، چونکە فڕۆکە ئاساییەکان ناتوانن ماوەیەکی درێژ لە ئاسماندا بمێننەوە. بەشێک لە درۆنە زۆر پێشکەوتووەکان دەتوانن خۆیان بفڕن و بشگەڕێنەوە فڕۆکەخانە و بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی مرۆڤ بنیشنەوە، بۆیە لە کاتی پچڕانی پەیوەندیی ناوەندی کۆنترۆڵکردن لەگەڵ درۆنەکەدا، هیچ مەترسییەک لەسەر کەوتنەخوارەوەی درۆنەکە دروست نابێت[٢].

دوو جۆری سەرەکیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەیە: فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئاساییەکان: کە لە چەندین بواری وەک چاودێریکردن، دۆزینەوە و ئاشکراکردن، گواستنەوەی تایبەت، ڤیدیۆ، دەرمانکردنی کشتوکاڵی و چەندین بواری دیکەی مەدەنی. فڕۆکە شەڕکەرە بێفڕۆکەوانەکان: لە جەنگەکان و بۆ هێرش و پێکانی ئامانجەکان بەکار دەهێنرێن[٣].

### لە بارووتەوە بۆ درۆن

ئەو کاتەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ڕووخا و دەوڵەتی کۆماریی تورکیا دروست بوو، وڵاتێکی تێکشکاو بوو کە پێویست بوو سەرلەنوێ خۆی بونیاد بنێتەوە. سەرجەم کەرتەکانی وڵات لە قەیراندا بوو و لە بواری پیشەسازیی جەنگی و چەک بەخاوی هەنگاوی دەنا. کۆماری تورکیا تاکوو کۆتایی سەدەی بیستەم پشتی بە وڵاتانی دیکە دەبەست، بەڵام لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، تورکیا دەستی بە پێشخستنی بواری چەک کرد و بناغەکانی پیشەسازیی چەکی ناوخۆیی دانا. یەکەم هەنگاوی تورکیا بۆ پێشخستنی بواری چەک، گرنگیدان بوو بە دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لەبەر ئەوەی سەرەتا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لە ئەمەریکا و ئیسرائیل دەکڕی؛ هەنگاوەکانی خاو بوون، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەکان لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە، ئیتر تورکیا هەنگاوەکانی خێراتر و هەوڵەکانی فراوانتر کرد. لەگەڵ ئەوەی گەشەدان بە درۆنی ناوخۆیی لەلایەن تورکیاوە لە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە هەنگاوی باشی نا، بەڵام دەرگای سەرەکیی ئەم پێشکەوتنە لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠دا کرایەوە، بەتایبەت کاتێک داواکارییەکانی ئەنقەرە بۆ کڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "Predator" لە ئەمەریکا ئەنجامی دڵخۆشکەریان نەبوو، ئەو درۆنانەشی لە ئیسرائیلەوە دەهاتن بەمەبەست دوا دەخران، ئەمەش هێندەی دیکە تورکیای خستە سەر ڕێگای بەرهەمهێنانی درۆنە ناوخۆییەکانی[٤].

بەدیاریکراوی یەکەم گرووپی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان لە ئەڵمانیا و دواتر لە ئەمەریکاوە هێنرا، بەڵام هەندێکیان بە هۆی کێشەی تەکنیکییەوە بەکارهێنانیان ڕاگیرا، یەکەم فڕۆکەش خرابێتە ناو سیستمی بەرگریی تورکی لە ساڵی ١٩٩٣دا بوو. لەگەڵ ئەوەی هەر لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تورکیا دەستی بە هەوڵەکانی بەرهەمهێنانی درۆنی ناوخۆیی کرد، بەڵام ئەنجامەکەی تاکوو دوای ٢٠١٠ دوا کەوت. تورکیا ساڵی ٢٠٠٥ یەک درۆنی "Heron"ی بە بەهای چوار ملیۆن دۆلار لە ئیسرائیل کڕی، بەڵام دوای سێ ساڵ لە بەکارهێنان؛ گەڕاندیەوە بۆ ئیسرائیل. دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٧، سێ درۆنی لە ئیسرائیلەوە بە کرێی ١٥ ملیۆن دۆلار هێنا کە لە جۆری هێرۆن بوون، کە دەیانتوانی ٦ بۆ ٨ کاتژمێر لە ئاسماندا بمێننەوە، بەڵام بە شێوەیەکی چالاک بەکار نەهێنران و هەمووشیان کەوتنە خوارەوە. ساڵانی دواتر تورکیا بە بەهای ١٨٨ ملیۆن دۆلار، ١٠ درۆنی دیکەی لە جۆری هێرۆن لە ئیسرائیل کڕی. یەکێک لە کێشە گەورەکان ئەوە بوو کە کۆنترۆڵی فڕین و نیشتنەوەی هێرۆنەکان لەدەستی ئیسرائیلدا بوو، هەموو ئەو وێنانەشی کە درۆنەکان لە هێزەکانی پەکەکە (گەریلا) دەیگرت؛ دەگەیشتنەوە ئیسرائیلیش، ئەمەش سەرەتای دوورکەوتنەوەی تورکیا بوو لە ئیسرائیل و درۆنەکانی[٥].

تورکیا پێشتر و ساڵانی ١٩٩٠، درۆنی هێرۆنی لە ئیسرائیل و "GNAT" لە ئەمەریکا کڕی. دوای ساڵی ٢٠٠٠، کۆنگرێسی ئەمەریکا ڕێگای نەدا ڤێرژنە نوێیەکانی "GNAT" بە تورکیا بفرۆشرێت کە بریتی بوون لە "Predator" و "Repaer"، ئەمەش هانی تورکیای دا دەست بە دروستکردن و گەشەدان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ناوخۆیی بکاتەوە، تاکوو گەیشت بە بەرهەمهێنانی "Bayraktar TB٢" و "Anka" کە دوو درۆنی زۆر پەسەندکراو و پێشکەوتووی تورکیان[٦].

هۆکاری سەرەکی کە وای کرد تورکیا پەرە بە پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بدات، ئەو گەمارۆ ئابوورییە بوو کە لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە لەلایەن ئەمەریکاوە خرابووە سەری، جگە لەوەی ئەمەریکا فرۆشتنی فڕۆکەکانی جۆری "Predator" و "Reaper"ی بە تورکیا سنووردار کرد. تورکیا لە ساڵانی ١٩٤٠دا وەک بەرهەمهێنەرێکی چالاکی فڕۆکەی مەدەنی چووە ناو ڕێکخراوی فڕۆکەوانیی مەدەنیی نێودەوڵەتی و ساڵانی دواتر پاشەکشەی کرد، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە بەرهەمهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە بەهێزەکانی، توانیی سەرنجی هەموو جیهان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت .گێتینگەر پسپۆڕی بواری درۆنەکان دەڵێت: لەنێو نەوەی نوێی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا تورکیا پێگەی خۆی هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە لە ئێستادا ٩٥ وڵاتی

جیهان دەستیان بە دروستکردن و گەشەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کردووە و ٦٠ وڵاتیش نزیکەی ٢٦٧ جۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیان بەرهەم هێناوە. گوینتای شیمشەک پسپۆڕی بواری فڕۆکەوانی دەڵێت: لە ڕووی پڕۆگرام و مۆدێلی بەکارهێنانەوە، تورکیا لە لیستی پێنج وڵاتی پێشکەوتووی بەرهەمهێنەری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندایە. بەپێی توێژینەوەکانی دامەزراوەی "Drone Wars" کە بارەگاکەی لە بەریتانیایە، تورکیا لەو وڵاتانەیە کە لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا لە ئاستێکی زۆردا پشت بە خۆی دەبەستێت. پێگەی "The Intercept" لە بابەتێکیدا بە ناوی "سەردەمی دووەمی درۆن، تورکیا چۆن لەبەردەم ئەمەریکادا وەستا و بوو بە هێزێکی بکوژ و شەڕکەری درۆن"، باسی ئەوە دەکات تورکیا لە ئاستی جیهاندا لە بەکارهێنانی درۆنە هێرشبەرەکانیدا ڕکابەریی ئەمەریکا و بەریتانیا دەکات[٧].

کۆمپانیای بایراکتار ساڵی ٢٠١٥ لە بارەی فڕۆکەی "Bayraktar TB٢" ڕایگەیاند، ئەم فڕۆکەیە توانای هەڵگرتن و گواستنەوەی ٢٥٠ کیلۆگرام کەلوپەل و مووشەکی هەیە. ساڵی ٢٠١٦، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "Anka" توانای گواستنەوەی شمەک و مووشەکی نەبوو، بەڵام ساڵی ٢٠١٧ و لە ڤێرژنە نوێیەکەدا توانرا مووشەکی لێ ببەسترێت و توانای هەڵگرتنی چەکی بگەیەنرێتە ٢٠٠ کیلۆگرام. هەردوو درۆنەکەی تورکیا مووشەکی بەرهەمهێنراوی کۆمپانیای "Roketsan" بەکار دەهێنن و دەتوانرێت لە هەر ناوچەیەکدا بەکار بهێنرێت کە مانگە دەستکردەکانی "TÜRKSAT" پێی بگەن .سەرەڕای ئەوەی درۆنەکانی تورکیا دروستکراوی ناوخۆیین، بەڵام هەندێک پارچەی بەشە گرنگ و ئاڵۆزەکانی، بۆ نموونە ماتۆڕەکەی، لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنرێت، بۆیە کەرتی پیشەسازیی تورکی لە هەوڵی بەردەوامدایە تاکوو خۆیان ئەم ماتۆڕانە بەرهەم بهێنن. خاوەن پشکەکانی پیشەسازیی ئاسمانیی تورکیا بریتین لە وەقفی بەهێزکردنی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا، ڕاوێژکاریەتیی پیشەسازیی بەرگری و دەزگای ئاسمانیی تورکی. ساڵی ٢٠١٧، کۆمپانیای ڤێستڵی تورکی مۆدێلێکی درۆنی بە ناوی "Karayel" پێشکەش کرد، کە توانای هەڵگرتنی ١٢٠ کیلۆگرام چەک و شمەکی هەبوو[٨].

پێگەی "Army Technology"، پۆلێنی ١٠ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بەهێزی لە جیهاندا کردووە، لە ڕیزبەندیی دەیەمدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئانکای تورکی دانراوە، کە بەرهەمی پیشەسازیی ئاسمانی و فڕۆکەوانیی تورکیایە و دەتوانێت زیاتر لە ٢٤ کاتژمێر لە ئاسماندا بمێنێتەوە و خێراییەکەی ٢١٧ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا[٩].

درۆنە تورکییەکان لە چاوی فۆکویاماوە

فرانسیس فۆکویاما لە وتارێکیدا باس لە کاریگەرییە گەورە و بەهێزەکانی فڕۆکە

بێفڕۆکەوانەکان و ڕۆڵیان لە یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ئایندە لە جیهاندا دەکات و بەوردییش تیشک دەخاتە سەر پێشکەوتنەکانی تورکیا لەم بوارەدا و بە باسکردنی هێرشەکانی تورکیا لە سووریا و لیبیا، ئاماژە بە بەهێزی، پێشکەوتن و توانای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو تورکیا لە ڕێگای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە توانیویەتی هێز و هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت و کاریگەریی لەسەر یەکلاکردنەوەی جەنگە گەورەکان هەبێت، ئەمەش کردوویەتی بە هێزێکی دیاری ناوچەکە. فۆکویاما دەڵێت یەکێک لە یاریزانە سەرەکییەکانی ئەم پێشکەوتنەی لە بواری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هەیە لە جیهاندا، تورکیایە لە سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆککۆماری وڵات.

فوکویاما لە وتارەکەیدا دەڵێت: من ١٠ ساڵ پێشتر لە ڕۆژنامەی "Financial Times" وتم: "ئەگەر من توانام هەبێت ببمە خاوەن درۆن، ئەوا هەر کەسێکی دیکە دەتوانێت، ئەمەش کاریگەریی گەورەی لەسەر سیاسەتی جیهانی دەبێت." ئەو سەردەمە وڵاتانی ئەمەریکا و ئیسرائیل بە شێوەیەکی فراوان کۆنترۆڵی تەواوەتیی تەکنەلۆجیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیان کردبوو، هەر ئەو کاتە باسم لەوە کرد ئەم جۆرە تەکنۆلۆجیایە لە ئایندەدا لە ئاستێکی فراواندا بڵاو دەبێتەوە و تەواوی سروشتی ململانێی نێوان دەوڵەتەکانی جیهان دەگۆڕێت. بەر لە پێشکەوتنی درۆنەکان، فڕۆکەکان لە ئاسمانەوە نەیاندەتوانی ئامانجەکانیان بپێکن و جەنگەکان یەکلا بکەنەوە. بۆ نموونە؛ لە جەنگی ١٩٦٧دا تەنها دوو تانکی میسری لەلایەن فڕۆکەکانی ئیسرائیلەوە تێک شکێنران، چونکە فڕۆکەکان نەیاندەتوانی لە ئاسمانەوە و بەوردی ئامانجەکانیان بپێکن و زۆربەی هێرشەکان هەڕەمەکی بوون[١٠].

**پشتبەخۆبەستن و هەنارده**

بەپێی زانیارییەکانی گرووپی شیکاری و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی "Blue Melange"، تاکوو سەرەتای ٢٠٢١ ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی ڕادەستی هێزەکانی تورکیا کراون گەیشتوونەتە ١٧٤، ئەمە لە کاتێکدا ساڵێک پێش ئەم ڕێکەوتە ژمارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان ١٤٠ دانە بوو، ئەمەش زیادبوونێکی خێرایە. لەم ژمارەیەش ١٢٤ دانەیان لە جۆری "Bayraktar TB٢"، ٤٠ دانەیان لە جۆری "Anka"یە و ١٠ دانەشیان لە جۆری "Heron"ی ئیسرائیلییە. بایراکتار و ئانکای دروستکراوی ناوخۆ لە ئەنجامدانی هێرش و چاودێرییشدا بەکار دەهێنرێن، بەڵام هێرۆنی ئیسرائیلی تەنها بۆ چاودێریکردن بەکار دەهێنرێت. ئیسماعیل ئۆزدەمیر سەرۆکی پیشەسازیی بازرگانیی تورکیا، لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠دا ڕایگەیاند سێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دیکەی "Bayraktar TB٢" ڕادەستی فەرماندەیی گشتیی جەندرمە کراوە،

بەم جۆرەش ژمارەی بایراکتارە بەکارهێنراوەکان گەیشتە ١٠٧[١١].

هەناردەی کەرتی فڕۆکەوانی و بەرگریی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٩ لەچاو ساڵی پێشووتر ٦,٣٤٪ بەرز بووەوە و گەیشتە دوو ملیار و ٧٤ ملیۆن دۆلار و ئامانجی تورکیاش ئەوەیە لە ساڵی ٢٠٢٣ بەهای هەناردەی چەک بگەیەنێتە ١٠ ملیار دۆلار. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگای ستۆکهۆڵم، لەگەڵ ئەوەی هەناردەی چەک لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٩؛ ٤٨٪ کەمی کردبوو، بەڵام بەراورد بە ساڵانی نێوان ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣، هەناردەی چەک لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٨، نزیکەی ١٧٠٪ بەرز بووەتەوە. هۆکاری کەمبوونەوەی هەناردە لەنێوان ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٩، بە هۆی ئەوەوە بووە کە تورکیا لەو ماوەیەدا هەوڵی داوە گرنگی بە پێشخستنی تەکنۆلۆجیای چەکی تایبەت بە خۆی بدات و هاوردەی چەکەکانیشی لە وڵاتانی دەرەوە دوا کەوتبوو. گێتینگەر پێی وایە هۆکاری ئەوەی وڵاتان ڕوو لە کڕینی درۆنی "Bayraktar TB٢" دەکەن، ئەوەیە کە لە درۆنی وڵاتانی دیکە هەرزانتر دەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەو وڵاتانەی باری داراییان زۆر باش نییە زۆر گرنگە. یەکێک لەو خاڵانەی بەردەوام بەرپرسانی تورکیا وەک شانازی باسی دەکەن ئەوەیە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیان، بەتایبەتی "Bayraktar TB٢"، بەتەواوی دروستکراوی ناوخۆیین، بەڵام دانیەڵ گاتینگەر دەڵێت بەشی هەستەوەریی فڕۆکەکە لە کەنەدا و تەکنۆلۆجیای ئامانجپێکانی مووشەکەکانی فڕۆکەکە لە ئەڵمانیاوە هاوردە دەکرێت، بەڵام ئەمە خاڵی لاواز نییە، چونکە تەنانەت ئەمەریکاش بەشێک لە تەکنۆلۆجیاکانی لە دەرەوە دەهێنێت، بەڵام پێبەستراوەیی تورکیا بە دەرەوە خاڵی لاوازە. سامیۆل براونسوۆرد کە یەکێکە لە توێژەرانی دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی "Drone Wars"ی بەریتانی، پێی وایە دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "Akıncı" پێگەی تورکیای وەک بەرهەمهێنەرێکی درۆنەکان بەهێز کرد و ئاستی هەناردەکردنی چەکی تورکییشی بەرز کردەوە [١٢].

سەلچوک بایراکتاری لە ئێستادا کەسی یەکەم و دیاری ناو پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە لە تورکیا و ڕۆڵی گەورە و دیاری بەرهەمەکەشی کە "Bayraktar TB٢" لە جەنگەکانی سووریا، لیبیا و ئازەربایجان هێندەی دیکە ناوبانگەکەی گەورەتر کردووە. بایراکتار دەیەوێت خەونی خەزووری بەدی بهێنێت کە تورکیایەکی خاوەن چەکی درۆنی پێشکەوتووە و پێویستی بە هیچ وڵاتێک نییە، بەتایبەت ئەمەریکا، هەر هەنگاوێکی تورکیاش لەم مەیدانەدا کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەبێت کە خۆیان بە ڕکابەری تورکیا دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا دەرگا بۆ ئەنقەرە دەکاتەوە کە بە فرۆشتنی درۆنەکانی پەیوەندیی

بەهێز لەگەڵ چەند وڵاتێکدا دامەزرێنێت. تورکیا وەک چۆن لەبەردەم سەردەمێکی نوێدایە، بە هەمان شێوە لەبەردەم ئەگەری تەنیاکەوتن و گۆشەگیرکردندایە. رالوکا سێرناتۆنی لە دامەزراوەی هزریی "Crnegie Europe"دا دەڵێت: تورکیا لە بازاڕی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا بەخێرایی ڕێگا دەبڕێت و بەردەوام بەهێزتر دەبێت، ئەمەش بەشێکە لە ئامانجی ئەردۆغان کە دەیەوێت وڵاتەکەی بە وڵاتانی دیکەوە پەیوەست نەبێت و خاوەن چەکی خۆیان بن، بەتایبەت کە هەناردەی چەک لە ٢٠٢٠دا گەیشتە دوو ملیار دۆلار، بەڵام ئەم ڕێگایە ئاسان نییە، بەتایبەت دوای ئەوەی کەنەدا ڕایگەیاند بە هۆی ئەگەری بەکارهێنانی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی کە تەکنۆلۆجیای کەنەدیی تێدا بەکار هێنراوە، هەناردەی پارچەکانی ئەم فڕۆکانەی بۆ تورکیا هەڵپەسارد و دواتریش بەتەواوی ڕایگرت[١٣].

یەکەم فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جۆری "Bayraktar Mini" لە مانگی تەممووزی ٢٠١٢ بە قەتەر فرۆشرا. گەشەدان بە بایراکتار بەردەوامیی هەبوو، لە هەر ڤێرژنێکی نوێدا ئاستی مانەوەی لە ئاسمان زیاتر و کاریگەرییەکەی بەهێزتر و توانای هەڵگرتنی مووشەک و شمەکی زیاتر دەکرا، تاکوو ساڵی ٢٠١٩ گەیشتە ئەو ئاستەی بتوانێت ٢٧ کاتژمێر لە ئاسماندا بمێنێتەوە. بایراکتار تیبی ٢ لە ساڵی ٢٠١٩ بە ئۆکرانیا و قەتەریش فرۆشرا[١٤].

تورکیا هەنگاوێکی گرنگ و مێژوویی ناوە، دوای سەرکەوتنەکانی لە لیبیا و کاراباخ، سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، بە ڕێککەوتن لەگەڵ پۆڵۆنیای ئەندامی ناتۆش؛ قۆناغێلی گەورەی بڕی. لە ٢٤ی ئایاری ٢٠٢١، بە ئامادەبوونی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، ئاندرزێژ سێباستیان دودا؛ سەرۆکی پۆڵۆنیا، واژۆ لەسەر ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات لە بارەی کڕین و فرۆشتنی درۆنەکانی تورکیا کرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە، تورکیا ٢٤ دانە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شەڕکەری جۆری "Bayraktar TB٢" بە پۆڵۆنیا دەفرۆشێت، بەم جۆرەش پۆڵۆنیا بوو بە یەکەم ئەندامی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا کە درۆن لە تورکیا بکڕێت. بەم جۆرە لەدوای ئۆکرانیا، قەتەر و ئازەربایجان، پۆڵۆنیا بوو بە چوارەم وڵات کە تورکیا تەکنۆلۆجیای زۆر بەرزی سەربازیی "درۆن" واتە جۆری "Bayraktar TB٢"ی پێ بفرۆشێت، ئەگەرنا جۆری دیکە بە تونسیش فرۆشراوە. ١٦ی تەممووزی ٢٠١٩، تورکیا لە ئاسمانە وشک، گەرم و تەپوتۆزاوییەکەی کوێت فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "Bayraktar TB٢"ی تاقی کردەوە، فڕۆکەکە توانیی بەبێ پچڕان ٢٧ کاتژمێر و سێ چرکە لە ئاسماندا بفڕێت. لە ئێستادا ١٨٠ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جۆری "Bayraktar TB٢"ی تورکی لە ئاسمانەکانی ئۆکرانیا، قەتەر و ئازەربایجاندان، دوای چەند مانگێکی دیکەش ٢٤ فڕۆکەی دیکەش

دەچنە ئاسمانی پۆڵۆنیا[١٥]. بەپێی هەندێک سەرچاوەی هەواڵگری و ڕۆژنامەوانی، ئۆکرانیا بەشێک لەو بایراکتارانەی لە تورکیای کڕیوە؛ لە شەڕ و ناکۆکییەکانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی "Donetsk" لەگەڵ ڕووسیا بەکاری هێناوە[١٦].

بەپێی هەندێک زانیاری کە لەلایەن هیچ کام لەم دوو وڵاتەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە، سعودیە چەند فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی لە تورکیا کڕیوە و چەند سەرچاوەیەکیش باس لەوە دەکەن بۆ کڕینی درۆنە تورکییەکان داواکاریی پێشکەشی ئەنقەرە کردووە[١٧]. بەشێک لە میدیا عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن تورکیا چەند فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی بایراکتار تیپی ٢ی بە سعودیە فرۆشتووە تاکوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی حوسییەکاندا بەکاری بهێنێت، ئەم هەواڵانەش دوای ئەوە هات لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ هەردوو وڵات لە یەکتر نزیک بوونەوە و تا ئاستێکی سنووردار کۆتاییان بە جەنگی ساردی نێوانیان هێنا، هەندێک سەرچاوەش دەڵێن ئەوەی تورکیا بە سعودیەی داوە؛ "VestelKarayel-SU"ە[١٨]. بەشێک لە میدیاکانی تورکیا باس لەوە دەکەن چەند وڵاتێکی ئەورووپی بیریان لە کڕینی بایراکتار لە تورکیا کردووەتەوە و تەنانەت بەریتانیا داوای کڕینی کردووە. بەریتانیا بیری لەوە کردووتەوە لەبریی درۆنە ئەمەریکییەکان کە پارەیەکی زۆریان دەوێت، هەر بایراکتارێک بە ملیۆنێک و ٦٠٠ هەزار یۆرۆ بکڕێت[١٩].

### ترسی ئەمەریکا و درۆنی گرووپەکان لە عێراقدا

دەستڕاگەیشتنی گرووپە چەکدارەکان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، نیگەرانیی قووڵی لای ئەمەریکییەکان و سەرجەم ئەو وڵاتانە دروست کردووە کە هێزەکانیان لە ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان، چونکە لە چەند مانگی ڕابردوودا بەشێکی هێرشی گرووپە چەکدارەکان لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بووە، وەک ئەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگای درۆنەوە چەند جارێک هێرش کراوەتە سەر هێزە بیانییەکان و حوسییەکانیش لە یەمەن بەردەوام لە ڕێگای درۆنەوە هێرش دەکەنە سەر دامەزراوە نەوتی و ئەمنییەکانی سعودیە. دوای هێرشە درۆنییەکان بۆ سەریان لە عێراق، کینس ماکێنزی فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمەریکا، لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا هۆشداریی لە بەهێزبوونی توانای گرووپە چەکدارەکان لە بواری بەکارهێنانی درۆنەکان دا و ئاماژەی بەوە کرد گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران دەستیان بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کردووە و ئەم دەستڕاگەیستنەی گرووپە چەکدارەکانیش مەترسیی لەسەر ئاسایشی ئایندەی جیهان هەیە[٢٠].

بەرپرسە حکومی و سەربازییەکانی عێراقیش لە زیادبوونی توانای گرووپە چەکدارەکان لە بواری بەکارهێنانی درۆنەکان

نیگەرانن و دەڵێن کێشەی گەورە ئەوەیە نازانن سروشتی ئەم درۆنانە چۆنە ئەم گرووپە چەکدارانە بەکاریان دەهێنن و ناشزانن کێ کاریان پێ دەکات. زانیارییە بەردەستەکان جۆربەجۆرن، بەڵام ئەوەی لای ئەوان ڕوونە ئەوەیە کە لایەنی دەرەکی لەپشت ئەم بابەتەوەیە. بەشێک لە سەرچاوە عێراقییەکانیش دەڵێن ئەو درۆنانەی گرووپە چەکدارەکان بەکاریان دەهێنن؛ دروستکراوی ئێرانن و بەشێکیشیان جۆری سەرەتایی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێرانن. ئەوەی نیگەرانییەکانی زۆرتر کردووە بچووکیی ئەم درۆنانە وای کردووە بەئاسانی لەلایەن سیستمی بەرگری و ڕادارەوە نەناسرێنەوە و نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن[٢١].

**کاراباخ، لیبیا و سووریا؛ هەلی دەرکەوتن**

سەرهەڵدانی شەڕی کاراباخ لەنێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان، هەلێکی گەورە بوو بۆ تورکیا تاکوو هێز و کاریگەریی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێت. هەموو زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە یەکلاکردنەوەی جەنگەکەدا[٢٢].

ئیلهام ئالیەڤ سەرۆککۆماری ئازەربایجان، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی "France ٢٤"، لە ١٥ی تەمووزی ساڵی ڕابردوو، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی "چەند فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شەڕکەری تورکیتان هەیە؟" وتی: "بەشی پێویستمان هەیە. بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانمان بگەین، دەبێت ئەو زانیارییە پارێزراو بێت کە چەند دانەمان هەیە و پێمان باش نییە ئاشکرای بکەین." لە بارەی ئەوەشی درۆنە تورکییەکان چ گۆڕانکارییەکیان بەسەر شەڕەکاندا هێناوە، ئالیەڤ وتی: "بێگومان ئەم فڕۆکانە چەکی زۆر مۆدێرن و پێشکەوتوون، بەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی لە تورکیامان کڕیوە، بایی یەک ملیار دۆلار چەکی ئەرمەنستانمان وێران کردووە." تورکیا یەکێک بوو لە لایەنە سەرەکییەکانی شەڕی لیبیا، ڕاپۆرتە هەواڵگری و ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانە شەڕکەرەکانی تورکیا ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرکەوتنەکانی حکومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا دژی خەلیفە حەفتەر بینیوە و هەر ئەم بەشدارییەی تورکیاش هێرشەکانی حەفتەری بۆ سەر ناوچەکانی لیبیا ڕاگرت. مارک گارنو وەزیری دەرەوەی کەنەدا ڕایگەیاند ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی وڵاتەکەیان لەلایەن تورکیاوە ئامادە کراوە، دەریدەخات تورکیا لە جەنگە ناوچەییەکاندا سوودی خراپی لە فڕۆکەکانیان وەرگرتووە، بۆیە هەناردەی ئەو فڕۆکەیە بۆ تورکیا ڕاگیراوە.

مارک گارنو باسی لەوەش کردبوو پێشتر پەیوەندییان بە مەولوود چاوشئۆغلۆ؛ وەزیری دەرەوەی تورکیاوە کردووە و نیگەرانیی قووڵیان نیشان داوە لە بەکارهێنانی ئەو فڕۆکە

بێفڕۆکەوانانە لەلایەن سوپای ئازەربایجانەوە لە شەڕەکانیدا لە قەیرانی قەرەباغ کە لەلایەن تورکیاوە پێیان دراوە، ئەم هەنگاوەش ناکۆکە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەیان. پێشتر بەشێک لە هەناردە سەربازییەکانی کەنەدا بۆ تورکیا لە پاییزی ساڵی ڕابردوو هەڵپەسێردرابوو، بەڵام ئێستا بەتەواوی فرۆشی ئەو جۆرە فڕۆکە بە تورکیا هەڵوەشاوەتەوە. ئارۆن شتاین بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکان لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە دەرەکییەکان کە بارەگاکەی لە فیلادلفیایە، دەڵێت ڕێککەوتنی کەنەدا و تورکیا بەو جۆرە بووە کە نابێت ئەو چەکانە بە لایەنی سێیەم بدرێن. ئەوەی کەنەدییەکانی نیگەران کرد ئەوە بوو کە هەناردەی کەلوپەلی سەربازیی تورکیا بۆ ئازەربایجان لە ساڵی ڕابردوودا شەش هێندە زیادی کرد و تەنها لە مانگی ئەیلوولدا واتە پێش شەڕی کاراباخ، تورکیا بە بڕی ٧٧ ملیۆن دۆلار چەکی بە ئازەربایجان فرۆشت[٢٣].

تورکیا لە سووریاش بەچڕی درۆنەکانی بەکار هێنا، دوای ئەوەی ٣٤ سەربازی تورکیا لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە کوژران، وای کرد تورکیا ئاراستەی درۆنەکانی بکاتە سووریا. بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکان، سەرەڕای ئەوەی ئاسمانی ناوچەکە لەلایەن ڕووسیاوە کۆنترۆڵ کرابوو، بەڵام درۆنە تورکییەکان توانیویانە کەلەبەری سیستمی بەرگریی ڕووسیاش تێبپەڕێنن و گورزی کوشندە لە هێزەکانی دیمەشق بوەشێنن. ئەوەی مایەی سەرنجە، درۆنە تورکییەکان لە شەڕی سووریا، کاراباخ و لیبیاشدا لەو شوێنانەیان داوە کە سیستمی بەرگریی ڕووسیی لێ بووە، ئەمەش وەهای کردووە ڕووسەکان بە چاوێکی دیکەوە لە هێزی ئاسمانی و توانای درۆنەکانی ئەنقەرە بڕوانن[٢٤]. لە جەنگی کاراباخیش لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، تورکیا دەستوەردانی سەربازیی کرد. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر سوپای ئەرمینیا، نزیکەی ٢٠٠ تانک، نۆ زرێپۆش و ١٨٢ یەکەی بەرگرییان تێک شکاند، ئەمەش سوپای ئەرمینیای ناچار کرد لە بەشێکی گەورەی بەرەکانی شەڕ بکشێتەوە و تا ئاستێکی زۆر جەنگەکە لە بەرژەوەندیی ئازەربایجانی هاوپەیمانی یەکلا بکاتەوە[٢٥].

**کورد لە ژێر هەڕەشەی درۆنەکانی تورکیادا**

تورکیا لە باکوور، ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بەچڕی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بەکار هێناوە. بەرپرسە سەربازییەکانی تورکیا و میدیای تورکییش ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەری درۆنەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی پەکەکەدا دەکەن، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی جووڵە و چالاکییەکانی گەریلا لە دژی هێزە ئەمنییەکان و سوپای تورکیا لە باکووری کوردستان، هەر چەند پارتی کرێکارانی کوردستان باس لەوە دەکات لە ناوخۆی تورکیادا چەند جارێک بە درۆن هێرشیان کردووەتەوە

سەر بارەگا ئەمنی و سەربازییەکان. هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) و هەرێمی کوردستان، دژی گەریلاکانی پەکەکە؛ بایراکتار تیبی ٢ و ئانکای بەکار هێناوە[٢٦]. بەپێی لێدوانی ئیسماعل دەمیر؛ ڕاوێژکاری پیشەسازیی بەرگریی تورکیا، تاکوو مانگی ئەیلوولی ٢٠١٧، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە کوشتنی سێ هەزار گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستاندا[٢٧].

تورکیا بە بیانووی لێدان لە گەریلاکانی پەکەکە، لەناو خاکی خۆیدا درۆنەکانی بەکار دەهێنێت، ئەمەش کردوویەتی بە یەکێک لەو وڵاتە دەگمەنانەی کە درۆنەکانی لەناو سنوورەکانی خۆیدا بەکار دەهێنێت و هاوڵاتییەکانی خۆی پێ دەکوژێت، بەڵام تورکیا تاکە وڵات نییە ئەم کارە دەکات و یەکەم وڵات کە بە درۆنەکانی هاوڵاتیی خۆی کوشتبێت، ئەمەریکایە. ئەمەریکا لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١١، لە یەمەن بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان سەمیر خانی کوشت کە هاوڵاتییەکی بە ڕەگەز ئەمەریکی و لەدایکبووی سعودیە بوو[٢٨]. پسپۆڕانی بواری چەکی تورکیا دەڵێن یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی تورکیا لە بواری درۆنەکان ئەوەیە کە ئەم وڵاتە لەناو خاکی خۆیدا و دژ بە پەکەکە بەکاری هێناوە و ئەمەش کردوویەتی بە یەکێک لەو وڵاتە دەگمەنانەی کە درۆنەکانی دژ بە هاوڵاتیانی خۆی بەکار هێناوە و تەنانەت ساميۆل براونسوۆرد دەڵێت تورکیا یەکەم وڵاتە کە درۆنەکانی لەناو خاکی خۆیدا بەکار هێناوە، ئەم هەنگاوەش ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی کردووەتەوە. زۆر جار لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت پەرلەمانتارە بەرهەڵستکارەکانی ناو تورکیاشەوە ڕەخنەی ئەوە گیراوە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان خەڵکی مەدەنییان کردووەتەوە ئامانج، بەتایبەت لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان[٢٩].

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا لەو ناوچانەی ڕۆژئاوای کوردستان کە ئۆپەراسیۆنی تێدا ئەنجام داون، بە شێوەیەکی چڕ و کاریگەر فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تێدا بەکار هێناوە. چەند ساڵێکە تورکیا بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی لە هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە، درۆنەکانی تورکیا لە چەند ئۆپەراسیۆنێکدا چەند بەرپرس و کەسێکی دیاری پەکەکەیان لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە ئامانج، چەند جارێکیش هاوڵاتیانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەر هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان کەوتوون، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بەوردی ئامانجەکان لە هەرێمی کوردستان دەپێکن و تەنانەت دەتوانن ئەو ئۆتۆمبێلە مەدەنییانەش بپێکن کە گەریلایان تێدایە، ئەمەش جگە لە بەهێزیی توانای هەواڵگریی تورکیا لە هەرێم؛ بۆ وردیی درۆنەکان دەگەڕێتەوە.

**سیناریۆکان**

یەکەم: ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل هۆکاری سەرەکی بوون، وایان لە تورکیا کرد ڕوو لە بەرەوپێشبردنی درۆن بکات، ئەم ناکۆکییانە بەردەوامییان هەیە و تورکیا ناتوانێت پشتیان پێ ببەستێت، ئەمەش وەها دەکات لە هەر کاتێک زیاتر سوور بێت لەسەر بەرەوپێشبردنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی و تەنانەت ڕکابەریکردنیان.

دووەم: ساڵ لەدوای ساڵ داهاتی فرۆشتنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ تورکیا زیاتر دەبێت، ئەگەر تورکیا ڕووبەڕووی سزا و گەمارۆ نەکرێتەوە، لە ساڵانی ئایندەدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەبن بە یەکێک لە دەروازە گەورەکانی داهات بۆ تورکیا.

سێیەم: ئاستی درۆنەکانی تورکیا، وردی و پێشکەوتنیان بەردەوام زیاتر دەبێت، چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ساڵێکی دیکەدا درۆنەکانی تورکیا ببنە ڕکابەری سەرەکیی درۆنە پێشکەوتووەکان، بە مەرجێک ئەم هەوڵانە بە سزا و گەمارۆ خاو نەکرێنەوە.

چوارەم: ڕۆڵی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا لە یەکلاکردنەوەی جەنگەکانی لیبیا، کاراباخ و سووریا، پێگە و هەژموونی تورکیای لە ناوچەکەدا بەهێز کردووە، ئەمەش وەها دەکات لە ساڵانی ئایندەدا لە ناکۆکی و یەکلاکردنەوەی کێشە و قەیرانەکانی ناوچەکەدا پێگەی بەهێزتر و دەستڕۆیشتووتری بکات.

پێنجەم: پشتبەخۆبەستنی تورکیا بە درۆنەکانی کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاستی پەیوەستییەکانی بە ئەمەریکا و هێزە گەورەکان و سەربەخۆیی لە بڕیارەکانیدا، ئەمەش بۆ دەستوەردان لە جەنگ و ململانێ هەرێمییەکان بۆ تورکیا گرنگ و بۆ وڵاتانی دیکە مایەی نیگەرانییە.

شەشەم: درۆنەکان پێگە و هێزی تورکیایان بەرامبەر گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان چەند هێندەی جاران زیاتر و کاریگەرتر کردووە، تورکیا لە ئێستا و ئایندەدا ئاسانتر، وردتر، بەهێزتر و خێراتر بنکەی گەریلا و بەرپرسەکانی پەکەکە دەکاتە ئامانج، ئەمەش پەکەکە ناچار بە گۆڕینی ستراتیژ، تەکتیک، شوێن، شێواز و تەنانەت ئاراستەی ململانێ و شەڕەکانی لەگەڵ تورکیا دەکات.

حەوتەم: لە ساڵانی داهاتوودا ئەگەر هەیە تورکیا کەمتر هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و زیاتر بە درۆنەکان و بەبێ ئامادەبوونی سەرباز شەڕ لە دژی پەکەکە درێژە پێ بدات، بەم جۆرە هەم ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی کەم دەکاتەوە، هەم ئامانجی زیاتر دەپێکێت و هەم کەمتر خۆی تووشی ناکۆکی دەکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق.

سەرچاوەکان:

SİHA nedir? Nasılortayaçıktı?soner- (1)
işim tarihi-9-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haberl-
er-turkiye-41275429#anchor1
SİHA'larnedentercihedili- (2)
yor? Nasılkullanılıyor?sonerişim tari-
hi-10-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haberl-
er-turkiye-41275429#anchor2
SİHA nedir? SİHA ve İHA arasındaki- (3)
farknedir?TürkSİHA'larınınözellikleri- son
erişim tarihi-8-6-2021
https://www.ensonhaber.com/
gundem/siha-nedir-siha-ve-iha-ar-
asindaki-fark-nedir-turk-sihalar-
inin-ozellikleri?fbclid=IwAR2tJiretHoKB-
3spKapqZRItwr8A5pE5l6mezRcCGbUL-
J_55hvPv21POc70
Harp tarihivegüçdengesind-) (4)
edeğişiminaktörü: TürkSİHA'ları) son
erişim tarihi-14-6-2021
https://www.aa.com.tr/tr/analiz/
harp-tarihi-ve-guc-dengesinde-degisi-
min-aktoru-turk-siha-lari/2209876?fb-
clid=IwAR21pxLG4VZq7YjkB7Dn9MkSxk-
kXZ6-3SiUUDhYF660YdlqpxJowz6MRpz4
Türkiye'ningökyüzündekibaşarıim- (5)
zası: Yerli İHA veSİHA'lar son erişim tari-
hi-7-6-2021
https://www.trthaber.com/haber/
gundem/turkiyenin-gokyuzundeki-ba-
sari-imzasi-yerli-iha-ve-sihalar-464449.
html?fbclid=IwAR3ZvdsLuprG-
Yaoz_2BtqOSN_-IcgvifeF0PhMNAEku-
zAEgaHlwwLceZ3iw
Türkiye'ninSİHA'larınınözelliklerin- (6)
edir? sonerişim tarihi-14-6-2021
http://www.bbc.com/turkce/haberl-
er-turkiye-41275429#anchor3
İHA ve SİHA üretimindeTürki- (7)
yedünyadayükselenbirgüçmü?sonerişim
tarihi-19-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haber-
ler-turkiye-54533620?fbclid=IwAR2Vlg-
9cXMIhXMBm7Y5RPJxJeiPjT9ncCxWVU-
wEctK7u32nBRXG12MZFhLc
Türkiye'ninSİHA'larınınözelliklerin- (8)
edir? sonerişimtarihi- 14-6-2021
http://www.bbc.com/turkce/haberl-
er-turkiye-41275429#anchor3
Dünyanıneniyi 10 savaşçıİ- (9)
HA'larıhangileri? sonerişimtarihi- 5-6-
2021- 17-6-2021
https://tr.euronews.com/2020/07/04/
dunyanin-en-iyi-10-savasci-ihalari-hang-
ileri-ukrayna-siha-bayraktar-akin-
ci-turk-savunma?fbclid=IwAR0wz76Pr-
b5KT6ws3mdfR9JSaFkJd9O8F9h3dsPx-
UO9ilFdINmZojh3vjaY
Droning On in the Middle East (10)
1-6-2021
https://www.americanpurpose.com/
/blog/fukuyama/droning-on
Türkiye'nin SİHA gücü ne kadar? (11)
Hangimodellerdekaçtanevar?Çatışma-
lardahangileritercihediliyor?İştecevapları.
sonerişimtarihi- 14-6-2021
https://www.indyturk.com/
node/342926/haber/t%C3%BCr-
kiyenin-si%CC%87ha-g%C3%BC-
c%C3%BC-ne-kadar-hangi-modellerde-k
a%C3%A7-tane-var-%C3%A7at%C4%B1
%C5%9Fmalarda
İHA ve SİHA üretimindeTürki- (12)
?yedünyadayükselenbirgüçmü
sonerişim tarihi-19-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haber-

ler-turkiye-54533620?fbclid=IwAR2VIg-9cXMIhXMBm7Y5RPJxJeiPjT9ncCxWVU-wEctK7u32nBRXG12MZFhLc

(13) Bloomberg: Erdoğan'ın SİHA üret-icisi, Türkiye'ninmüttefiklerinirahatsızedi-yor.

soneriişimtarihi- 14-6-2021

https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-56649615?fbclid=IwAR1nei-0k5ww1gD4CroI_nV_hK-BJ-WPh3zSDBXrrY1JjO01rEn1U5Fr7sD8

(14) Türki-ye'ningökyüzündekibaşarıimzası: Yerli İHA veSİHA'lar. sonerişimtarihi- 16-6-2021

https://www.trthaber.com/haber/gundem/turkiyenin-gokyuzundeki-basari-imzasi-yerli-iha-ve-sihalar-464449.html?fbclid=IwAR3ZvdsLuprG-Yaoz_2BtqOSN_-IcgvifeF0PhMNAEku-zAEgaHIwwLceZ3iw

(15) Polonyaile SİHA imzalarıatıldı: Türkiyetarihinde ilk. sonerişimtarihi- 12-6-2021

https://www.indyturk.com/node/364166/haber/polonya-ile-si%CC%87ha-imzalar%C4%B1-at%C4%B1ld%C4%B1-t%C3%BCrkiye-tarihinde-ilk

(16) Türkiye'nin SİHA gücü ne kadar? Hangimodellerdekaçtanevar?Çatışmalardahangileritercihediliyor?İştecevapları. sonerişimtarihi- 14-6-2021

https://www.indyturk.com/node/342926/haber/t%C3%BCrkiyenin-si%CC%87ha-g%C3%BCc%C3%BC-ne-kadar-hangi-modellerde-ka%C3%A7-tane-var-%C3%A7at%C4%B1%C5%9Fmalarda

(17) Bloomberg: Erdoğan'ın SİHA üret-icisi, Türkiye'ninmüttefiklerinirahatsızedi-yor. sonerişimtarihi- 14-6-2021

https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-56649615?fbclid=IwAR1nei-0k5ww1gD4CroI_nV_hK-BJ-WPh3zSDBXrrY1JjO01rEn1U5Fr7sD8

(18) مصدران تركيان يوضحان لـ"الحرة" حقيقة مشاركة مسيرات "بيرقدار" في حرب اليمن، ٢٠٢١/٦/١٩.

https://www.alhurra.com/turkey/2021/03/09/%D9%85%D8%B5%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7%D9%86-%D9%8A%D9%88%D8%B6%D8%AD%D8%A7%D9%86-%D9%84%D9%80%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B1%D8%A9-%D8%AD%D9%82%D9%8A%D9%82%D8%A9-%D9%85%D8%B4%D8%A7%D8%B1%D9%83%D8%A9-%D9%85%D8%B3%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%A8%D9%8A%D8%B1%D9%82%D8%AF%D8%A7%D8%B1-%D9%81%D9%8A-%D8%AD%D8%B1%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%85%D9%86%C2%A0

(19) Dünyatersinedöndü... Avru-paTürkSİHA'larıiçinsırayagirdi.sonerişim tarihi-5-6-2021

https://www.sozcu.com.tr/2021/dunya/dunya-tersine-dondu-avrupa-turk-sihalari-icin-siraya-girdi-6195879/?fbclid=IwAR2yD5cuz9hooIj_qvDoZAdk2xVSar-6wimN5oJSn9TLkMryWWtlFizvMavY

(20) حرب بلا جنود.. الأمن العالمي في خطر بسبب "الدرونز"، ٢٠٢١/٦/١٥.

https://www.skynewsarabia.com/world/1441085-%D8%AD%D8%B1%D8%A8-

wEctK7u32nBRXG12MZFhLc

Harp tarihivegüçdengesind- (24) edeğişiminaktörü: TürkSİHA’ları. sonerişim tarihi-14-6-2021
https://www.aa.com.tr/tr/analiz/harp-tarihi-ve-guc-dengesinde-degisimin-aktoru-turk-siha-lari/2209876?fbclid=IwAR21pxLG4VZq7YjkB7Dn9MkSxkkXZ6-3SiUUDhYF660YdlqpxJowz6MRpz4

Droning On in the Middle East. (25) 1-6-2021
https://www.americanpurpose.com/blog/fukuyama/droning-on

Türkiye'nin SİHA gücü ne kadar? (26) Hangimodellerdekaçtanevar?Çatışmalardahangileritercihediliyor?İştecevapları. sonerişimtarihi- 14-6-2021
https://www.indyturk.com/node/342926/haber/t%C3%BCrkiyenin-si%CC%87ha-g%C3%BCc%C3%BC-ne-kadar-hangi-modellerde-ka%C3%A7-tane-var-%C3%A7at%C4%B1%C5%9Fmalarda

Türkiye'ninSİHA'larınınözellikler-(27) inedir? sonerişim tarihi-14-6-2021
http://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-41275429#anchor3

Dünyadahangiülkelerkullanıyor? (28) sonerişim tarihi-20-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-41275429#anchor4

İHA ve SİHA üretimindeTürki- (29) yedünyadayükselenbirgüçmü? sonerişim tarihi-19-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-54533620?fbclid=IwAR2Vlg-9cXMIhXMBm7Y5RPJxJeiPjT9ncCxWVU-wEctK7u32nBRXG12MZFhLc

%D8%A8%D9%84%D8%A7-%D8%AC%D9%86%D9%88%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%94%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%8A-%D8%AE%D8%B7%D8%B1-%D8%A8%D8%B3%D8%A8%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B1%D9%88%D9%86%D8%B2?fbclid=IwAR3y6OHcWyfTkYdJspgSMXZtzUMsJB9iZVRBM4-85LEFzfNQ7E6Y696yiwY

"جهات خارجية" وبحث عن أدلة.. خطر الدرونز يتصاعد في العراق، ٢٠٢١/٦/١٣. (21)
https://www.alhurra.com/iraq/2021/06/08/%D8%AC%D9%87%D8%A7%D8%AA-%D8%AE%D8%A7%D8%B1%D8%AC%D9%8A%D8%A9-%D9%88%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%D8%A3%D8%AF%D9%84%D8%A9-%D8%AE%D8%B7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B1%D9%88%D9%86%D8%B2-%D9%8A%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%B9%D8%AF-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82

Wall Street Journal: Düşükmal- (22) iyetliTürkSİHA'larıçatışmabölgeleriniveJeopolitiğiyenidenşekillendiriyor. sonerişim tarihi-19-6-2021
https://tr.sputniknews.com/abd/202106041044655740-Wall-street-journal-dusuk-maliyetli-turk-sihalari-catisma-bolgelerini-ve-jeopolitigi-yeniden

İHA ve SİHA üretimindeTürki- (23) yedünyadayükselenbirgüçmü? sonerişim tarihi-19-6-2021
https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-54533620?fbclid=IwAR2Vlg-9cXMIhXMBm7Y5RPJxJeiPjT9ncCxWVU-

# هەژموونی میدیای ئەلیکترۆنی و مەرگی ڕۆژنامەگەریی کاغەزیی

## تەگەرەی هەنووکەیی و سیناریۆی ئایندەیی





**د. کارزان محەمەد** **مامۆستای بەشی تەکنیکی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**

## بەرایی

گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای پەیوەندی و هاتنەئارای میدیای ئەلیکترۆنی، گۆڕانکارییەکی گرنگی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دروست کرد کە هەنگاونانە بەرەو فراوانکردنی سنووری بڵاوبوونەوە و پانتایی ناوەرۆك و ئاسانکاریی پرۆسەی ناردنی پەیام و وەرگرتنەوەی فیدباکی جەماوەر. ئەم خەسڵەتە نوێیانەی میدیای ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی لە بواری ڕۆژنامەگەری وەك مۆدێلێکی نوێ، وێڕای سەرجەم لایەنە پۆزەتیڤەکانی، کۆمەڵێك گرفت و ئاریشەی بۆ پیشەی ڕۆژنامەگەری دروست کردووە. بایەخی شەنوکەوی ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆژنامەگەریدا، پەیوەندیدارە بە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مۆدیلە نوێیەدا بکەین؟ چۆنیەتیی برەودان بە لایەنە پۆزەتیڤەکان، پێویستی بە کام ڕێکاری زانستی هەیە؟ چارەسەری لێکەوتە خراپەکانیشی لەسەر پیشەکە و جەماوەریش چین؟

هەڵشکان و زیادبوونی ڕێژەی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردستانی و کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕۆژنامە و گۆڤارە چاپکراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا، لە دەرەنجامە گرنگەکانی گۆڕانی تەکنەلۆجیای بڵاوکردنەوەن، لەم ڕوانگەیەوە بۆ پاراستنی سیما و خەسڵەتە باشەکانی میدیای چاپکراو و خستنەڕووی چەند ڕێکارێك بۆ مامەڵە لەگەڵ ئێستا و ئایندەی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمی و بەپێی سەرنجدانی زانستیانە لە هەلومەرجی واقیعی ڕۆژنامەگەری شەنوکەوی بابەتەکە بکات و ڕێوشوێنی زانستی بۆ ئایندەی میدیا لە هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم: میدیای ئەلیکترۆنی، چەمك و خەسڵەتەکانی

ڕیشەی میدیای ئەلیکترۆنی وەك چەمکێکی تەکنەلۆژی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای داهێنانی تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت، لە هەنگاوێکی نوێی زانستیی هەردوو زانکۆی ستانفۆرد و زانکۆی کالیفۆڕنیا لە ساڵی (١٩٦٩) دا، لە پێناو ئەنجامدانی توێژینەوەی سەربازیی بەئەلیکترۆنی پێکەوە بەسترانەوە[1].

بایەخی ئەم داهێنانە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە تا ئەو ساتەوەختە کۆمپیوتەرە تاکەکەسییەکان (personal computers-PC) هێشتا دانەهێنرابوون، پاشان کۆمپیوتەر لەدوای

دەیەی (١٩٧٠) لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمی و فێرکارییەکانی ئەمەریکا بۆ پرۆسەی پەیوەندی خرانە کار.

لە هەوڵێکی تریشدا، ئاژانسی پرۆژەی توێژینەوە پێشکەوتووەکان (Advanced Research Project Agency) کە بە "ARPA" ناسراوە، لە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکادا ئەنجامدانی ئەم کارەی لە ئەستۆدا بوو، هەر بۆیە یەکەمین تۆڕی زانیاریی بە ناوی "ئەرپانێت" (Arpanet) ناوزەد کرا.

"ئەرپانێت" لە پێناو ئەم مەبەستەدا داهێنرا کە بتوانێ ئەو کۆمپیوتەرانەی لەلایەن سوپا، بەڵێندەران و زانکۆکانەوە بە یەکترەوە ببەستێتەوە، تا توێژینەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری بەئەنجام بگەیەنێت[٢].

بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٩٠دا ئینتەرنێت چالاکییەکانی خۆی بە شێوەی تۆڕێکی جیهانی (World Wide Web) دەست پێ کرد کە نموونەیەکە لە شارێ زانیارییەکان بۆ چوونە نێو "کۆمەڵگەی زانیاری" (Information Society).

بواری میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم و چەکێکی کاریگەری وڵاتە زلهێزەکان بۆ ئاراستەکردنی پەیامەکانیان لە پێناو کۆنترۆڵی ڕای گشتی و ململانێ لەگەڵ ڕکابەرەکانیاندا، سیمایەکی نوێی بە ڕۆژنامەگەری بەخشی کە ئەویش هاتنەئارای ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنییە. لە سەرەتادا بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ڕۆژنامەگەری دەستی پێ کرد، واتە ناردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپکراو لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە. پاش ئاوێتەبوونی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەگەرییش، مۆدێلێکی نوێ هاتە گۆڕەپانەکەوە کە میدیای ئەلیکترۆنییە. مەبەست لەم چەمکەش، بریتییە لە پەخش و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە لە شێوەی ڕۆژنامەی چاپکراودا لەسەر شاشەکان دەردەکەوێت، بەڵام دەق و وێنە و هێڵکاری و دەنگ و گرتەی ڤیدیۆیی لەخۆ گرتووە[٣].

لە هەنگاوی یەکەمدا، بە بڕوای پرۆفیسۆر د. نەعیم بەدیعی، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا سێ جۆر شێوازی ڕۆژنامەگەری بە هۆی ئینتەرنێتەوە بڵاو دەکرانەوە کە بریتی بوون لە:

١. ڕۆژنامەی چاپکراو بە شێوەی وێنەیی (Portable Document Format - PDF): لەم شێوازەدا دەقی ڕۆژنامەی چاپکراو، بە شێوەی سکان (scan) یاخود "PDF" لەسەر سایتی ئینتەرنێت دادەنرێت و دەرفەتی گەڕان (search) بۆ بابەتەکانی تێدا نییە.

٢. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان کە شیاوی بەدواداگەڕانن: ئەم ڕۆژنامانە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا جیاوازییان لەگەڵ ڕۆژنامەی چاپکراودا هەیە، بەبەردەوامی بابەتەکانی نوێ دەکرێنەوە.

٣. ئاوێتەی هەردوو شێوازی ناوبراو: هەندێ لە ڕۆژنامەکان نیوەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە چاپکراوەکەی خۆیان بە شێوەی

وێنەیی و پاشماوەی لاپەڕەکانی تری بە نووسراو یا بە شێوەیەك کە شیاوی بەدواداگەڕان بێت، دەخەنە ڕوو[٤].

گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای پەیوەندی و سوودوەرگرتنی بۆ کاری ڕۆژنامەگەری، ڕۆژبەڕۆژ بووەتە مایەی هەڵکشانی ڕێژەی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، ئەم گەشەیە پەیوەستە بە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەم مۆدێلە نوێیەوە کە هەم بۆ دامەزراوەکانی میدیا و بۆ جەماوەریش کارئاسانی و دەرفەتی زۆری بۆ ئاڵوگۆڕی پەیام لە نێوانیاندا ڕەخساندووە. لەم ڕوانگەیەوە دیارترین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بریتین لە:

- خێرایی لە گەیاندنی هەواڵی بەپەلە و بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی بۆ پشتڕاستیی هەواڵ.

- خێرایی و ئاسانی لە ئاڵوگۆڕی داتا و زانیاری لە ئینتەرنێتدا، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی کاغەزدا هەیە کە ئەگەر ڕۆژانەش بێ؛ تا ڕۆژی ئاینده دەبێ چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی بین.

- ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی دەرفەت بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆی خوێنەر دەڕەخسێنێ لە پڕۆسەی نووسیندا (بەتایبەتی لە کۆمێنت نووسیندا).

- سیمایەکی گڵۆباڵیی هەیە، وابەستە نییە بە سنووری جیۆگرافی.

- بازاڕ و بزنس دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بازاڕگەری لە ئینتەرنێتدا بکەن.

- بەئاسانی ئەرشیف دەکرێت و دەتوانرێ بەئاسانییش زانیارییەکان بخرێنەوە بەردەست.

- ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بە بەراورد لەگەڵ چاپکراو، بڕی تێچووی کەمترە.

- ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی پێویستی بە ناوەند و بارەگا نییە بۆ ڕۆژنامەنووسان، لە سەرتاسەری جیهانەوە دەتوانن لە پەیوەندیدا بن[٥].

بەپێی بۆچوونێکی تر، تایبەتمەندییەکانی بریتین لە:

- خێرایی لە خوێندنەوەدا.

- ئاسانکاری لە لابردن و زیادکردن و چاکسازی و گۆڕانکاری لە ناوەڕۆك لە هەموو ساتێکدا.

- دەرفەتی گواستنەوەی بەشێکی بژاردە لە دەقێکی ئەلیکترۆنی، بەبێ ئەوەی پێویست بە تاپیکردنەوەی بکات.

- ئاسانکاری لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و ژێدەرەکان[٦].

پێشکەوتوویی و زۆریی تایبەتمەندییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بە بەراورد لەگەڵ مۆدێلەکانی پێشووی ڕۆژنامەگەری، بەتایبەتی کە جیهان بووە گوندێك (Global village) و سنووره سروشتی و دەستکردە مرۆییەکان تێك شکێنرا، لە هەر کوێیەك هێڵی ئینتەرنێت هەبێ، ئەوا جیهانیش هێندەی ماوسی

کۆمپیوتەر بچووك دەبێتەوە و دەتوانرێ بەئاسانی پڕۆسەی ئاڵوگۆڕ دروست بکرێت. شەپۆلێکی نوێی گۆڕانکاری لە بواری پڕۆسەی پەیوەندی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت "ڕۆژنامە و بڵاوکراوە چاپکراوەکان"دا هاتە ئارا، گۆڕانکارییەکەش تەنها ئاسانکاری لە پڕۆسەی گەیاندن نەبوو، بەڵکوو ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە لەسەر بنەمای مەرگی مۆدێلی باوی ڕاگەیاندنی چاپکراو ڕۆژبەڕۆژ لە هەڵکشاندایە.

بە مانایەکی تر: میدیای ئەلیکترۆنی بە کۆمەڵێك سیفاتی نایابەوە هاتە مەیدان، گرنگترین ئەو سیفاتانەش بریتین لە: چارەسەری گرفتی تیراژ و شوێن و پانتایی (بە بەراورد لەگەڵ مۆدێلی چاپکراو)، تێکشکاندنی سانسۆر، بەزاندنی سنوورەکان، هەرزانی لە نرخدا، ئاسانی لە پەیوەندیدا کە سەرجەم ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێ داوە، پێشتر بە گەورەترین کەموکوڕیی میدیایی چاپکراو دادەنران، بەڵام میدیای ئەلیکترۆنی بەخێرایی لە ڕێگەی ئەم تایبەتمەندییانەی خۆیەوە کەموکوڕییەکانی ڕۆژنامەگەریی کاغەزی چارەسەر کرد. لە هەمان کاتدا گەشەی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای مەرگی کاغەز، کۆمەڵێك گرفتی مەترسیداری بۆ بوارەکە لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە لە تەوەرەی دووەمدا ئاماژەیان پێ دەدەین.

**تەوەرەی دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای ئەلیکترۆنی و ململانێی ڕۆژنامەگەریی کاغەز**

ئەمڕۆ میدیای ئەلیکترۆنی توانیویەتی سەرجەم لایەنەکانی (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لەخۆ بگرێت و پڕۆسەی ئاڵوگۆڕ بە خێراترین شێواز بڕەخسێنێ. وێڕای ئەم تایبەتمەندییانە، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ مۆدێلەکانی پێشوودا بە هۆی تەکنەلۆجیاوە پێشکەوتووتر بێ، ئەوا کۆمەڵێك ئاستەنگی لە بەردەمدایە کە بۆ خودی مۆدێلەکە و جەماوەریش جۆرەها گرفتی خوڵقاندووە، لە ڕەهەندێکی تریشەوە گەشەی ئەم میدیا مۆدێرنە لەسەر بنەمای ململانێ و مەرگی کاغەز؛ چەندین لێکەوتەی خراپی هەیە، لێرەدا بە شێوەیەکی پۆلێنکراو بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەر ئاماژەیان پێ دەدەین:

- **ڕەهەندە تەکنەلۆژییەکان:**

چەندین وڵات لەسەر ئاستی جیهان هێشتا بە هۆی دواکەوتوویی تەکنەلۆجیا یاخود سانسۆرەوە، هاوڵاتیان ناتوانن بەتەواوەتی دەستیان بە تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت ڕابگات.

بە مانایەکی تر: کۆمەڵێك گرفتی تەکنەلۆجی لەبەردەم میدیای ئەلیکترۆنیدان، وەك: سەختیی خوێندنەوە بە شێوەی ئۆنلاین، وابەستەبوون بە تەکنەلۆجیای مۆدێرن، بودجەی پسپۆڕی لە بوارەکە و ئامرازە نوێیەکان، کوالێتی و بودجەی پەیوەندیی ئینتەرنێتی...؛ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر میدیای ئەلیکترۆنی هەیە و ڕەنگە بڵاوبوونەوەی بۆ ماوەیەکیش ڕابوەستێ(٧).

- ڕەهەندە یاسایی و ئێتیکییەکان:

لایەنێکی گەشی میدیای ئەلیکترۆنی، تێکشکاندنی ئەو سانسۆر و سنوورانەیە کە چەندین دەوڵەتی دیکتاتۆر و تاکڕەو بەسەر میدیای کلاسیکدا سەپاندوویانە، بەتایبەتی لە بەخشینی مۆڵەتدا، ئێستاش پەنا بۆ پرۆسەی فلتەرینگی ئینتەرنێت دەبەن بۆ سانسۆری پەیام و ئاڵوگۆڕی زانیاری. لە هەمان کاتدا میدیای ئەلیکترۆنی بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی کاغەز، کەمتر پابەندی پرەنسیپە یاسایی و ئێتیکییەکانە، فاکتەرەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لۆکاڵیبوونی یاساکان و بەجیهانیبوونی ئینتەرنێت، واتا زۆر جار خاوەن سایت و پەیجە ئەلیکترۆنییەکان خاوەنەکانیان بزرە و دەمامکدارن یاخود لە دەرەوەی وڵاتن.

هەروەها خۆقوتارکردنی میدیای ئەلیکترۆنی لە مەرج و پێوەرە یاساییەکان، بەتایبەتی مەسەلەی وەرگرتنی مۆڵەت، گرفتێکی تری ئەو بوارەیە. لە ڕۆژنامەگەریی کاغەزدا، هەر وڵاتێك کۆمەڵێك ڕێوشوێن و مەرجی زانستی و ئەکادیمیی بۆ بەخشینی مۆڵەت هەیە. بە مانایەکی تر: دەوڵەتان لە ڕێگەی دامەزراندنی لیژنەی چاودێری، سانسۆری کارگێڕی دەخاتە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لەلایەن وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە ڕادەسپێردرێن کە بەپێی فەرمانێکی ئیداری کار بە بنچینە و پرەنسیپەکانی یاساکانی چاپەمەنی دەکەن[٨]. لە ڕۆژنامەگەریی کاغەزدا، لایەنی باشی ئەم ڕێوشوێنە لە سیستمی دیموکراسیدا لێپرسینەوە و بەدواداچوونە لە تاوانی بڵاوکردنەوە، بەڵام لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان چەکێکە بۆ سەرکوتی ئازادیی ڕادەربڕین. بە بڕوای پسپۆڕێکی یاساکانی میدیا، لە وڵاتە سەرکوتکەرەکاندا بە هۆی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە دروستکردن و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕای گشتی، حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، دەرکردنی ڕۆژنامەش دەبەستنەوە بە مۆڵەتوەرگرتن و سانسۆری بەر لە بڵاوکردنەوەوە[٩].

لە هەمان کاتدا لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، لایەنی باشی بریتییە لە خۆدەربازکردن لە سانسۆر، بەڵام خۆحەشاردانیشی لە سزا لە کاتی تاواندا، گرفت بۆ سەروەریی یاسا دەخوڵقێنێ.

هەندێ مەسەلەی تر هەن کە تەنها بە یاسا مامەڵەیان لەتەکدا ناکرێ، بەڵکوو دەکەونە بازنەی ئێتیکی پیشەییەوە، بۆ نموونە متمانە و ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی لە میدیای ئەلکیترۆنی لەبەردەم قەیراندایە، بەتایبەتی فشار لە پێناو گەیاندنی خێرای هەواڵەکان، دەشێ ببێتە مایەی ئەوەی دامەزراوەیەکی مەزنی هەواڵ، بەبێ لێوردبوونەوە هەواڵ بڵاو بکاتەوە[١٠].

**- ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان:**

گۆڕانکاری لە دیاردە و کولتوورە ناباوەکانی کۆمەڵگا، هەمیشە ئەرکی سەرەکیی میدیایە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بۆچوونی دەستەبژێر و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەکان، ئەم مامەڵەکردنەش زۆر هەستیارە و دەبێ بە ڕێوشوێن و میتۆدی زانستییانە ئەنجام بدرێت. ڕۆژنامەگەریی کوردی بەپێی پۆلێنی قۆناغ و سەردەمەکانی، ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە پێشخستنی کۆمەڵگای کوردی، بۆ نموونە چەندین دیاردەی ناباوی کۆمەڵایەتی کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەبوون و لە ڕۆژنامەگەریدا ڕەخنە و بابەتی لەسەر بڵاو کراوەتەوە، ئێستا بەرەو نەمان و لاوازی چوون.

هاتنەئارای میدیای ئەلیکترۆنی گرفتێکی گەورەی بۆ ڕێزگرتن لە ئادابی گشتی و نەتەوەیی هێناوەتە ئارا، ئێستا سەدان ئەکاونت و پەیج لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و یوتوبدا هەن کە زۆر جار خاوەنەکانیان دیار نین، بابەت و وێنە و ڤیدیۆ و پەیامی ئەوتۆ بڵاو دەکەنەوە کە بوونەتە مایەی دووبەرەکی و لاوازکردنی ڕەوشتە جوانەکان و زیانگەیاندن بە ئادابی گشتی، لاوازیی سیستمی یاسایی و کەمیی کوالێتیی تەکنەلۆجیا بۆ دۆزینەوەی بکەران و تاوانباران بووەتە هۆی تەشەنەسەندنیان. لە ماوەی جەنگی دژ بە تیرۆریشدا، زۆر جار بابەت و ڤیدیۆ و وێنە لە میدیای ئەلیکترۆنیدا بڵاو کراونەتەوە کە زیانیان بە ئاسایشی نەتەوەیی گەیاندووە، یاخود دنەدان و هاندانی بۆ تیرۆر و توندوتیژیی تێدا بووە.

لە ڕوانگەی ئەم ڕەهەندە گرنگانەی ئاماژەمان پێ دان، بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بە ئاقاری برەودان بە لایەنە پۆزەتیڤەکان و کەمکردنەوەی لێکەوتە نێگەتیڤەکانی، هەروەها لە پێناو پاراستنی ڕۆژنامەگەریی کاغەزیش لە مەرگ، لە تەوەرەی سێیەمدا چەند ڕێوشوێن و سیناریۆیەك بۆ ئایندە دەخەینە ڕوو.

**تەوەرەی سێیەم: ڕێکار ئایندەییەکان و سیناریۆکان**

بەگشتی لەم تەوەرەدا دوو ڕێکاری تایبەت بە هەر کام لە بوارەکانی میدیای ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامەگەریی کاغەز دەخەینە ڕوو، کە هەردووکیان تەواوکەری میدیایەکی گشتگیر و پێویستن بۆ هەر کۆمەڵگایەك.

سەبارەت بە گەشەپێدانی میدیای ئەلیکترۆنی و خۆپارێزی لە لێکەوتە نێگەتیڤەکانی، بە لەبەرچاوگرتنی شرۆڤەی دوو دەیەی میدیای ئەلیکترۆنی لە کوردستان و ئەو گرفتانەی لەسەر کۆمەڵگای کوردی خوڵقاندوویەتی، بۆ گەشەپێدانی زیاتر بە مۆدیلی میدیا مۆدێرنەکە و چارەسەر یاخود کەمکردنەوەی لێکەوتە نێگەتیڤەکانی، چەند سیناریۆیەك بۆ ئێستا و ئایندەی میدیا پێشنیاز دەکەم:

**یەکەم: هەژموونی میدیای ئەلیکترۆنی بەرەو بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی**

ئێستا میدیای ئەلیکترۆنی هەژموونی بەسەر کۆی پرۆسەی گەیاندن و ئاڵوگۆڕی زانیاریدا هەیە و تا ئەندازەیەك کۆنترۆڵیشی کردووە، ئەمەش وێڕای ئەو خەسڵەتە گرنگانەی ئاماژەمان پێ دا، چەندین لێکەوتەی نێگەتیڤیشی هەیە بۆ سەر کۆمەڵگا و بەها و مافە مرۆییەکان و دامودەزگا یاساییەکان، بۆ ئەو مەبەستەش لە سیناریۆی یەکەمدا ئەم پێشنیازانە دەخەینە ڕوو:

- **لەسەر ئاستی جەماوەر**

بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر لە متمانەکردن بەو پەیام و بابەتانەی لە میدیای ئەلیکترۆنیدا بڵاو دەکرێنەوە. ئەگەر لە فەلسەفەدا گومان یەکەمین قۆناغی بیرکردنەوە بێ بۆ گەیشتن بە ڕاستی، لە میدیاشدا ئاستی متمانە بە سەرچاوە و شێوازی گەیاندنی زانیاری و وێنە، ئەرکی سەرشانی وەرگرە تا دووچاری هەڵە نەبێت و تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی (Media Responsibility) ببێتە ستراتیژی میدیای ئەلیکترۆنی.




- **لەسەر ئاستی دامودەزگا یاساییەکان**

هەڵمەتی هۆشیاریی یاسایی سەرشانی میدیاکاران و هەڵگرانی پەیام لە میدیای ئەلیکترۆنیدا بۆ خۆپارێزی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی یاسایی داواکاری گشتییشە لە کاتی خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنیدا لێپێچینەوە بگرنە بەر تا نەبێتە مینبەرێك بۆ تەشەنەسەندنی تاوانی بڵاوکردنەوە.

- **ئەرکی کۆمپانیاکانی پەیوەندی**

کۆمەڵێك دامەزراوەی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە هێڵی ئینتەرنێت دابین دەکەن، پێویستە ستافێکی یاسایی بە هاریکاریی ئەو کۆمپانیایانە سەرجەم ئەو سایتانە فلتەر بکەن کە بابەتی وروژاندنی سێکسی و دنەدان بۆ تاوانیان لەخۆ گرتووە.

بەکورتی: یەکێك لە گرنگترین فلتەرەکان کە ڕۆڵی چاودێریی

میدیایی دەبینێ، بریتییە لە دەرگاوانەکان (Gatekeepers)، بۆ یەکەمین جار لەلایەن کورت لوین (Kurt Lewin)ەوە بەکار هێنرا. بە تێڕوانینی ناوبراو، کۆمەڵێك فلتەر هەن کە هەواڵەکانی پیادا تێدەپەڕن و ئەم فلتەرانەش دەروازەیەکی چوونەژوورەوەن و تەنها بۆ هەندێك لە هەواڵەکان دەکرێنەوە و هەندێکیشیان دوور دەخاتەوە و بە نەشیاو ناوزەدیان دەکات[١١].

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هەرسێ لایەنی ئاماژەپێدراو ببنە دەرگاوان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی میدیای ئەلیکترۆنی.

**دووەم: پارێزگاری لە مانەوەی ڕۆژنامەگەریی کاغەز و برەوپێدانی**

ڕۆژنامەگەریی کاغەز سەرەڕای دواکەوتنی لە ململانێی میدیای مۆدێرن لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و پێشکەشکردنی دەنگ و ڕەنگدا، کۆمەڵێك خەسڵەت هاندەرن بۆ پارێزگاری لە مانەوەی ئەم مۆدێلە، چەند ڕێوشوێنێ بۆ ئێستا و ئاییندە دەخەینە ڕوو:

**- لەسەر ئاستی ئەکادیمی**

برەودان بە هونەرەکانی نووسین، بەتایبەتی بایەخدان بە ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری (Investigation Report) و بەدواداچوون، واتە گەڕان بەدوای زانیاری و وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە لای جەماوەر گرنگن.

**-لەسەر ئاستی جەماوەری**

ڕۆژنامەگەریی کاغەز پتر پێویستی بە تێکەڵاوبوونە لەگەڵ جەماوەر، لە ڕێگەی ورووژاندن و بایەخدان بەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخی وەرگرن، بە مانایەکی تر: شکاندنی ئەو سانسۆر و هێڵە سوورانەی کە دامودەزگا حکومی و حیزبییەکان سەپاندوویانە.

هەنگاوانیش بەرەو میدیای جەماوەری و لیبراڵ، ڕێکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێنەر و برەودان بە فرۆش.

**-لەسەر ئاستی ئابووری**

گرفتێکی گەورەی ڕۆژنامەگەریی کاغەز، بریتییە لە کەمیی بودجە و داهات و زۆریی مەسرەف، بۆ چارەسەریش پێویستە بایەخی زیاتر بە ڕیکلام و شێوازی فرۆشتن بدرێت. لە هەمان کاتدا حکومەت لە ڕێگەی بەخشینی ڕیکلام و ئاگاداری و ئاگانامە و کەمکردنەوەی گومرگی کاغەزەوە، هاریکاریی ڕۆژنامەگەریی کاغەز بکات.

**سێیەم: برەودان بە میدیای ئاوێتە (ئەلیکترۆنی و کاغەز)**

میدیای ئەلیکترۆنی زۆر جار بە هۆی داخران و وەستانی کاری میدیایی یاخود پەلامارە ئەلیکترۆنی و ڤایرۆسییەکانەوە، سەرجەم ئەو هەواڵ و بەدواداچوون و وێنە و گرتە ڤیدیۆییانەی بڵاوی کردوونەتەوە؛ ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە، بە مانایەکی تر: ئەرشیف لەدەست دەدات. هەندێك جاریش دەستکاریی دەق و گرفتەکانی کۆپیڕایتیش لە میدیای ئەلیکترۆنی، کێشەی

یاسایی و ئێتیکی پیشەی خوڵقاندووە. لەم ڕوانگەیەوە بە مەبەستی چارەسەر، دەشێ پشت بە میدیای ئاوێتە ببەسترێت، واتە میدیا ئەلیکترۆنییەکان بۆ خزمەت بە ئەرشیفی داتا و زانیاری و هەواڵ و بابەتەکانیان، هەم بۆ ڕاستگۆیی لە پەیام و ڕەچاویی پرەنسیپەکانی یاسا و ئێتیکی پیشە، بە تیراژێکی کەمیش بێ لەبەر گرفتی بودجە، بە هەفتانە یاخود مانگانە و بە شێوەی کاغەز چاپ بکرێن. هەروەها سەرجەم بەدواداچوونە ڤیدیۆییەکانیش بە شێوەی خولەکی (هەفتانە یاخود مانگانە) لەسەر سیدی پێشکەش بە ناوەندە زانستی و ئەرشیفییەکان بکرێت.

**ئەنجام**

بونیادنانەوەی میدیای کوردی و ڕێکخستنەوەی شێوازی مامەڵە و ئاراستەکردنی پەیامەکانی، لەسەر هەردوو ئاستی میدیای ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامەگەریی کاغەز، پێویستی بە هەماهەنگی و هاریکاریی دامودەزگا حکومی و یاساییەکان و خودی دامەزراوەکانی میدیا و ڕۆژنامەنووسانیشە، لەم ڕوانگەیەوە پێشنیازی کۆنفرانسێك دەکەم بە ئامادەبوونی دەستەبژێرانی میدیا و داواکاری گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بۆ سەرلەنوێ برەودان بە ڕۆژنامەگەریی کاغەز و ڕێکخستنەوەی میدیای ئەلیکترۆنی بەپێی ڕێکارەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان.

سەرچاوەکان:

Ronald De Wolk, Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information, Boston: Allyn and Bacon, 2001, p, 6.

Barry M. Leiner, et al., "A Brief History of the Internet," Internet Society, retrieved from World Wide Web, June 6, 2003.

یاخود: دکتر کاظم معتمدنژاد، «یونسکو و مسائل حقوقي بین‌المللي ارتباطات الکتروني»، گزارش شرکت و ارائه مقاله در دومین کنگره بین‌المللي یونسکو درباره «اخلاق اطلاعات: چالشهاي اخلاقي، حقوقي و اجتماعي فضاي سیبرنتیک»، مونت‌کارلو: یکم تا سوم اکتبر 1998 (9 تا 11 مهرماه 1377)، تهران: انتشارات یونسکو، خرداد 1378.

الدکتور رضا عبدالواجد أمین: الصحافة الاکترونیة، دار الفجر للنشرو التوزیع، الطبعه الاولی، 2007م، ص93.

نەعیم بەدیعی: ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، زنجیرەی کتێبی گیرفان، ژ(100)، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2009، لا19.

د. علاء الدین ناطوریة: مدخل الي الصحافة الاکترونیة، دار زهران للنشر و التوزیع، الطبعة الاولی، 2015م، صص(34-33).

الدکتور محمود علم الدین: الصحافه الاکترونیة، الحریة للطبع و النشرو التوزیع، الطبعة الاولی، 2018م، ص51.

حمید رضا اکرمی: ردپای روزنامەنگاری الکترونیك در مطبوعات ایران، مجله رسانه، سال سیزدهم، شماره 49، 1381، ص(102-101).

ابراهیم داقوقی: قانون الاعلام، وزاره التعلیم العالی و البحث العلمی، جامعه بغداد بدون سنه طبع، ص115.

د. عبدلله اسماعیل البستاني: حریة الصحافة، القاهرة، 1951، ل43.

دکتر علیرضا دهقان: روزنامەنگاری الکترونیک: فرصت‌ها و محدودیت‌ها، مجله جهانی رسانه، شماره 2، پاییز و زمستان 1385، ص10.

ژان کازنو: جامعەشناسی وسایل ارتباط جمعی، ترجمه: باقر ساروخانی و منوچهر محسنی، تهران 1365، ص61.

# ئایندەی شەنگال لە ململانێی هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکاندا



هێمن محەمەد قادر

توێژەر



**بەرایی**

شەنگار یاخود شەنگال، ناوە کوردی و ڕەسەنەکەی ئەو ناوچەیەیە کە بە عەرەبی پێی دەوترێت "سنجار"، ناوچەیەکی ئێزدینشینی بەناوبانگ و دێرینی کوردستانە. جگە لە ئێزدییەکان، چەند پێکهاتەیەکی دیکەی وەک (عەرەب، تورکمان، مەسیحی) لە ناوچەکەدا دەژین[١]. شەنگال لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە سنووری خۆرئاوای کوردستانی باشوورەوە و هاوسنوورە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا. لە ڕووی ئیداری و کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای نەینەوایە و نزیکەی (١٢٠) کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری موسڵەوە دوورە. جگە لە سەنتەری قەزاکە، ناحیەکانی (سنوونێ، گرعزێر، بلێ) لەخۆ دەگرێت. ناوچەکانی شەنگال و شێخان دەکەونە سنووری مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، تایبەت بە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا[٢].

هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری شەنگال و جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینیی دانیشتووانەکەی، وای کردووە ئەم ناوچەیە لە مێژووی کۆن و نوێدا؛ (٧٣) جار بکەوێتە بەردەم شاڵاو و پەلاماری هێزە یەکلەدوایییەکەکانی ناوچەکەوە. لە سەردەمی میتانی و کلدانییەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی فارس و ڕۆمەکان، ئەم ناوچەیە شانۆی پێکدادانی هێزە جیاوازەکانی ناوچەکە بووە[٣]. پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامی، سەرهەڵدانی ململانێ و ڕکابەریی عوسمانی-سەفەوی، ناوچەکە کەوتووەتە بەردەم زنجیرەیەک شاڵاو و پەلاماری نوێ[٤]. کۆتا پەلامار بۆ سەر ئەم ناوچەیە؛ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤، کاتێک دانیشتووانی ناوچەکە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ڕووبەڕووی کوشتن و ڕفاندن و کۆمەڵکوژی بوونەوە.

هەوڵی پاکتاوکردنی ئێزدییەکان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و پەرەسەندنی گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە، چاوی جیهانی بۆ سەر دۆخی شەنگال و ئێزدییەکان وەرچەرخاند. پاش پرۆسەی ئازادکردنی شەنگال لە ساڵی ٢٠١٥ و تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەسەر خاکی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧، بایەخی سیاسی و ستراتیجیی ناوچەکە لە سۆنگەی بەشێک لە هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکانەوە گرنگیی زیاتری بەخۆیەوە بینی. گرنگیی جیۆسیاسی و هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری شەنگال لە سێگۆشەی سنووری (عێراق، سووریا و تورکیا)، وای کردووە ئەم ناوچەیە ببێتە چەقی ململانێی نێوان بەشێک لە هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکان. قووڵبوونەوە و بەردەوامیی ململانێی نێوان هێزە ڕکابەرەکانی ناوچەکە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و برەودان بە بەرژەوەندییەکانیان، مەترسیی بۆ سەر ئایندەی شەنگال و ئێزدییەکان دروست

کردووە. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی ئایندەی شەنگال، لە میانەی ئاماژەکردن بۆ هۆکارەکانی پەرەسەندنی ململانێی نێوان هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکان و شیکردنەوەی کاریگەریی ئەو ململانێیانە لەسەر ئایندەی ناوچەکە، لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، عێراق و سووریا بەتایبەتی بەخۆیانەوە بینیوە.

**ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیی ئێزدییەکان**

ئێزدییەکان بە یەکێک لە پێکهاتە ڕەسەن و دێرینەکانی کوردستان دادەنرێن و خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینیی خۆیانن. لە ڕووی نەژادییەوە کوردن و لە ڕووی ئایینییەوە پەیڕەوی لە ئایینی "ئێزدی" دەکەن، کە بە یەکێک لە ئایینە دێرین و ڕەسەنەکانی کوردستان و جیهان ئەژمار دەکرێت. ئێزدییەکان وەک بەشێک لە دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە، بە یەکێک لە سیما دیارەکانی پێکەوەژیانی ئایینی و فرەکولتووریی گەلی کوردستان دادەنرێن. بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی باشووری کوردستان نیشتەجێن، بەتایبەتی لە ناوچەکانی (قەزای شێخان، باشیک، بەحزانی، شەنگال، زوومار، ئەلقووش) لە سنووری پارێزگای موسڵ و ناوچەکانی (شاری سمێل، کۆمەڵگای خانکێ، ناوچەی دێرەبوون) لە سنووری پارێزگای دهۆک. هاوکات ژمارەیەکیان لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، وڵاتانی ئەرمینیا، گورجستان، ئەڵمانیا و هەندێک لە وڵاتانی دیکەی جیهان دەژین[٥].

ئایینی ئێزدی لەلایەن بەشێک لە توێژەرانەوە بە پاشماوەی ئایینی زەردەشتی دادەنرێت، هاوکات بە هۆی کارلێکردنی لەگەڵ ئایین و بیروباوەڕەکانی دیکەی ناوچەکە، گەلێک توخمی ئایینەکانی دیکەی وەک مانیزم، مەسیحی، جوولەکە و ئیسلامی لەخۆ گرتووە[٦]. ئێزدییەکان پەیڕەوی لە هەردوو کتێبی پیرۆزی "جیلوە" و "مەسحەفا ڕەش" دەکەن و کۆمەڵگای ئێزدی لە کۆمەڵێک چینی جیاوازی وەک میر، شێخ، پیر، فەقیر، قەواڵ، کوچەک و مورید؛ پێک هاتووە، هەریەک لەم چینانە تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیان هەیە. پەرەستگای سەرەکیی ئەم ئایینە دەکەوێتە "لالش" لە باکووری شێخان، کە (١٣کم) لە شاری دهۆکەوە دوورە[٧]. سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە، بەگوێرەی داتا و ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٤، تێکڕای دانیشتووانی ناوەندی قەزای شەنگال (٨٨,٣٣٨)، ناحیە و گوندەکانی سەر بەو قەزایە نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس بووە. بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی سەر بە عێراق، لە ڕووی نەتەوەییەوە: لە ٩٠٪ی دانیشتووانی ناوچەکە کوردن، لە ٩٪ی عەرەب و ١٪ی لە تورکمانن، لە ڕووی ئایینییەوە: لەو ژمارەیە ئێزدییەکان لە ٧٥٪، موسوڵمان و مەسیحییەکان ١٥٪ی دانیشتووانی ناوچەکە پێک دەهێنن[٨].

## پەلاماری ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش بۆ سەر شەنگال

پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق و هەڵوەشانەوەی حزبی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بە هۆی ناسەقامگیری و لاوازیی دەوڵەتی ناوەندیی بەغداوە، شەنگال و بەشێک لە ناوچەکانی دەوروبەری تاکوو ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبران. جێگەی باسە بە درێژایی ئەم ماوەیە، حکومەتی هەرێم نەیتوانی ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوە و خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەش بە دانیشتووانی ناوچەکە بکات. پاش تێکچوونی دۆخی نێوخۆیی عێراق و سووریا، ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش توانیی لە ماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵی بەشێکی فراوان لە خاکی ئەو دوو وڵاتە بکات[٩]. پاش گرتنی شاری موسڵ، دووەم گەورە پارێزگای عێراق لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، ئەو ڕێکخراوە بە سوودبینین لەو بۆشاییە ئەمنییەی کە لە ناوچەکەدا دروست بووبوو، لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ بە شێوەیەکی لەناکاو پەلاماری شاری شەنگالی دا. هێزەکانی پێشمەرگە کە ئەرکی پارێزگاریکردن و پاراستنی هاوڵاتیانی ناوچەکەیان لەئەستۆ بوو، بەبێ هیچ بەرەنگارییەک کشانەوە و ناوچەکەیان لەبەردەم پەلاماری دڕندانەی داعشدا بەجێ هێشت. پاش گرتنی شاری شەنگال، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بە شێوەیەکی دڕندانە دەستیان کردە کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان و کاولکردنی ناوچەکە[١٠].

سەبارەت بە قوربانییانی ئەم کارەساتە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان لە ٤ی ئاداری ٢٠١٥ لە قەزای شێخان، بۆمان دەردەکەوێت لە ئەنجامی هێرشەکانی داعش بۆ سەر شەنگال، نزیکەی ١٢٩٣ هاوڵاتیی ئێزدی شەهید بوون و نزیکەی ٣٦٠ هەزار کەس ئاوارە بوون، هاوکات هەزاران هاوڵاتیی ئێزدی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو لە چیای شەنگال ناچار بە مانەوە بوون، بە هۆی برسێتی و تینوێتی و ماندووبوونی ڕێگا، زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە پیر و منداڵ و ژن گیانیان لەدەست دا. لە درێژەی هەڵمەتەکەدا، نزیکەی ٦٤٠٤ هاوڵاتی ڕفێنران، لەو ژمارەیە زیاتر لە ٣ هەزاریان کچ و ژن و منداڵ بوون. جگە لەوە، زیاتر لە ١٤ پەرەستگا و شوێنی پیرۆزی ئایینیی تایبەت بە ئێزدییەکان خاپوور کران. گەر بەهاناوەهاتن و بەرگریکردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) نەبووایە، ئەوا قەبارەی کارەساتەکە زۆر گەورەتر دەبوو[١١].

دوای ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئازادکردنی شەنگال، بە بەشداریی هێزەکانی پێشمەرگە، شەڕڤان، گەریلا و بە هاوکاریی بۆردوومانی ئاسمانیی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ توانرا شارەکە ئازاد بکرێت. پاش ئازادکردنی شاری موسڵ و تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش لە ١٠ تەمموزی ٢٠١٧، بە هۆی پەرەسەندنی خێرای ئەو دۆخە نوێیەی کە لە عێراق و سووریا

هاتبووە ئاراوە، گرنگی و بایەخی ستراتیجیی شەنگال لە ڕوانگەی بەشێک لە هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکانەوە هەڵکشانی زیاتری بەخۆیەوە بینی، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەم ناوچەیە بووەتە چەقی پەرەسەندنی ناکۆکی و ململانێی نێوان بەشێک لە هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکان[١٢].

## شەنگال لە ململانێی هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکاندا

١. هێزە نێوخۆییەکان

دوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر پارێزگای نەینەوا لە ساڵی ٢٠١٤، هێزە عێراقییەکان لە ناوچەکانی سنووری مادەی (١٤٠) پاشەکشەیان کرد و زۆرینەی ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرا. پاش کشانەوەی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی، بەشێکی فراوانی ئەو ناوچانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبران. پاش پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی)، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ی وەک ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان دیاری کرد. لەگەڵ دیاریکردنی ڕۆژی گشتپرسیدا، دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و حکومەتی ناوەندیی عێراق دژایەتیی خۆیان بۆ پرۆسەکە ڕاگەیاند و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزیان کرد، هاوکات وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند کە پشتگیریی ئەنجامدانی گشتپرسیی باشووری کوردستان ناکەن. سەرباری سەرجەم نارەزایەتییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، هەرێمی کوردستان سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا[١٣].

دوای چوار ڕۆژ لە ئەنجامدانی گشتپرسی، هەریەکە لە وڵاتانی تورکیا و ئێران بە داخستنی دەروازە سنوورییەکانیان گەمارۆی ئابوورییان خستە سەر هەرێمی کوردستان. هاوکات هێزەکانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی، بە بڕیاری حەیدەر عەبادیی سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی عێراق، لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری ناوچەکانی مادەی (١٤٠) و لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێردا ناوچەکانی (کەرکووک، شەنگال، مەخموور، بەعشیقە، خانەقین)یان کۆنترۆڵ کردەوە و هێزەکانی پێشمەرگەیان ناچار بە کشانەوە کرد بۆ سنوورەکانی بەر لە ساڵی ٢٠٠٣[١٤]. لەم سەربەندەوە دەتوانین بڵێین پرسی یەکلاییکردنەوەی ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان هەمیشە پرسێکی گەرم بووە لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەی بەپێی دەستوور پێویست بوو سەرجەم قۆناغەکانی مادەی (١٤٠)، بەر لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ تەواو ببێت، بەڵام تا ئێستا هەنگاوی پێویست بە مەبەستی جێبەجێکردنی هیچ یەک لەو قۆناغانە نەگیراوەتە بەر، ئەمەش وای کردووە ئایندەی ئەو ناوچانە تا دێت بەرەو

گرژی و ئاڵۆزیی زیاتر هەنگاو بنێت.

پاش سڕکردنی ئەنجامەکانی گشتپرسی و دەستلەکارکێشانەوەی مەسعوود بارزانی، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد تا ڕادەیەک ئاساییبوونەوەی بەخۆیەوە بینی. سەرباری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بە هۆی ناکۆکیی نێوان لایەنە جیاوازەکانەوە دۆخی شەنگال تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی دۆخی شەنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکانی ناوچەکە بۆ زێدی خۆیان، شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی "ڕێبەر ئەحمەد" وەزیری ناوخۆ، لە ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ سەردانی بەغدادیان کرد. پاشان هەردوو حکومەت لە ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشدا، بەفەرمی ڕێککەوتننامەی شەنگالیان ڕاگەیاند. دەقی ڕێککەوتننامەکە لە ڕووی ئەمنی و ئیداری و کارگێڕییەوە جەخت لەسەر چەند خاڵێکی بنەڕەتی دەکاتەوە، بەم شێوەیە:

١. لە ڕووی ئەمن و ئاسایشەوە، پاراستنی شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵیی عێراق بەهەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان. هاوکات کار بۆ پێکهێنانی هێزێکی سەربازیی (٢٥٠٠) کەسی دەکرێت لە دانیشتووانی ناوچەکە، بە مەبەستی لەئەستۆگرتنی ئەرکی پاراستنی شەنگال. لەم سۆنگەیەوە پێویستە سەرجەم هێزەکانی دیکە بچنە دەرەوەی ناوچەکە.

٢. لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە هەماهەنگی دەکرێت لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، بە مەبەستی سەرلەنوێ بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال.

٣. پێکهێنانی ئیدارەیەکی هاوبەش لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ناوچەکە، پڕکردنەوەی پۆستەکانی ناوچەکە لەسەر بنەمای لێهاتوویی. دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی شەنگال، هەریەک لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەریکا و تورکیا پشتیوانیی خۆیان بۆ هەردوو حکومەت ڕاگەیاند و ڕێککەوتننامەکەیان بە هەنگاوێکی گرنگ ناو برد لە پێناو گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە[(١٥)].

سەرباری تێپەڕینی نزیکەی هەشت مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی شەنگالدا، تا ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی کرداری ڕێککەوتننامەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە هۆی نارەزایەتیی دانیشتووانی ناوچەی شەنگال، ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیی شەنگال و گرووپە چەکدارەکانی نێو حەشدی شەعبیی نزیک لە ئێران. جێگەی ئاماژەبۆکردنە لە ئێستادا دانیشتووانی ناوچەکە دابەش بوون بەسەر چەندین هێزی جیاوازدا، بەشێک لەوان پشتیوانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی حکومەتی هەرێم دەکەن بۆ ناوچەکە، بەشێکی دیکەیان پشتیوانی لە پەکەکە و بەشێکشیان پشتیوانی لە حەشد دەکەن. ئەم دوو هێزەش لە

بنەڕەتدا دژ بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگالن.

**دابەشبوونی ئێزدییەکان**

سەرباری سەرجەم ئەو هێزە ڕەسمی و نارەسمییانەی لە ناوچەکانی شەنگال و دەوروبەری بڵاو بوونەتەوە، ئێزدییەکان پاش پرۆسەی ئازادکردنی شەنگال چەندین هێزی چەکداریی تایبەت بە خۆیان پێک هێناوە، هەریەک لەو هێزانەش بەسەر هێزە جیاوازەکانی دیکەی وەک پێشمەرگە، پەکەکە، حەشدی شەعبی و دەوڵەتی ناوەندیدا دابەش بوون، بەم شێوەیە:

١. هێزەکانی پاراستنی ئێزیدخان: ئەم هێزە لەساڵی ٢٠١٤ بە سەرکردایەتیی "حەیدەر شەشۆ" دامەزراوە، ژمارەیان لە نزیکەی ٧ هەزار چەکدار پێک هاتووە و زیاتر لە هەزار چەکداریان ڕاستەوخۆ بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بەستراون. هێزەکانی پاراستنی ئێزیدخان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری شەنگال بڵاو بوونەتەوە.

٢. هێزی نەتەوەیی ئێزدییەکان: ئەم هێزە خاوەنی نزیکەی ٤٥٠٠ چەکدارە و لەلایەن "نایف جاسو"ی موختاری گوندی کۆجۆوە سەرکردایەتی دەکرێت. هێزی نەتەوەیی ئێزدییەکان لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و یارمەتیی ماددی و لۆجستی دەدرێن. ئەم هێزە لە ناوچەکانی باشووری شەنگال بڵاو بوونەتەوە.

٣. یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال (یەبەشە): لە کۆمەڵگای خانەسۆری شەنگال و هەندێک لە گوندەکانی باکوور و باشووری ئەم ناوچەیە بڵاو بوونەتەوە و ژمارەیان بە نزیکەی ٧ هەزار چەکداری ژن و پیاو دادەنرێت. لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پەیوەستن بە حەشدی شەعبییەوە و نزیکن لە پەکەکەوە.

٤. فەوجی لالش: لەلایەن "خاڵ علی"یەوە سەرکردایەتی دەکرێن و ژمارەیان بە نزیکەی ٣ هەزار چەکدار دادەنرێت، ئەم هێزانە بەشێکن لە کەتیبەی "ئیمامی عەلی"ی سەر بە دەستەی حەشدی شەعبی، لە ناوەندی شەنگال و هەندێک لە گوندەکانی باشووری قەزاکە بڵاو بوونەتەوە.

٥. هێزەکانی هاوپەیمانیی شەنگال: لە ژمارەیەک هێزی جیاوازی وەک یەکینەکانی ژنانی ئێزیدخان، ئاسایشی ئێزیدخان، یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەکینەکانی پاراستنی ژنان، یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال؛ لەنێو ئەم هاوپەیمانێتییەدان و سەرجەمی ئەم هێزانە لەلایەن پەکەکەوە ئاڕاستە دەکرێن[١٦]. دابەشبوونی ناوچەکە بەسەر چەند هێزی جیاواز و ڕکابەری یەکتردا، نیشاندەری ململانێی قووڵی نێوان لایەنە ڕکابەرەکانی ناوچەکەیە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دانیشتووانی ناوچەکەوە. لە ماوەکانی ڕابردوودا چەندین جار ئاڵۆزی و پێکدادان لەنێوان بەشێک لەو هێزانەدا دروست بووە کە هاوڵاتیانی ئێزدیان بەسەردا دابەش بووە.

**ا. پارتی کرێکارانی کوردستان**

جگە لە دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی

هەرێم، ژمارەیەک هێزی دیکە لە ناوچەکەدا لە ڕکابەریدان بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆیان بەسەر شەنگالدا. هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری شەنگال لەسەر سنووری ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، وای کردووە ئەم ناوچەیە لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکەوە پێگەیەکی گرنگ بێت بۆ پەکەکە و ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاوای کوردستان. لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدا بووە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە ئایینیە کوردییەکانی وەک "ئێزدییەکان و عەلەوییەکان". دوای هێرشی داعش و کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە (پدک) لە ناوچەی شەنگال، پەکەکە توانیی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و بەشێک لە هێزەکانی خۆی بەخێرایی ناردە ناوچەکە لە پێناو پاراستنی ئێزدییەکان، هاوکات لە پرۆسەی ئازادکردنی شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەریدا لە ساڵی ٢٠١٥، توانییان ڕۆڵێکی کارا بگێڕن.

بێگومان ئەمە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ پەکەکە ڕەخساند تا سۆزی دانیشتووانی ناوچەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هاوکات لە ڕێگەی دامەزراندنی چەندین هێزی چەکداری نزیک لە خۆیەوە لەنێو دانیشتووانی ناوچەکەدا، توانیویەتی هێز و پێگەی خۆی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و باکووری ڕۆژئاوای عێراق (شەنگال) فراوانتر بکات. پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و کۆنترۆڵکردنی شەنگال و ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، هێزەکانی پەکەکە لەنێو شنگالدا مانەوە و لە ئێستادا ناوچەکە لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پاراستنی شەنگالی نزیک لە پەکەکەوە بەهاوبەشی بەڕێوە دەبرێت[١٧].

**ب. پارتی دیموکراتی کوردستان**

پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک)، شەنگال وەک بەشێک لە ناوچەی ڕکێفی خۆی دەبینێت. ئەم ستراتیجەی پارتی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە تەنانەت پاش کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە (پدک) لە شەنگال لە کاتی پەلاماری داعشدا. پدک فراوانبوونی هەژموونی پەکەکە بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵات و پێگەی خۆی دەبینێت لە ناوچەکەدا. پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، پەکەکە لە ڕێگەی لایەنگران و هێزەکانی نزیک لە خۆیەوە دژایەتیی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەکە ڕاگەیاند. سەرباری زیادبوونی فشارەکانی تورکیا و پدک، پێناچێت پەکەکە هەر وا بەئاسانی دەستبەرداری ناوچەکە بێت، بێگومان ئەم دۆخەش کاریگەریی دەبێت لە زیاتر قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان هەردوولادا[١٨].

**ج. حەشدی شەعبی**

جگە لە پەکەکە و پدک، بەشێک لە گرووپە چەکدارەکانی نێو هێزەکانی حەشدی شەعبیی نزیک لە ئێران، وەک "هێزەکانی بەدر"

بە سەرکردایەتیی هادی عامری، هێزەکانی "عصائب أهل الحق" بە سەرکردایەتیی قەیس خز عەلی، ناوچەی شەنگال وەک ناوچەیەکی ستراتیجی دەبینن بۆ پەرەپێدانی نفووزیان لە ناوچەکانی باکووری خۆرئاوای عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریا و عێراق. سەرباری هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی نفووزی شیعە لە ناوچەکەدا، هاوکات ئەم هێزە نایەوێت جارێکی دیکە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە جێناکۆکەکان بەهێز بێتەوە. بۆیە پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی شەنگال، بەتوندی دژایەتیی خۆیان بۆ ڕێککەوتننامەکە ڕاگەیاند و کشاندنەوەی هێزەکانیان لەو ناوچانە ڕەت کردەوە، هاوکات ئێران ئەم هێزانە وەک کارتی فشار بەکار دەهێنێت بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە بەهێزبوونەوەی پێگەی تورکیا لە ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا.

دوای ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا، لە ٢٢-ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١-دا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز و بەرفراوانکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی وڵاتەکەی کرد دژ بە پەکەکە لە چیای شەنگال، دەستەی حەشدی شەعبی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیادا ژمارەی هێزەکانی خۆیان لە ناوچەی شەنگال زیاد کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا ڕاگەیاند لە دۆخی ئەنجامدانی لەشکرکێشیی سەربازیدا بۆ سەر ناوچەکە. هاوکات وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر هەڕەشەکانی لێپرسراوانی تورکیا، حەشدی شەعبی بە شێوەیەکی فەرمی داوای کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەو وڵاتەیان کرد لەسەر خاکی عێراق[١٩].

**٢. هێزە هەرێمییەکان**

**ا. ئێران**

سەرباری ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم-دەوڵەتی ناوەندی، پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پەکەکە و هێزەکانی حەشدی شەعبی، شەنگال لە ئێستادا بووەتە گۆڕەپانی ململانێی بەشێک لە هێزە هەرێمییەکانی وەک "تورکیا و ئێران". هەریەک لەو دوو وڵاتە لە ڕکابەرییەکی بەهێزدان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانیان لە ڕێگەی سەپاندنی هەژموون و باڵادەستیی خۆیانەوە لە عێراق. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین پرسی شەنگال لە ئێستادا عێراقی کردووەتە ناوەندی ململانێ و پێکدادانی نفووزی بەشێک لە هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا و ئێران.

ئێران لە ئێستادا بە یەکێک لە دەوڵەتە هەرێمییە بەهێزەکانی ناوچەکە دادەنرێت و خاوەنی پێگەیەکی ئێجگار بەهێزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و سووریا بە شێوەیەکی تایبەتی. ئێران لە ڕێگەی سەپاندنی هەژموونی خۆی و بەرگرتن لە فراوانبوونی نفووزی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەوە، کار بۆ گەشەپێدانی بەرژەوەندییە سیاسی، سەربازی، دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی خۆی و لاوازکردنی ڕکابەرەکانی دەکات. پاش پرۆسەی ئازادیی

عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ و تێکشکانی ئەو ڕێکخراوە لەسەر خاکی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧، ئێران تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و دۆخی جەنگ، باڵادەستیی خۆی لە ڕێگەی هێزە شیعییەکانەوە لەنێو پانتای خاکی عێراقدا بچەسپێنێت[٢٠].

پاش ئەنجامدانی گشتپرسی و هێرشی هێزە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی فراوانی خاکی ناوچە جێناکۆکەکان (شەنگال) لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە، ئێران توانیی نەک بەتەنها لە ناوچە شیعەنشینەکانی باشووری عێراقدا، بەڵکوو لە ناوچە سوننەنشینەکانی ناوەڕاست و بەشێک لە باکووری عێراقدا باڵادەستی و هەژموونی خۆی فراوان بکات[٢١]. پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی شەنگال، ئێران لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە خۆی، لەنێو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەی شەنگال بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە نیشان دا. ئێران جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە و کشانەوەی گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە خۆی لە ناوچەکانی شەنگال و دەوروبەری، وەک بەربەستێک دەبینێت لەبەردەم نزیکبوونەوەی قووڵایی ستراتیجی وڵاتەکەی لە ناوچەکانی موسڵ و حەلەب. هاوکات جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە وەک بەربەستێک دەبینێت لەبەردەم پرۆژەی "هیلالی شیعی"، گەیشتن بە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاست و حزبوڵای لوبنانی، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە دیمەشق و بەغداد[٢٢].

**ب. تورکیا**

لە سۆنگەی تورکیاوە، عێراق لە ڕووی سیاسی، ئابووری، بازرگانی و وزەوە بە یەکێک لە گرنگترین دەوڵەتانی ناوچەکە دادەنرێت. لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، تورکیا تا ڕادەیەکی باش توانیبووی پەرە بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری عێراقدا. پاش گرتنی بەشێکی فراوان لە خاکی ناوچە سوننەنشینەکان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و تێکشکانی ئەو ڕێکخراوە بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی ئێران، نفووزی تورکیا لەبەرامبەر گەشەسەندنی نفووزی ئێراندا پاشەکشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لە کاتێکدا تورکیا تا ئەمڕۆش ئەم ناوچانە بە بەشێک لە جێگەی نفووز و هەژموونی خۆی دەبینێت. تورکیا لە ڕێگەی بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا، کار بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی پێگە و نفووزی خۆی لە عێراق (پارێزگای نەینەوا) دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمپانیا تورکییەکان دەیانەوێت ڕۆڵێکی کارا بگێڕن لە پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی موسڵ و ناوچە سوننەنشینەکاندا، هاوکات تورکیا لەم ڕێگەیەوە

دەیەوێت ڕێگری لە گەشەسەندنی نفووزی ئێران و پەکەکە بکات لە ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا (موسڵ).

سەرباری هەوڵدان بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا، وەزارەتی بەرگریی تورکیا بە ئامانجی لەناوبردن و کەمکردنەوەی جموجووڵ و چالاکییەکانی پەکەکە لە نێوخۆ و دەرەوەی تورکیا، زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆنی سەربازی بە ناوەکانی چنگ (چڕنووک) ١ – ٢ - ٣، چنگی داڵ لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، چنگی پڵنگ لە ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ و چنگی برووسکە لە ٢٤ی نیسانی (٢٠٢١)ەوە بۆ سەر بنکە و پێگەکانی ئەو ڕێکخراوە دەستی پێ کردووە و تا ئێستا بەردەوامیی هەیە. لەم سۆنگەیەوە تورکیا بەهێزبوونی پێگە و چالاکییەکانی پەکەکە لە شەنگال و زیادبوونی نفووزی ئەو پارتە لەنێو دانیشتووانی ناوچەکەدا، بەشداریکردنی بەشێک لە ئەندامانی لەنێو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی و بەدەستهێنانی هاوکاریی ماددی و چەک لەلایەن دەوڵەتی عێراقییەوە لە چوارچێوەی ئەو هێزانەدا، بە هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی دادەنێت، بەتایبەتی بە هۆی هەڵکەوتە و پێگەی ستراتیجیی ناوچەکەوە لەسەر سنووری باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان[٢٣].

سەبارەت بەم دۆخە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆککۆماری تورکیا لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز، نیگەرانیی وڵاتەکەی نەشاردەوە لەبەرامبەر گەشەسەندنی هێز و فراوانبوونی پانتایی چالاکییەکانی پەکەکە لە ناوچەی شەنگال و لەم بارەیەوە وتی "شەنگال لە سۆنگەی ئێمەوە بە قەندیلی دووەم دادەنرێت، بۆیە هەرگیز ڕێگە بە دروستبوونی قەندیلی دووەم نادەین". لە ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، وەزیری بەرگریی تورکیا (هلوسی ئاکار) سەردانی بەغدای پایتەختی کرد، بە مەبەستی گفتوگۆکردن و فشارخستنەسەر دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، تا هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال و گەڕانەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ ناوچەکە[٢٤].

### شەنگال و سیناریۆ ئایندەییەکان

لە سۆنگەی ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەی پێ کرا، گرنگترین ئەو سیناریۆیانەی کە بە هۆی بەردەوامیی ڕکابەری و ململانێی نێوان هێزە نێوخۆیی و هەرێمییەکان ئەگەری ڕوودانیان هەیە، لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا کۆ دەبنەوە:

سیناریۆی یەکەم: یەکێک لە دیارترین سیناریۆکان سەبارەت بە داهاتووی ناوچەکە، خۆی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال بە شێوەیەکی کرداری لەنێوان دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی دۆخی شەنگال و بەڕێوەبەردنی ناوچەکە بە شێوەیەکی هاوبەش. جگە لە دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا پشتیوانی لەم

سیناریۆیە دەکەن. جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال لە ئێستادا بە باشترین بژاردە دادەنرێت بۆ دوورخستنەوەی ناوچەکە لە هەڵگیرسانی ئاگری جەنگێکی نوێ. لە دۆخی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا، پێویستە هێزەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان و حەشدی شەعبی لە ناوچەکە بکشێنەوە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی و ڕکابەریی نێوان هێزە جیاوازەکانی ناوچەکە.

سیناریۆی دووەم: سەرباری سەرجەم هەوڵەکانی دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال، بەڵام بە هۆی ڕێگرییەکانی ئێران، پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی حەشدی شەعبیی نزیک لە ئێران، تا ئێستا نەتوانراوە هەنگاوی کرداری بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بنرێت، چونکە هیچ کام لەم هێزانە ئامادەی دەستبەرداریی بەرژەوەندییەکانیان نین لەم ناوچەیە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین سەرباری سەرجەم ناڕەزایەتییەکانی هەریەک لە دەوڵەتی ناوەندی، حکومەتی هەرێم و تورکیا، یەکێک لە سیناریۆکانی دیکە خۆی لە بەردەوامیی دۆخی شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری دەبینێتەوە بەم شێوەیەی کە ئێستا لەئارادایە، بە هۆی باڵادەستیی حەشد و ئێران بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و پشتیوانیی بەشێک لە هاوڵاتیانی ئێزدی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان.

سیناریۆی سێیەم: لە دۆخی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال و بەردەوامیی باڵادەستیی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئێران، بەهێزبوونی پێگە و گەشەسەندنی زیاتری چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، یەکێک لە سیناریۆکانی دیکە بریتی دەبێت لە ئەگەری ئەنجامدانی لەشکرکێشیی سەربازی بۆ سەر ناوچەی شەنگال لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بە مەبەستی سنووردارکردنی چالاکی و لەناوبردنی پێگەکانی ئەو ڕێکخراوە. لە ئەگەری ڕوودانی دۆخێکی لەم چەشنەدا، ناوچەکە دەبێتە مەیدانی پێکدادانی نێوان تورکیا و ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەدا یەک ناگرێتەوە. بە مەبەستی ڕێگریکردن لە ئەگەری ڕوودانی دۆخێکی نەخوازراوی لەم چەشنە، پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ چاودێریی دۆخی شەنگال بکات.

سیناریۆی چوارەم: بریتی دەبێت لە لێکتێگەیشتنێکی ناچاریی هێزە هەرێمییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سەپێنراو بەسەر ناوچەکەدا، لەم ئەگەرەدا پێدەچێت ئێران و تورکیا لە پێناو نیگەرانی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان و بە سەرنجدان بەوەی کە هیچ لایەکیان توانای یەکلاییکردنەوەی دۆخی ناوچەکەی بە قازانجی خۆی نییە، لە بەشێك لە داوا و ئیمتیازاتی خۆیان بکشێننەوە بۆ ئەوەی دواجار هیچ کامیان دۆڕاوی پرسی شەنگال نەبن. ئەم سیناریۆیە بە ڕادەی یەکەم بە زیانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و دواتر دانیشتووانی شەنگال دەبێت.

**ئەنجام**

پاش سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادکردنی شەنگال لە ساڵی ٢٠١٥، دۆخی شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری هیچ پێشکەوتن و گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵکوو لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییانەی لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە، شەنگال بووەتە چەقی ململانێی بەشێک لە هێزە نێوخۆییەکان. هاوکات دابەشبوونی دانیشتووانی ناوچەکە بەسەر چەندین گرووپ و ئەجێندای جیاوازدا و قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ئەو لایەنانە لە ئێستادا، ئایندەی ناوچەکە و دانیشتووانەکەی خستووەتە بەردەم مەترسیی شەڕ و پێکدادان. جگە لە هێزە نێوخۆییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی، هەریەک لە ئێران و تورکیا کار بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆیان دەکەن بەسەر ناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستەش هیچ یەک لەو دوو دەوڵەتە ئامادە نین دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانیان بن چ لە ئێستا و چ لە ئایندەدا. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین سەرباری ناکۆکییە نێوخۆییەکان، ئەم هەنگاوانەی هەریەک لە ئێران و تورکیا بە یەکێک لە هۆکارەکانی ناسەقامگیریی دۆخی شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری دادەنرێت. بەردەوامیی ململانێ و ناکۆکیی نێوان لایەنە جیاوازەکان ڕێگرە لەبەردەم دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری و ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی پێویست، بە مەبەستی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی بۆ زێدی خۆیان. لە پێناو هێنانەدیی ئاشتی و دوورخستنەوەی شەنگال لە ئەگەری هەڵگیرسانی ئاگری جەنگێکی نوێ کە قوربانییەکانی بە پلەی یەکەم دانیشتووانی ئێزدینشینی ناوچەکە دەبێت، پێویستە کۆمەڵگای نێودەڵەتی لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە بکات و هانی لایەنە جیاوازەکان بدات تا لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە هەوڵی چارەسەرکردنی دۆخی شەنگال بدەن، گەرچی لە ئێستادا بە هۆی پەرەسەندنی ململانێکانەوە پێناچێت ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکە کارێکی هەر وا ئاسان بێت.

**سەرچاوەکان:**


١. هاوڕێ یاسین محەمەد، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی غەزەلنووس، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢. د. سەعدی عوسمان هەرووتی، سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣. سەربەست حسێن، ئێزدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی "ی. ن. ک"، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤. د. حەکیم ئەحمەد خۆشناو، کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسیی موسوڵمان، و. شوکر سلێمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤.

٥. د. عەبدولڕەحمان قاسملۆو، کوردستان و کورد، و: عەبدوڵا حەسەنزادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٦. د. وەدیع جوەید، جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد، و: ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧. د. عەبدوڵا غەفوور، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشووری

کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

عدنان زيان فرحان، الكرد الايزيديون فى اقلم كردستان (١٨٠٠-١٩٠٠)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، ٢٠٠٤.

٨. صوت العراق، "سنجار دولة داخل دولة والسكان العائدون يرومون معاودة النزوح"، https://www.sotaliraq.com/2020/08/04، تاريخ: ٢٠٢١/٥/٣١، ساعه: ١٢.٩.

رضا سالم داود، الآقليه الآيزيدية في العراق، مجلة مداد الاداب العراق ، ٢٠١٨-٢٠١٩.

9. Emrah Kekilli, Can Acun, "Referandum Sonrası Kerkük ve Tartışmalı Bölgelerin Durumu: Türkiye'nin Pozisyonu", SETA Perpektif Dergisi, Sayi: 181, 2017.

10. Fehim Taştekin, "Ezidiler bu kez Kürtler arası çelişkiler ve dış müdahalelerin kurbanı", https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-55139789, Erişim Tariti: 30, 5, 2021, Saat: 5:00.

١١. کوردپیدیا، "جینۆسایدی شەنگال و ئێزدییەکان"، https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150514110143121115&lng=1، کاتی بینین: ٢٠٢١\٥\٣٠، کاتژمێر: ٥.

12. Şemsettin Erdoğan, "Irak Şam İslam Devleti (IŞİD): Gücü ve Geleceği", Savunma Bilimleri Dergisi, Cilt: 14, Mayıs 2015.

١٣. ماڵپەڕی ڕۆژنیوز، "ڕیفراندۆم چیی بەسەر باشووری کوردستاندا هێنا؟"، https://rojnews.news/، کاتی بینین: ٢٠٢١\٥\٣٠، کاتژمێر: ٩.

14. EMRAH KEKİLLİ, CAN ACUN, "Referandum Sonrası Kerkük ve Tartışmalı Bölgelerin Durumu: Türkiye'nin Pozisyonu", SETA Perpektif Dergisi, SAYI: 181, EKİM 2017.

15. Ece Göksedef, " Sincar Anlaşması: Bağdat ve Erbil'in imzaladığı anlaşma neler öngörüyor ve uygulanabilir mi?" https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-54560308, Erişim Tariti: 31, 5, 2021, Saat: 10:00.

١٦. علي أغوان، "مدينة سنجار العراقية وتدافعات الموقف الجيو أمني-الإقليمي"، https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2019/04/190423121610649.html، تاريخ: ٢٠٢١/٥/٣١، ساعه: ١٢.

١٧. مركز الإمارات للسياسات، "التصعيد في سنجار بالعراق: التنافسات الداخلية والأبعاد الجيوسياسية"، https://epc.ae/ar/topic/escalation-in-sinjar-iraq-internal-competition-and-geopolitical-consequences، تاريخ: ٢٠٢١/٥/٣١، ساعه: ١٢.

18. " Şengal'siz Şengal anlaşması" https://www.ozgurpolitika.com/haberi-sengalsiz-sengal-anlasmasi-5555 , Erişim Tariti: 3, 6, 2021, Saat: 4:00.

١٩. علي أغوان، "مدينة سنجار العراقية وتدافعات الموقف الجيو أمني-الإقليمي"، https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2019/04/190423121610649.html، تاريخ: ٢٠٢١/٥/٣١، ساعه: ١٢.

20. Çağatay Balcı "Sincar operasyonu, PKK/YBŞ ve İran destekli milisler", https://www.aa.com.tr/tr/analiz/sincar-operasyonu-pkk-ybs-ve-iran-destekli-milisler/2150293 , Erişim Tariti: 7, 6, 2021, Saat: 8:00.

21. Cenk Tamer, "Türkiye ve İran'ın Irak'ta Güç Tahkim Etme Çabası: Başika Örneği", Gazi Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt: 3, Sayı: 6, 2016.

22. Kemal İnat, Mustafa Caner CANER, "Ortadoğu'daki Bölgesel Aktörlerin Musul Polotikaları", Seta Dergisi, Sayı: 177, 2016.

23. Murat Aslan, "Türkiye'nin Terörizmle Mücadelesi | Pençe Harekâtı", Seta Dergisi, Sayı: 289, 2019.

24. Rengin Arslan, "Türkiye'nin Şengal ve Karaçok operasyonları neden önemli?", https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-39718224, Erişim Tariti: 8, 6, 2021, Saat: 1:00.

ئایندەناسی

# توێژینەوەی شیکاریی وەرگێڕدراو

# هەڵسەنگاندنی دۆخی سوودوەرگرتنی وڵاتانی عەرەبی لە تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد

نووسەران: د. هیبە عەبدولمونعم
د. محەمەد ئیسماعیل

وەرگێڕان: گۆڤاری ئایندەناسی

سەرچاوە: کتێبی صندوق النقد العربی (٢٠٢١)



لە وڵاتانی عەرەبیدا لە سایەی پێویستیی فرەجۆرکردنی ئابووریی عەرەبی بۆ کەمکردنەوەی ئاستەکانی کاریگەربوونی ئابووریی عەرەبی بەو شۆکانەی لە بازاڕی جیهانیی نەوتدا ڕوو دەدەن، وەرچەرخان بەرەو ئابووریی دیجیتاڵی بووەتە پێویستییەکی حەتمیی ئابووری، ئەوەش بە ئامانجی بەهێزکردنی بەرهەمهێنان و ڕکابەری. ئیدی ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بێت بە کەرتە نەریتییەکانەوە کە بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمهێنانیان و ڕکابەری لە تەواوی دەوڵەتانی عەرەبیدا دەتوانن سوود لە گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆجیا ببینن، یاخود پەیوەست بێت بە زیاتر بایەخدان بە هاندانی کەرتە ئابوورییەکان کە لەسەر زانیاری بینا کراون. بە شێوەیەکی گشتی ئاستی کشانی ئەم ئابوورییانە و توانای بەدیهێنانی وەرچەرخانێکی جۆری و خێرایان لە ئەدای ئابووریدا، بەشدار دەبێت لە دابینکردنی هەلی کاری زیاتر بۆ چینی لاوان کە ساڵانە ژمارەیان ڕوو لە زیادبوونە و پەیوەندی بە بازاڕی کارەوە دەکەن.

ئاستی سوودبینینی ئابوورییە عەرەبییەکان لەو دەستکەوتە ئابوورییانەی کە ئەم تەکنەلۆجیایانە دەیڕەخسێنن جیاوازە، ئەوەش لەبەر ژمارەیەك فاکتەر کە گرنگترینیان بوونی ستراتیژیەتێکی نیشتمانیی ڕوون و چڕوپڕە بۆ هاندانی زیرەکیی دەستکرد، لەگەڵ ئاستی ژێرخانی تەکنەلۆجیی بەردەست و پێشکەوتنی سەرمایەی مرۆیی، هەروەها ئاستی پێشکەوتنی جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد، سەرەڕای ئاستی دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پشتیوانیکردن لەم تەکنەلۆجیایانە. لەسەرووی هەموویانەوە، ئاستی ئامادەگیی حکومەتە عەرەبییەکانە بۆ پشتیوانیکردن لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی زیرەکیی دەستکرد، لەگەڵ سوودبینین لە وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، سروشتی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی حکومەتەکانیش فاکتەرێکی دیکەیە. بونیاد لەسەر ئەو خاڵانەی باس کران، ئەم بابەتە پاڵپشت بەو هۆکارانەی باس کران، هەوڵی سەرپەرشتیکردن و بەراوردکردنی دۆخی ئابوورییە عەرەبییەکان دەدات.

## ستراتیژەکانی هاندانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی و تەکنەلۆجیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی

لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان، ژمارەیەك بەڵگە هەن کە دەیسەلمێنن ئاراستەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرەو ئەنجامدانی گۆڕانکاریی جۆری

بەرجەستەیە لە سروشتی پەیکەرەی ئابوورییاندا، ئەمەش بەرمەبنای ئەو دیدگا و پلاندانانە ستراتیژییانەیە کە لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی عەرەبیدا ڕاگەیەنراون، ئاسۆی جێبەجێکردنی هەندێکیان ساڵی (٢٠٢١) ی بۆ دانراوە، هەندێکی دیکەشیان ساڵانی (٢٠٣٠) و (٢٠٣٥)یان دیاری کردووە، ئەمەش ژمارەیەك دەوڵەتی عەرەبی دەگرێتەوە، لە نێویاندا: سعودیە، ئیمارات، عوممان، کوێت، میسڕ، مەغریب. تەنانەت هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەکوو ئیمارات، ستراتیژی جۆریی داناوە وەکوو ئامادەکارییەك بۆ شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و وەرچەرخان بەرەو ئابووریی زانیاری کە تاوەکوو ساڵی (٢٠٧١) درێژ دەبێتەوە کە بە "سەد ساڵەی ئیمارات" ناسراوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ١).

بەگوێرەی ئەو ستراتیژانە، چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی بایەخدانی ڕێژەیی بە کەرتەکانی زیرەکیی دەستکرد، بەئینتەرنێتکردنی شتومەکەکان، تەکنەلۆجیا زیندووەکان، پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، گازی شل، گەشتیاری، خزمەتگوزارییە داراییەکان، فرۆکەوانی، چاودێریی تەندروستیی ڕۆبۆتی، کەرتی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری لە پەیکەرەی ئابوورییە عەرەبییەکاندا دەکرێت. لە بەرامبەردا چاوەڕوانی پاشەکشەیەکی بایەخدانی ڕێژەیی بە کەرتەکانی پیشەسازیی دەرهێنان (نەوت، غاز، ئاسن و فۆسفات) دەکرێت، لەگەڵ وەرچەرخان بەرەو ئاراستەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی بەرهەمە نرخ بەرزەکان کە لەبری هەناردەکردنی کەرەستەی خاو، بۆ زنجیرەکانی بەرهەمهێنانی ئەم پیشەسازییانە زیاد دەکرێن.

پاڵپشت بە ژمارەیەك هۆکار، خێرایی ئەم وەرچەرخانە لەنێوان دەوڵەتەکاندا جیاوازە، لەو هۆکارانەش: ئاستی فرەجۆریی پەیکەرەی ئابووریی ئێستا، توانای سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنەران بەتایبەتی ڕاکێشانی سەرمایەی ڕاستەوخۆی بیانی، ئاستی بوونی سەرمایەی مەعریفی و ژینگەی بیابانی، پاڵپشتی لە چالاکییەکانی کەرتی تایبەت لە بوارەکانی تەکنەلۆجیادا کە هاوڕەوتی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازین.

لێرەدا ستراتیژ و دیدگای نیشتمانیی پەیوەندیدار بە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دەخەینە ڕوو:

سەیری خشتەی ژمارە (١) بکە

جێگەی ئاماژەپێدانە لەم ماوەیەی دواییدا هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی ستراتیژەکانیاندا بۆ وەرچەرخان بەرەو ئابووریی زانیاری لە

## خشتەی ژمارە (١)

## دەستپێشخەریی وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە چوارچێوەی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا لە دیدگا و ستراتیژی داهاتووی هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبیدا

| دەوڵەت | دیدگا/ستراتیژیەت | دیدگا/ئامانجەکان/دەستکەوتە خوازراوەکانی پەیوەست بە وەرچەرخانی دیجیتاڵی |
|---|---|---|
| ئوردن | Reach 2025 | **ئامانجەکان:**<br>- ئابووریی دیجیتاڵی وا دەکات تاکەکەس و کەرتەکان و کۆمپانیاکان ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز بکەنەوە و دەستەبەری گەشەسەندن و پێشکەوتنە، دەبێتە هۆی دروستکردنی سیمایەکی کاری سەرنجراکێش بۆ وەبەرهێنان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان.<br>**دەستکەوتە ویستراوەکان:**<br>- خێراکردنی زنجیرەی گەشەپێدانی کۆبەرهەمی ناوخۆیی لەنێوان ٣-٤%..<br>- زیادکردنی داهاتی کەرتەکانی پیشەسازیی دیجیتاڵی بە رێژەیەك بگاتە ٢٥-٣٠%..<br>- رەخساندنی ١٣٠-١٥٠ هەزار هەلی کار، دروستکردنی پێنج بۆ حەوت هەزار کارگەی |
| | سیاسەتی زیرەکیی دەستکرد | **ئامانجەکان:**<br>- دیاریکردنی رێڕەوی حکومەت لە بواری زیرەکیی دەستکرددا، پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی لە هەموو رووەکانەوە، ئیدی لە رووی یاساییەوە بێت یان بەرێوەبردنێکی هاوسەنگ و پلانێکی تۆکمە یان ژێرخان و دیاریکردنی ئەولەویاتەکان و هیی تر، بۆ سوودبینین لەم ئاراستە جیهانییە لە هەموو کەرتە ئابوورییەکانیدا لە نێویاندا کەرتی حکومی. |
| ئیمارات | ستراتیژی ئیمارات بۆ زیرەکیی دەستکرد (٢٠٣١) لە چوارچێوەی سەد ساڵەی ئیمارات (٢٠٧١) | **دیدگا:**<br>- ئیمارات ببێتە باشترین دەوڵەتەکانی جیهان لەگەڵ هاتنی یۆبیلی ئاڵتوونیی یەکگرتنی شانشینەکان.<br>**ئامانجەکان:**<br>- بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەد ساڵەی ئیمارات (٢٠٧١)، پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژەکانی گەشەپێدان بۆ گەیشتن بە داهاتوو.<br>- پشتبەستن بە زیرەکیی دەستکرد لە خزمەتگوزارییەکان و شیکردنەوەی داتاکان بە تێکڕای (١٠٠%) بە هاتنی ساڵی (٢٠٣١).<br>- سەرخستنی ئەدای حکومی و خێراکردنی دەستکەوتەکان و دروستکردنی ژینگەی کاری داهێنەرانە.<br>- حکومەتی ئیمارات ببێتە یەکەمینەکان لە جیهاندا لە وەبەرهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە تەواوی کەرتە زیندەگییەکانیدا. |
| بەحرەین | پلانی کاری حکومەت (٢٠١٩-٢٠٢٢) لە چوارچێوەی دیدگای بەحرەین (٢٠٣٠) | **دیدگا:**<br>- وەرچەرخان لە ئابوورییەکەوە کە لەسەر سامانی نەوتی بیناد نراوە بۆ ئابوورییەکی بەرهەمهێنان کە توانای رکابەریی هەبێت لە جیهاندا، حکومەت دروستی دەکات و کەرتی تایبەتی پێشەنگ سەرکردایەتیی دەکات، بە بوونی چینێکی فراوانی مامناوەندی بەحرەینی دەناسرێتەوە کە خاوەنی ئاستێکی گوزەرانی باشن لە میانی زیادکردنی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی کاری بەکرێ. |

| | | |
|---|---|---|
| **تونس** | تونس (٢٠٢٠) | **دیدگا:**<br>- تونس بکرێتە ناوەندێکی دیجیتاڵیی جیهانی، بەهێزکردنی ڕۆڵی کەرتەکانی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری وەکوو بەرزکەرەوەیەك بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پشتیوانیکردنی ژێرخانی دیجیتاڵی کە لەگەڵ ئابووریی هاوچەرخدا دەگونجێت.<br>**دەستکەوتە ویستراوەکان:**<br>- زیادکردنی بەهای سەربار بە نزیکەی (١٣,٥) ملیار دیناری تونسی لە ساڵی (٢٠٢٠)دا.<br>- زیادکردنی هەناردەکردن بۆ نزیکەی شەش ملیار دیناری تونسی، ڕەخساندنی (٩٥) هەزار هەلی کار لە پێنج ساڵدا.<br>- دابینکردنی پەیوەندیکردن بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە بۆ سێ هەزار خێزان. |
| **سعودیە** | دیدگای سعودیە (٢٠٣٠) | **دیدگا:**<br>- سعودیە ببێتە قووڵایی عەرەبی و ئیسلامی، هێزێکی وەبەرهێنانی پێشەنگ، سەنتەری پێکەوەبەستنی سێ کیشوەرەکە.<br>**ئامانجەکان:**<br>- گەشەپێدانی ژێرخانی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیارییەکان، بەتایبەتی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت کە خێراییەکی بەرزی هەبێت، بۆ فراوانکردنی توانای ڕوماڵکردن و توانای ناو شارەکان و دەوروبەری و باشکردنی کوالێتیی خزمەتگوزارییەکە.<br>- بەدیهێنانی ڕوماڵکردنی زیاتر لە ڕێژەی (٩٠%) لەو شارانەی ڕێژەی چڕی دانیشتووانیان بەرزە و (٦٦%) لە شارەکانی دیکەدا.<br>- گەشەپێدانی پێوەرەکانی بیناسازی بۆ کارئاسانیی فراوانکردنی تۆڕە خێرایی بەرزەکان.<br>- بەهێزکردنی بەڕێوەبردنێکی هاوسەنگ و پلانێکی تۆکمە بۆ وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی نیشتمانییەوە. |
| | پرۆژەی نیۆم | **دیدگا:**<br>- دروستکردنی شاری زیرەك کە پشت بە وزەی پاك دەبەستێت، زیادکردنی وەبەرهێنانەکان بۆ پێکەوەبەستنی کیشوەرەکان.<br>**ئامانجەکان:**<br>- وەبەرهێنان لە کەرتە وەبەرهێنییەکانی تایبەت بە "ئایندەی وزە و ئاو و گواستنەوە و تەکنەلۆجیا زیندووەکان و خۆراك و زانستی تەکنیکی و دیجیتاڵی و پیشەسازیی پێشکەوتوو، ڕاگەیاندن و بەرهەمهێنانی میدیایی و کاتبەسەربردن و گوزەرانی.<br>- گەشەپێدانی چارەسەرەکانی گواستنەوەی زیرەك کە لە ئۆتۆمبێلە خۆڕەوەکانەوە دەست پێ دەکات تا دەگات بەو فڕۆکانەی خۆیان دەفڕن، شێوازی هاوچەرخ بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراك، چاودێریی تەندروستی کە جەخت دەکاتە سەر مرۆڤ و چواردەورەکەی لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا، تۆڕی زۆر خێرای ئینتەرنێت بەخۆڕایی کە بە "هەوای دیجیتاڵی" ناو دەبرێت، خوێندنی خۆڕایی و بەردەوام لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە بەرزترین پێوەرە جیهانییەکان، خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییە تەواوکارەکانی حکومەت. |

| | | |
|---|---|---|
| **عوممان** | ده‌ستپێشخه‌ریی داهێنانی حكومی | **ئامانجه‌كان:**<br>- هاندان و پشتیوانیكردنی داهێنان و دۆزینه‌وه‌كان له‌لای لایه‌نه‌ حكومییه‌كان بۆ پێشكه‌شكردنی پێشنیاری كارا كه‌ به‌شدار ده‌بن له‌ دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌ری زیره‌ك بۆ گه‌شه‌پێدانی ئه‌دای حكومه‌ت و زیادكردنی لێهاتوویی له‌ هه‌موو بواره‌ به‌رده‌سته‌كاندا، ئه‌وه‌ش به‌ ئامانجی كه‌مكردنه‌وه‌ی كات و هه‌وڵی پێویست بۆ پێشكه‌شكردنی خزمه‌تگوزارییه‌كان له‌گه‌ڵ پاراستنی ئه‌وپه‌ڕی پێوه‌ره‌كانی كوالێتی و كارایی خزمه‌تگوزارییه‌كان.<br>- به‌كارهێنانی شێوازه‌ ناكلاسیكییه‌كان و به‌گه‌ڕخستنی ته‌كنه‌لۆجیا هاوچه‌رخه‌كان له‌ و ئینته‌رنێتی شتومه‌كه‌كان "Blockchainنموونه‌ی زیره‌كیی ده‌ستكرد و زنجیره‌ی كوتله‌ی " و ته‌كنه‌لۆجیای زانیارییه‌ كۆمپیوته‌رییه‌كان و هه‌نگاوه‌كانی دیكه‌ كه‌ به‌ وه‌رچه‌رخانێكی |
| **قه‌ته‌ر** | ستراتیژیه‌تی نیشتمانیی قه‌ته‌ر بۆ زیره‌كیی ده‌ستكرد | **بنه‌ماكان:**<br>- ستراتیژیه‌تی نیشتمانیی قه‌ته‌ر بۆ زیره‌كیی ده‌ستكرد، جه‌خت ده‌كاته‌ سه‌ر شه‌ش بنه‌ما: فێركردن، گه‌یشتن به‌ داتاكان، كرێكاری، كاروباره‌ بازرگانییه‌كان، توێژینه‌وه‌، ڕێساكان.<br>**ئامانجه‌كان:**<br>- قه‌ته‌ر بتوانێت به‌رهه‌مه‌كانی زیره‌كیی ده‌ستكرد به‌ شێوازێكی جیهانی به‌رهه‌م بهێنێت له‌و بوارانه‌دا كه‌ له‌سه‌ر ئاستی نیشتمانی بایه‌خی پێ ده‌درێت، هه‌روه‌ها ژینگه‌یه‌كی كاركردنی بۆ فه‌راهه‌م بكرێت كه‌ ده‌رفه‌ت بدات به‌ به‌كارهێنانی زیره‌كیی ده‌ستكرد وه‌كوو بزوێنه‌رێك بۆ ئافراندن.<br>- قه‌ته‌ر ببێته‌ به‌كارهێنه‌رێكی كرداریی زیره‌كیی ده‌ستكرد، له‌گه‌ڵ بوونی هاوڵاتییانێك كه‌ به‌باشی فێر كرابن، هه‌روه‌ها دانانی یاساوڕێسای ڕه‌وشتی بۆ به‌ڕێوه‌بردنی زیره‌كیی ده‌ستكرد. |
| **میسڕ** | ستراتیژیه‌تی گه‌شه‌پێدانی به‌رده‌وام، دیدگای میسڕ (٢٠٣٠) | **دیدگا:**<br>- میسڕی نوێ به‌ هاتنی (٢٠٣٠) ببێته‌ خاوه‌نی ئابوورییه‌كی ڕكابه‌ری هاوسه‌نگ و فره‌جۆر كه‌ پشت به‌ داهێنان و زانیاری ببه‌ستێت، له‌سه‌ر دادپه‌روه‌ری و هاوبه‌شی و ئاوێته‌كردنی كۆمه‌ڵایه‌تی بنیاد نرابێت، خاوه‌نی سیستمێكی ئیكۆلۆجیی هاوسه‌نگ و فره‌جۆر بێت، وه‌به‌رهێنان له‌ بلیمه‌تیی مرۆڤ و شوێندا بكات بۆ هێنانه‌دیی گه‌شه‌پێدانێكی به‌رده‌وام و به‌رزكردنه‌وه‌ی كوالێتیی ژیانی میسڕییه‌كان.<br>**ئامانجه‌كان:**<br>- پۆلێنكردنی میسڕ له‌نێو باشترین چل ده‌وڵه‌تی جیهاندا له‌ بواری داهێنان و كوالێتیی دامه‌زراوه‌كانی توێژینه‌وه‌ی زانستیدا.<br>- زیادكردنی به‌شداریی كه‌رتی په‌یوه‌ندییه‌كان و ته‌كنه‌لۆجیای زانیارییه‌كان له‌ كۆبه‌رهه‌می ناوخۆییدا بۆ سێ هێنده‌ له‌ ساڵی (٢٠٢١)دا. |
| | ستراتیژیه‌تی میسڕ له‌ بواری زیره‌كیی ده‌ستكرددا بۆ ساڵه‌كانی (٢٠١٩-٢٠٢٤) | **ئامانجه‌كان:**<br>- ئاراسته‌كردنی توێژینه‌وه‌ و پێشكه‌وتنه‌كان له‌ بواری ته‌كنه‌لۆجیا نوێ و پێگه‌یشتووه‌كاندا بۆ ئه‌و بوارانه‌ی له‌ ئابووریدا ئه‌وله‌ویه‌تیان هه‌یه‌، ئه‌وانیش: چاودێریی ته‌ندروستی، فێركردن، كشتوكاڵ، شاری زیره‌ك، وزه‌، پاره‌داركردن، ژێرخان، گواستنه‌وه‌ بۆ ته‌رخانكردنی كۆششه‌كانی به‌ره‌و جێبه‌جێكردنی زیره‌كیی ده‌ستكرد. |

| | | |
|---|---|---|
| میسر | ستراتیژیەتی گەشەپێدانی بەردەوام، دیدگای میسر (٢٠٣٠) | **دیدگا:**<br>- میسری نوێ بە هاتنی (٢٠٣٠) ببێتە خاوەنی ئابوورییەکی ڕکابەری هاوسەنگ و فرەجۆر کە پشت بە داهێنان و زانیاری ببەستێت، لەسەر دادپەروەری و هاوبەشی و ئاوێتەکردنی کۆمەڵایەتی بنیاد نرابێت، خاوەنی سیستمێکی ئیکۆلۆجیی هاوسەنگ و فرەجۆر بێت، وەبەرهێنان لە بلیمەتیی مرۆڤ و شوێندا بکات بۆ هێنانەدیی گەشەپێدانێکی بەردەوام و بەرزکردنەوەی کوالێتیی ژیانی میسرییەکان.<br>**ئامانجەکان:**<br>- پۆلێنکردنی میسر لەنێو باشترین چل دەوڵەتی جیهاندا لە بواری داهێنان و کوالێتیی دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستیدا.<br>- زیادکردنی بەشداریی کەرتی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە کۆبەرهەمی ناوخۆییدا بۆ سێ هێندە لە ساڵی (٢٠٢١)دا. |
| | ستراتیژیەتی میسر لە بواری زیرەکیی دەستکرددا بۆ ساڵەکانی (٢٠١٩-٢٠٢٤) | **ئامانجەکان:**<br>- ئاراستەکردنی توێژینەوە و پێشکەوتنەکان لە بواری تەکنەلۆجیا نوێ و پێگەیشتووەکاندا بۆ ئەو بوارانەی لە ئابووریدا ئەولەویەتیان هەیە، ئەوانیش: چاودێریی تەندروستی، فێرکردن، کشتوکاڵ، شاری زیرەك، وزە، پارەدارکردن، ژێرخان، گواستنەوە بۆ تەرخانکردنی کۆششەکانی بەرەو جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد. |
| مەغریب | ستراتیژیەتی دیجیتاڵیی مەغریب | **دیدگا:**<br>- پەلەکردن لە پرۆسەکانی وەرچەرخان بەرەو دیجیتاڵی، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەدیجیتاڵکردنی حکومەتەوە.<br>**ئامانجەکان:**<br>- کەمکردنەوەی کەلێنی دیجیتاڵی بە ڕێژەی (٥٠%).<br>- بەستنەوەی (٢٠%)ی کۆمپانیا بچووك و مامناوەندییەکان بە ئینتەرنێتەوە. |

پێشبڕکێدان، کە ئامانج لێی خۆئامادەکردنە بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ چوارچێوەی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا، ئەوەش لە ڕێگەی گەورەکردنی هەلی سوودبینینی گریمانەکراو لە تەکنەلۆجیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، لە نێویاندا زیرەکیی دەستکرد و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی بەتایبەتی لە کاتی بەگەڕخستنیدا لێی دەکەونەوە کە خۆی لە ئامادەکردنی کرێکاری نیشتمانی بۆ کارکردن لە کەرتەکانی بەرهەمهێنانی زانیاریدا دەبینێتەوە. لە یەکەمین ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی ئەم شێوازەیان پەیڕەو کردووە، ئیماراتە کە لەم بوارەدا بە پێشڕەو دادەنرێت.

هەریەکە لە ئیمارات، سعودیە، عوممان، قەتەر و میسر؛ ستراتیژیەتی پشتیوانیکردن لە زیرەکیی دەستکردیان دابین کردووە. لە بەرانبەردا ئوردن بەرەو گرتنەبەری سیاسەتێکی نیشتمانی دەچێت کە لە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد و ئەو بوارانەی کە دەبێت جەختیان لێ بکرێتەوە، دیدگا نیشتمانییەکان دیاری دەکات. هەروەها

تونس لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە بە هاوکاریی ڕێکخراوی یونسکۆ، هەوڵی گەشەپێدانی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ زیرەکیی دەستکرد دەدات، ئەوەش لە ڕێگەی پشتیوانیکردن لە توانای تونسییەکان لەم بوارەدا، بە پێکهێنانی تیمی کاری پەیوەندیدار بەم بابەتە کە تیایدا لە ڕێگەی بودجەیەکی هاوبەشی نێوان وەبەرهێنەران و وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە، پسپۆڕانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ژمارەیەك لە زانا تونسییەکان کۆ دەکاتەوە. ئامانجی ئەم ستراتیژەش، سوودبینینە لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاریدا، هەروەها دروستکردنی تاقیگەی نوێیە بۆ زیرەکیی دەستکرد.

## ستراتیژی دەوڵەتی ئیمارات بۆ شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی

حکومەتی ئیمارات لە میانی کارەکانی کۆبوونەوەی ساڵانەی حکومەتدا، لە مانگی ئەیلوولی (٢٠١٧)دا ستراتیژیەتی دەوڵەتی بۆ شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی ڕاگەیاند. ئامانج لەم ستراتیژە، بەهێزکردنی پێگەی ئیماراتە وەکوو ناوەندێکی جیهانی لە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا، بەشداریکردنە لە ئابوورییەکی نیشتمانیی کێبڕکێکاردا لەسەر بنەماکانی زانیاری و داهێنانکاری و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا ئایندەییەکان کە تەکنەلۆجیا ماددی و دیجیتاڵی و زیندووەکان پێکەوە تێکەڵاو دەکات.

ستراتیژەکە بەرجەستەکردنی دیدگاکانی حکومەتە کە دەیەوێت لە ڕێگەی تەرخانکردنی ئەو تەکنەلۆجیا و ئامرازانەوە کە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکان دابینی کردووە، ئیمارات بکاتە نموونەیەکی جیهانیی پێشەنگ لە بەرەنگاربوونەوەی پێشوەختی ئاڵنگارییەکانی داهاتوودا.

ستراتیژی ئیمارات بۆ شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، جەخت لە چوار تەوەری بنچینەیی دەکاتەوە کە ئەمانە دەگرێتەوە:

- "مرۆڤی داهاتوو"، لە ڕێگەی باشکردنی دەرهاویشتەکانی کەرتی فێرکردنەوە کە جەخت دەکاتە سەر تەکنەلۆجیا و زانستە پێشکەوتووەکان، لە نێویاندا ئەندازیاری بایۆلۆجی، نانۆتەکنەلۆجی، زیرەکیی دەستکرد.
- پەیڕەوکردنی پلان و ستراتیژەکان لە بواری پزیشکیی جینۆمیدا، هەروەها گەشتیاری پزیشکیی جینۆمی لە ڕێگەی باشکردنی ئاستەکانی چاودێریی تەندروستییەوە، گەشەپێدانی چارەسەرە پزیشکی و دەرمانە جینۆمییە کەسییەکان بەگوێرەی پێداویستیی نەخۆشەکە.
- جەختکردنە سەر چاودێریی تەندروستی

بە بەکارهێنانی مرۆڤی دەستکرد، سوودبینین لە ڕۆبۆت و نانۆتەکنەلۆجی، بۆ بەهێزکردنی توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی و نەشتەرگەری لە دوورەوە، پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکیی زیرەکی شەوانەڕۆژی لە ڕێگەی ئەو تەکنەلۆجیایانەی دەتوانرێت لەبەر بکرێن و لە جەستەی مرۆڤدا بچێنرێن.

- "ئاسایشی داهاتوو"، لە ڕێگەی دابینکردنی ئاسایشی ئاو و خۆراکییەوە لە میانی سیستمێکی تەواوکار و بەردەوامەوە بۆ ئاسایشی ئاو و خۆراك، لەسەر بنەمای بەگەڕخستنی زانستی ئەندازیاری بایۆلۆجی و تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکانی وزەی نوێبووەوە.

- بەهێزکردنی ئاسایشی ئابووری، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ئابووریی دیجیتاڵی و تەکنەلۆجیاکانی مامەڵەکردنی دیجیتاڵی.

- "پێشەنگی داهاتوو"، لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە توێژینەوەکانی گەردوون و کارکردن بۆ بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەت وەکوو ناوەندێکی جیهانی بۆ ئەو لایەنانەی خوازیاری خوێندن و توێژینەوە و پرۆژە و وەبەرهێنانن لە بواری گەردوونیدا.

- هاندانی توێژینەوە و کردەوە نیشتمانییەکان لە زانکۆکان و ناوەندەکانی تایبەت بە بوارەکانی زانستی مێشك و دەمار، بەهێزکردنی ئاستی مرۆیی و زانین بەهاوبەشی لەگەڵ لایەنە جیهانییە پسپۆڕەکاندا.

ئەم ستراتیژە (١٢٠) دەستپێشخەری بۆ گەشەپێدانی سی کەرت تا ساڵی (٢٠٧١) لەخۆ دەگرێت، ئامانجی دروستکردنی شارێکی زانستییە لەسەر هەسارەی مەریخ و دروستکردنی (٢٥٪)ی باڵەخانەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلـــۆجیای سێ ڕەهەندی بە هاتنی ساڵی (٢٠٢٥). ئەنجـــامدانی (٢٥٪)ی گەشتەکان بەو ئامرازانەی خۆیان کار دەکەن.

لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی ئیمارات جێبەجێکردنی پلانێکی لە شەش ئاستدا ڕاگەیاند، کە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا لەسەر ئاستی جیهاندا یەکەمە. جێبەجێکردنی ئەم پلانەش بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیدا بووە، بۆ بەکردەیی جێبەجێکردنی دیدگاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی بووە بۆ بزاڤێکی جیهانی کە ئیمارات ڕێبەرایەتیی دەکات. ئەو پلانەش ئەم شەش تەوەرە دەگرێتەوە:

١. حکومەتی ئیمارات لەسەر ئاستی جیهان یەکەم ئەنجوومەنی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی دادەمەزرێنێت، ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، وەزارەتی کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران و ئاییندە سەرپەرشتیی دەکات، ژمارەیەك لە دامەزراوە حکومی و ئەکادیمی و کۆمپانیا تایبەتە پەیوەندیدارەکان ئەندامن تیایدا.

٢. کارکردن لەگەڵ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئایندەی جیهانییەوە بۆ دیزاینکردنی چوارچێوەی بەڕێوەبردنێکی هاوسەنگ و پلانێکی تۆکمەی جیهانی کە بنچینە گشتییەکان و چوارچێوە یاسایی و ڕێکخراوەییەکان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی تەکنەلۆجیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و دروستکردنی بازاڕی جیهانی بۆی، بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتەکان و کۆمپانیا پەیوەندیدارەکانی کەرتی تایبەت.

٣. حکومەتی ئیمارات بەهاوبەشی لەگەڵ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، بە ئامانجی پێشکەشکردنی پشتیوانیی ڕاوێژکارانە بۆ بڕیاربەدەستان لەسەر ئاستی جیهان.

٤. دەستپێکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ لەخۆگرتنی حکومەتەکانی ناوچەکە بۆ ناو تۆڕی شارەزایانی ئەنجوومەنەکانی ئایندەی جیهانی، بە ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆڵیان لە گواستنەوەی شارەزایی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاندانی ڕەوڕەوەی گەشەپێدان لە چوارچێوەی ئەم ئابوورییانەدا. ئەم تۆڕە زیاتر لە پێنج هەزار ئەندام و شارەزا لە حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا تایبەتەکان و دامەزراوەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی لەخۆ دەگرێت. ئەم تۆڕە ژمارەیەك پلان و چالاکی و دەستپێشخەریی هەیە کە لە ئایندەدا ڕادەگەیەنرێن.

٥. دەوڵەتی ئیمارات دەبێتە یەکەم تاقیگەی کراوەی جیهانی بۆ ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی تەکنەلۆجیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی و پەلەکردن لە دروستکردنی بازاڕی جیهانی بۆی لە چوارچێوەیەکی دروستدا، ئەمەش بەرمەبنای کۆمەڵێك ڕێکاری حکومی لە چوارچێوەی پابەندبوونی حکومەت بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك دەستپێشخەری و ستراتیژ کە ڕەهەندی ئایندەییان هەیە لە بوارەکانی وەکوو: بلۆکچین، گواستنەوەی خۆڕەو، چاپخانەی سێ ڕەهەندی، زیرەکیی دەستکرد.

٦. حکومەتی ئیمارات دەبێتە یەکەم حکومەت لە جیهاندا لە چوارچێوەی بەرنامەکانی کاری نیشتمانیدا کار بکات بۆ نەخشەدانان و جێبەجێکردنی چوارچێوەی کاری ئامادەگیی حکومەت لە ئایندەدا، ئەمەش بەهاوکاری لەگەڵ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، چوارچێوەکەش جەخت دەکاتە سەر پێوانەکردنی حکومەتەکان لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا لە چوارچێوەی هەر شەش بوارە سەرەکییەکەدا، ئەوانیش: تەکنەلۆجیا و داهێنانەکان، ئابووری، کۆمەڵگا، سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگە، ئاسایش، بەڕێوەبردنێکی هاوسەنگ و پلاندانانێکی تۆکمە.

## ئامادەیی ژێرخانی تەکنەلۆجی و سەرمایەی مرۆیی

لە لایەکی دیکەوە بەگوێرەی ئاستی ژێرخانی تەکنەلۆجی و سەرمایەی مرۆیی، توانای دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد جیاوازە. بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشبینکراوی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوودا، ئەم لێکۆڵینەوەیە پاڵپشت بە کۆمەڵێك پێوەر و ڕیزبەندیی جیهانی تایبەت بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد و ڕەهەندەکانی، هەوڵی بەراوردکردنی ئاستی ئەدای دەوڵەتە عەرەبییەکان دەدات. ئەو پێوەرانەش ئامادەیی تۆڕەکان دەگرێتەوە کە لەلایەن هەریەکە لە کۆلێجی کارگێڕیی کاری نێودەوڵەتی (ئینسیاد) و کۆڕبەندیی ئابووریی جیهانی لە ساڵی (٢٠٢٠) ئامادە کراون، بایەخ بە پێوانەکردنی ئاستی ئامادەیی دەوڵەتانی جیهان بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی دەدەن، پاڵپشت بە چوار بنەمای گرنگ کە ئەمانە دەگرێتەوە: تەکنەلۆجیا، تاکەکەس، بەڕێوەبردنێکی هاوسەنگ و پلانێکی تۆکمە (حوکمە)، کاریگەری. بۆ ڕیزبەندیی دەوڵەتانی جیهانیش، پەیڕەوێکی گشتگیر و چەندین دۆزی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن کە بە توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا ئایندەییەکانی وەکوو زیرەکیی دەستکرد و ئینتەرنێتی (IoT) دەست پێ دەکات، تا دەگات بە ڕۆڵی وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

یەکێك لە بنەما لاوەکییەکانی ڕیزبەندییەکەی پێشوو، گەڕانەوەیە بۆ ئەدای دەوڵەتە عەرەبییەکان لە وەبەرهێنانی تەکنەلۆجیا دیجیتاڵییە نوێکاندا، لە نێویاندا تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد، ئەوەش بە مەبەستی گەیشتن بە ئاستی گەشەکردنی پێشبینیکراوی داهاتووی ئەو تەکنەلۆجیایانە و بەکارهێنانیان. بۆ زانینی ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی، پشت بە دوو ڕیزبەندیی دیکەش بەستراوە: یەکەمیان ڕیزبەندیی ڕێکخراوی "ویبۆ"یە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئامادەیی بۆ داهێنان و نوێگەری لە سەرمایەی مرۆییدا لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، ئەوی دیکەیان ڕیزبەندیی بانکی نێودەوڵەتییە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئاسانکاری لە دامەزراندنی کۆمپانیای نوێ و هۆکارە سەرنجڕاکێشەکانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە هەمان ساڵدا.

گەشەپێدانی زیرەکیی دەستکرد سەرباری هۆکارەکانی دیکە، بە شێوەیەکی بنچینەیی پشت بە سەرمایەی مرۆیی دەبەستێت. بۆیە بۆ بەراوردکردنی ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە بارەی سەرمایەی مرۆیی بەگوێرەی ڕیزبەندییەکەی بانکی

نێودەوڵەتی، گەڕاوینەتەوە بۆ هەڵوێستی هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبی لە بارەی توانای خوێندکارانیان لە بوارەکانی بیرکاری و زانستدا (چونکە بە بنچینەی گەشەپێدانی تەکنەلۆجیای زیرەکیی دەستکرد دادەنرێن)، بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە بەرنامەی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی خوێندکارانی ڕێکخراوی هاریکاریی ئابووری و گەشەپێدان (PISA) بەستراوە، کە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی گرتووەتەوە و داتاکانی ساڵی (٢٠١٨)ی ئەو دەوڵەتانەی کە دەرفەتی هەڵسەنگاندنی خوێندکارانیان لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕەخساندووە؛ وەکوو نموونە وەرگرتووە. بەدوایدا ڕیزبەندیی دەوڵەتانی عەرەبی دێت بەگوێرەی ئامارەکانی چوار بەهارەکە، بەپێی ڕیزبەندییان کە لە پۆلێنبەندییەکانی پێشوودا ئاماژەی پێ درا (خشتەی ژمارە ٢).

دەرەنجامەکانی شیکردنەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە دەیەکانی داهاتوودا، ئیمارات بە پێشەنگی دەوڵەتە عەرەبییەکان دادەنرێت، ئەوەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکارە کە بە هۆیەوە لە هەموو ڕیزبەندییەکاندا لە پلەکانی پێشەوەیە. بە دوایدا و بە جیاوازییەکی بەرچاو وڵاتانی دیکە دێن، هەر چەندە هەندێك لە دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی ئامادەن بۆ سوودوەرگرتن لەو تەکنەلۆجیایانە، بەتایبەتی ئوردن و بەحرەین، بەڵام بۆ باشکردنی ئاماژەکانی پەیوەست بە ئامادەگیی تۆڕەکان و داهێنانکاری بۆ زیاتر گەشەپێدانی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد؛ پێویستە لە داهاتوودا هەوڵی زیاتر بدەن. هەریەکە لە سعودیە و قەتەریش دەرفەتی سوودوەرگرتن لەو تەکنەلۆجیایانەیان هەیە. هەروەها بۆ بەدیهێنانی بازدانێکی بەرجەستە لە ژمارەیەك لەو بوارانەی کە پشتیوانی لە زیرەکیی دەستکرد دەکەن، پێویستە دەوڵەتانی دیکە لە ژمارەیەکی گەورەی بوارەکاندا هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە.

ئەوەی لەو بارەیەوە جێگەی ئاماژەپێدانە، بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنێکی بەرجەستە و کێبڕکێی جیهانی لە بواری زیرەکیی دەستکرددا، دابەزینی ئاستی سەرمایەی مرۆیی بە گرنگترینی ئەو ئاڵنگارییانە دادەنرێت کە دووچاری تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی دەبێتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەوە دابەزینی ئاستی لێهاتوویی سەرمایەی مرۆییە لە زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی ئاماژەیان پێ درا، چونکە هیچیان نەیانتوانیوە بگەنە تێکڕای نزیکەی نیوەی تۆمارکراو لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدان، بەدیاریکراوی لە بارەی ئاستی خوێندکارانیان لە بوارەکانی بیرکاری و زانستدا لە قۆناغی پێش چوونە زانکۆدا، کە بە بناغەی پێشکەوتنی ئەم زانستە دادەنرێن.

## خشتەی ژمارە (٢)

### هەندێك ڕیزبەندیی پەیوەندیدار بە ئامادەیی ژێرخانی تەکنیکیی سەرمایەی مرۆیی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا

| ڕیزبەندییەکان | ئوردن | ئیمارات | بەحرەین | تونس | جەزائیر | سعودیە | عوممان | قەتەر | کوێت | لوبنان | میسر | مەغریب | یەمەن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیزبەندیی ئامادەیی تۆڕەکان لە ١٣٢ دەوڵەتدا | [orange] | [green] | [orange] | [orange] | [red] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [red] |
| ڕیزبەندیی وەبەرهێنان لە تەکنەلۆجیا تازەگەشەکردووەکاندا (لە ١٣١ دەوڵەتدا) | [yellow] | [green] | [white] | [orange] | [orange] | [green] | [orange] | [green] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [red] |
| ڕیزبەندی لە داهێنانکاریی جیهانیدا (لە ١٣١ دەوڵەتدا) | [yellow] | [green] | [orange] | [orange] | [red] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [orange] | [red] | [orange] | [red] |
| ڕیزبەندیی ئاسان جێبەجێکردنی کارەکان (لە ١٩٠ دەوڵەتدا) | [yellow] | [green] | [green] | [orange] | [red] | [yellow] | [yellow] | [yellow] | [yellow] | [red] | [red] | [yellow] | [red] |
| بەهای سەرمایەی مرۆیی (٠،٣٦ نزمترین بەها، ٠،٨٨ بەرزترین بەهای مرۆیی) | [yellow] | [green] | [green] | [yellow] | [yellow] | [yellow] | [yellow] | [green] | [yellow] | [yellow] | [orange] | [orange] | [red] |
| کوالێتیی خوێندنی بیرکاری بەگوێرەی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی قوتابیان | [red] | [red] | .. | .. | .. | [red] | .. | [red] | .. | [red] | .. | .. | .. |
| کوالێتیی خوێندنی زانست بەگوێرەی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی قوتابیان (PISA)** | [red] | [red] | .. | .. | .. | [red] | .. | [red] | .. | [red] | .. | .. | .. |

| | |
|---|---|
| [green] | بەهاری یەکەم |
| [yellow] | بەهاری دووەم |
| [orange] | بەهاری سێیەم |
| [red] | بەهاری چوارەم |

.. زانیاری لەمبارەیەوە بەردەست نییە

* ڕیزبەندییەکە پێوانەی ئەوە دەکات تا چ ئاستێك کۆمپانیاکان وەبەرهێنانیان لە تەکنەلۆجیا نوێکاندا کردووە، لە نموونەی بەئینتەرنێتکردنی شتومەکەکان، شیکاری پێشکەوتووانە و زیرەکیی دەستکرد، واقیعی گریمانەکراوی بەهێز و ئەو ئامێرانەی ئەگەری بەکارهێنانیان هەیە، ڕۆبۆتە پێشکەوتووەکان، چاپی سێ ڕەهەندی پاڵپشت بە ئەنجامەکانی ڕووپێوییەکی تایبەت بەم مەبەستە.

** بەرنامەیەکی نێودەوڵەتییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابیان لە بواری زانست و بیرکاریدا، ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەپێدان بە شێوەیەکی وەرزی سازی دەکات، بە مەبەستی بەراوردکاری هەندێك لە دەوڵەتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکەش دەگرێتەوە. لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا هەڵسەنگاندنەکە پێنج دەوڵەت دەگرێتەوە: ئوردن، ئیمارات، سعودیە، قەتەر، لوبنان.

سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکە

**جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد**

بەم دواییانە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە چەندین بواردا بەرەو بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد ڕۆیشتوون. لە ڕووی جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکردەوە و بەراورد بە هەرێمەکانی دیکە، بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە تەواوی دەوڵەتە عەرەبییەکان لەخۆ دەگرێت؛ لە دۆخێکی باشتردان. بەگوێرەی ئەو ڕووپێوییانەی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بڵاوبوونەوەی جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد کراون، دەریدەخات لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا ئاراستەکە بەخێرایی بەرەو جێبەجێکردنە. بە نموونە؛ بەگوێرەی ڕووپێوییەکی ساڵی (٢٠١٩)ی پەیمانگای ماساچوستس بۆ تەکنەلۆجیا بۆ نزیکەی (١٠٠٤) بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە سەرانسەری جیهاندا، دەردەکەوێت (٨٠٪)ی کۆمپانیا گەورەکان لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا لە کۆتایی (٢٠١٩) دا دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد.

بەگوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە، ئەو بوارانەی لە ئێستادا بە شێوەیەکی گەورە سوود لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد وەردەگرن، بریتین لە: خزمەتگوزاریی کرێکاران، بەڕێوەبردنی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان، چالاکییەکانی پیشەسازی و بەگەڕخستن. چاوەڕوان دەکرێت بوارەکانی: بازاڕسازی، فرۆشتن، توێژینەوە و گەشەپێدان، سەرچاوە مرۆییەکان، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢)دا بە شێوەیەکی گەورە سوود لە تەکنیکەکانی زیرەکیی دەستکرد وەربگرن. هەر چەندە بەراورد بە هەرێمە جوگرافییە پێشکەوتووەکان، ئاستی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانە هێواشن، بەڵام چارەکێکی بەشداربووانی ئەم ڕووپێوییە پێشبینیی ئەوە دەکەن تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە ماوەی سێ ساڵدا ببنە پشتیوانی لە (٣٠٪)ی قەبارەی کارەکانی ئەو کۆمپانیایانە.

بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان، ژمارەیەك ئەزموونی ناوازە هەن. لە ئیمارات زۆرینەی جێبەجێکردنەکانی زیرەکیی دەستکرد لە کەرتی حکومیدان، ئەوەش لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانیدایە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی زیرەکیی دەستکرد بە ئامانجی بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆجیایانە بۆ مسۆگەرکردنی جۆرێتی و کارایی خزمەتگوزارییە حکومییەکان، بگرە پشتبەستن پێی بە ڕێژەی (١٠٠٪) لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هێڵی یەکەمدا بۆ جەماوەر، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت لە کەمکردنەوەی نزیکەی (٥٠٪)ی تێچووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان.

سەرباری پشتبەستنی تەواوەتی بە زیرەکیی دەستکرد لە بوارەکانی: خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، ڕێکارە ئاسایشییەکانی تایبەت بە دیاریکردنی ناسنامە، کاروبارە ئاساییەکان لە ساڵی (٢٠٣١)دا، ئەوەش لەگەڵ پلانی ساڵی (٢٠٧١) ئیمارات دەگونجێت، کە ئامانج لێی پاڵپشتیکردنی کەرتەکانی ئابووریی زانیاری و دروستکردنی بازاڕی نوێ و پێشەنگە لە ناوچەکەدا کە بەهایەکی ئابووریی بەرزی هەیە، چونکە دەبێتە پاڵپشت بۆ دەستپێشخەرییەکانی کەرتی تایبەت و زیادکردنی بەرهەمیان، هەروەها دەبێتە هۆی بنیادنانی بناغەیەکی بەهێز لە بواری توێژینەوە و گەشەپێداندا.

لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدگایە، وەزارەتی زیرەکیی دەستکرد و ئابووریی دیجیتاڵی و جێبەجێکردنی کار لە دوورەوە، بە ئامانجی پەلەکردن لە پرۆسەی وەرچەرخانی دیجیتاڵیدا، سەکۆی کۆد هاب (AL Codehub)ی دروست کردووە کە بیست و چوار پرۆژەی سەرچاوە کراوە لە بواری زیرەکیی دەستکرددا لەخۆ دەگرێت. لە کۆی ئەو پرۆژانە، (١٣) پرۆژەیان لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی بینراو، تەکنیکەکانی ڕامانی کۆمپیوتەری، ئەو هەستپێکراوانەی لەسەر تەکنیککاریی زیرەکیی دەستکرد ڕۆنراون، بە مەبەستی زانینی ناوەرۆکی وێنە و مەبەستە پزیشکییەکان لە نموونەی پشکنینی تۆڕی چاو بە پشتبەستن بە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد، بە ئامانجی زیادکردنی ئاستی وردبینیی دەستنیشانکردنە پزیشکییەکان، سەرباری ئەگەری بەگەڕخستنی ئەو پرۆژانە لە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا. جگە لە شەش پرۆژەی دیکە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان و فێربوونی ئامێرەکان و ڕێبازی خەواریزمی و گەشەپێدانی ئامرازەکانی دۆزینەوەی شێوازەکان و بڕیاردان، سێ پرۆژەی دیکەی داهێنانکارانە لەو بوارانەدان کە شارەزایانی زیرەکیی دەستکرد لە سەرانسەری جیهاندا گەشەیان پێ داوە. ئەو سەکۆیە دوو پرۆژەی دیکەش لەخۆ دەگرێت بۆ بەگەڕخستنی زیرەکیی دەستکرد لە بواری چارەسەرکردنی زمانی سروشتی و تێگەیشتن لە ڕێساکانی زمانە جۆراوجۆرەکان، لە نێویاندا تێگەیشتن لە پەیکەرەی ڕستەکان و داڕشتنەوەیان و دەلالەتە جۆراوجۆرەکانیان، هەروەها ئەو ئامرازانەی بەشدارن لە پرۆسەی فێربوونی ئامێریدا، سەرباری پشتگیریکردنی پرۆگرامەکانی پەیوەست بە زمانی عەرەبی.

هەر لە ئیمارات دەستەی ڕێگاوبان و گەیاندن لە ئیمارەتی دوبەی، لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ گۆڕینی (٢٥٪)ی ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی بۆ ئامرازە خۆڕەوەکان بە هاتنی ساڵی (٢٠٣٠)، دەستی کردووە

بە تاقیکردنەوەی بەگەڕخستنی ئامێرە خۆڕەوەکان. سەرباری هەموو ئەوانە، دەزگا تەناهییەکان تەکنیکەکانی زیرەکیی دەستکرد بۆ دیاریکردنی گومانلێکراون بەکار دەهێنن، بە نموونە لە ساڵی (٢٠١٨)دا ئەو تەکنەلۆجیایانە لە دەستگیرکردنی (٥٥٠) گومانلێکراو یارمەتیدەر بوون.

لە سعودیە لە چوارچێوەی "دیدگای شانشینی عەرەبیی سعودیی ٢٠٣٠"، لە ڕێگەی کۆمەڵێك پلان و دەستپێشخەری و بەرنامەوە، ئاراستەیەکی ڕوونی وەرچەرخان بەرەو ئابووریی زانیاری هەیە کە دواترینیان ڕاگەیاندنی پڕۆژەی "نیۆم"ە، کە بە زەبەلاحترین پڕۆژەی بنیادنانی شاری زیرەك لە جیهاندا دادەنرێت کە پشت بە وزەی پاك دەبەستێت.

ئەو پڕۆژەیە چاوەڕوان دەکرێت بڕی تێچوونەکەی بگاتە (٥٠٠) ملیار دۆلار، نۆ کەرتی وەبەرهێنانی تایبەتمەند لە بوارەکانی: ئایندەی وزە، ئاو، گواستنەوە، تەکنەلۆجیای زیرەك، خۆراك، زانستی تەکنەلۆجیا و دیجیتاڵی، پیشەسازیی پێشکەوتوو، میدیا و وەبەرهێنانی میدیایی، کاتبەسەربردن و خۆشبژێوی دەگرێتەوە. هەر لە چوارچێوەی پڕۆژەکەدا، کار دەکرێت بۆ فراوانکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی زیرەك کە لە ئۆتۆمبێلی خۆڕەوەوە دەست پێ دەکات هەتا فڕۆکەی خۆڕەو، جگە لە شێوازی هاوچەرخی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراك، چاودێریی تەندروستی کە جەخت دەکاتە سەر مرۆڤ و چواردەورەکەی لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا، تۆڕی خۆڕایی و زۆر خێرای ئینتەرنێت کە بە "هەوای دیجیتاڵی" ناو دەبرێت، خوێندنی خۆڕایی بەردەوام لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بە بەرزترین پێوەری جیهانی، خزمەتگوزاریی دیجیتاڵیی هەمەگیریی حکومەت.

لە عوممان، کۆمپانیای گەشەپێدانی نەوتی عوممان لە بوارەکانی: کارکردن لەسەر تەواوکردنی پڕۆسە ڕۆبۆتییەکان، هەوڵدان لە بارەی لەکارکەوتنی ئامێرەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد، چاودێریکردنی کەلوپەلە دوورەکان و هێڵی بۆرییەکان بە شێوەیەکی ئالی و لە دوورەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد و ئەو فڕۆکانەی خۆیان دەفڕن، تەکنەلۆجیای تازەگەشەکردوو؛ بەرنامەکانی "نەوە خێراکان" بەکار دەهێنێت.

لەلایەن خۆیەوە زانکۆی سوڵتان قابوس بە شێوەیەکی گەورە لە بواری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرددا چالاك بووە، سەنتەری توێژینەوەی پەیوەندییەکان و زانیارییەکان چەندین پڕۆژەی پەیوەندیداری بە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی جێبەجێ کردووە، لە نێویاندا: پڕۆژەی زیرەك،

سیستمی دیاریکردن و دابینکردنی چاودێریی تەندروستی لە دوورەوە، سیستمی کەشتیوانی بە بەکارهێنانی ڕۆبۆتی ئاراستەکراو بە تەکنەلۆجیای فێرکراوی قووڵ، بەڕێوەبردنی ئاو لە ناوچە ئاوەدانەکاندا، تەکنەلۆجیای زیرەکیی دەستکرد لە تۆڕە زیرەکەکانی دەماردا کە بۆ دەستنیشانکردنی پزیشکی بەکار دەهێنرێت.

لە سەروبەندی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، بە ئامانجی بەرگرتن لە کاریگەرییەکانی پەتاکە، توێژەران لە نەخۆشخانەی زانکۆی سوڵتان قابوس بە هەماهەنگیی سەنتەری توێژینەوە پزیشکییەکان و کۆمپانیای وزەی عوممان، بۆ چاودێریکردن و پشکنینی نەخۆشانی ڤایرۆسی کۆڤید نۆزدە، دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد (بوارە پارێزراوەکان).

لە میسر، لە چوارچێوەی ستراتیژی زیرەکیی دەستکرددا، وەزارەتی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاریی سەنتەری داهێنانکاری بۆ جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد دامەزارند، بە ئامانجی بایەخدان بەو بوارانەی جێگەی گرنگیپێدانی ستراتیژەکەن، کە لە قۆناغی یەکەمدا خۆی لە کەرتی چاودێریی تەندروستی و دۆزینەوەی دەستبەجێی نەخۆشییەکان، کشتوکاڵ، ئاو، چارەسەری زمانی عەرەبی، وەرگێڕانی ئالی؛ دەبینێتەوە.

سەرباری خێرایی ئاستی جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرد لە ژمارەیەك لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمپانیاکان و پرۆسەکانی بەرهەمهێنان، کۆمەڵێك ئاڵنگاری هەن کە لەمپەرن لەبەردەم زیاتر فراوانکردنی جێبەجێکردنی ئەو تەکنەلۆجیایانەدا، لەسەرووی هەموو ئاڵنگارییەکانەوە ئاستی لێهاتوویی سەرمایەی مرۆیی و کەمیی کادری پسپۆڕە لەم بوارەدا، جگە لە ئاستی فەراهەمکردن و جۆرێتیی زانیارییەکان، ئاڵنگارییەکانی دیکەش پەیوەندییان بە ژینگەی ڕێکخراوەیی و بەرزبوونەوەی ئاستی تێچوونی جێبەجێکردنی ئەو تەکنەلۆجیایانەوە هەیە.

## سەرمایەی مرۆیی و کۆکردنەوەی شارەزاکان

بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکێك لە دیارترین ئاڵنگارییەکان کە دووچاری گەشەسەندنی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دەبێتەوە، بەم دواییانە دامودەزگا فێرکارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەستیان کردووە بە کردنەوەی ئەو کۆلێجانەی لە بواری زیرەکیی دەستکرددا تایبەتمەندن.

لە ئوردن، ژمارەیەکی گەورەی زانکۆکان لەم ماوەیەی دواییدا دەستیان کردووە بە خوێندنی ئەو بەرنامانەی پەیوەندییان

بە زیرەکیی دەستکردەوە هەیە، بە نموونە هەریەکە لە زانکۆکانی بەلقا، یەرمووك، زەیتوونە؛ جەخت دەکەنە سەر بنیادنانی توانای خوێندکاران بۆ فێربوونی پێداویستییەکانی ئەو پیشانەی لە داهاتوودا لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا دێنە کایەوە. بە ئامانجی ئەوەی دەرچووانی زانکۆ لە بازاڕی کاردا کاریان دەست بکەوێ، لەو زانکۆیانەدا بەرنامەکانی پرۆگرامسازی، دیزاینکردنی بەرنامە زیرەکەکان، گەشەپێدانی ڕۆبۆتەکان، ئەندازەی پشکنینی داتاکان و گێڕانەوەی زانیارییەکان، بەڕێوەبردنی سیستمە زیرەکەکان و پێگە ئەلیکترۆنییەکان؛ دەخوێنرێن.

لەلایەن خۆیەوە ئیمارات مکوڕە لەسەر گەشەپێدانی تواناکان لەسەر ئاستی زیرەکیی دەستکرد لە ژمارەیەکی زۆری بوارەکاندا، بە جۆرێك تەنها لە قۆناغی زانکۆدا کۆ نابێتەوە، بەڵکوو کۆلێجی باڵای تەکنیکیی "ئەکادیمیای زیرەکیی دەستکرد" کە بە یەکەمینی لەو جۆرە لە وڵاتدا دادەنرێت، بەهاوبەشی لەگەڵ "بەرنامەی نیشتمانی بۆ زیرەکیی دەستکرد"، لە ڕێگای بەرنامەیەکی فێرکاری و ڕاهێنانەوە دەستی کردووە بە ڕاهێنانی فەرمانبەرانی حکومەت لە بواری زیرەکیی دەستکرددا، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ستراتیژی نیشتمانیی زیرەکیی دەستکرد (٢٠٣١).

هەر چی لە ڕووی خوێندنی زانکۆیی و ڕەهەندی زانکۆییە، لە ئیمارات یەکەم زانکۆ بۆ خوێندنی باڵای زیرەکیی دەستکرد دامەزرێنراوە کە خۆی لە زانکۆی محەمەد بن زاید بۆ زیرەکیی دەستکرد لە ئەبوزەبی دەبینێتەوە. ئەو زانکۆیە وەکوو دامەزراوەیەکی فێرکاریی خوێندنی باڵا، جەخت دەکاتە سەر توێژینەوەی زانستی بە ئامانجی پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەتمەند لە بواری زیرەکیی دەستکرددا بۆ پشتیوانیکردن لە کاروانی توێژینەوە و گەشەپێدانی زانستی و دروستکردنی مەعریفە. هەروەها زانکۆکانی دیکەش دەستیان کردووە بە دانانی بەرنامەی زانکۆیی لە بواری زیرەکیی دەستکرددا. بەم دواییانەش زانکۆی سۆربۆن لە ئەبوزەبی بۆ ئامادەکردنی خوێندکارانی زانکۆ لەم بوارەدا لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، بەرنامەیەکی نوێی ڕاگەیاندووە. لە هەموو زانکۆکانی دیکەی ئیماراتدا، پسپۆڕی زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی ئامێرەکان هەن.

ئیمارات بەوە جیا دەکرێتەوە کە بەهاوبەشی لەگەڵ زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی، دەستی کردووە بە خوێندنی پرۆگرامی فێرکاریی تەکنەلۆجی و خوارزمی زیرەکیی دەستکرد لە قوتابخانەکانیدا، ئەوەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدایە بۆ

وەبەرهێنان لە بیناکردنی نەوەکانی ئایندە و هاوڵاتیی شارەزا لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرددا.

لە بەحرەینیش بەهاوکاری لەگەڵ سندووقی کاری بەحرەینی و کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، ئەکادیمیای زیرەکیی دەستکرد لە کۆلێجی تەکنەلۆجیی بەحرەین دامەزرێنراوە. ئامانج لێی بنیادنانی توانایە لەو بوارە، بۆ یارمەتیدانی بازاڕی کار بە کادری پسپۆڕ لە بوارەکانی زیرەکیی دەستکرد و زانستی داتاکان و شیکردنەوەیان و بنچینەکانی فێربوونی قووڵی ئامێرەکاندا.

لە سعودیە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری، ئەکادیمی دیجیتاڵیی سعودیە دامەزرێنراوە، بە مەبەستی ئامادەکردنی کارمەندی پسپۆڕ لە بواری زیرەکیی دەستکرددا بۆ چاودێریکردنی داهێنەران لەم بوارەدا، ئەوەش بەگوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتمەندی جۆری و گرێدانی دامەزراوە فێرکارییەکانە بە بازاڕی کارەوە، بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییە پێشەنگەکانی پەیوەست بە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی.

لە میسڕ، بواری زیرەکیی دەستکرد پشتیوانی لە دابینکردنی پازدە کۆلێجی کۆمپیوتەر و زانیاری لە زانکۆکانی میسڕدا دەکات، بە بوونی (١٥٥٠) مامۆستا و یاریدەدەری پسپۆڕ لە زانست و ئەندازەی کۆمپیوتەردا، نزیکەی چل و حەوت هەزار خوێندکار لەو کۆلێجانەدا دەخوێنن و ساڵانە (٣٢٠٠) دەردەچن.

سەرباری ئەوانە، لە میانی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)دا، حەوت زانکۆ بەرنامەی تایبەت بە بواری زیرەکیی دەستکرد دابین دەکەن، ئیدی لە ڕێگەی دروستکردنی کۆلێجی نوێ یان کۆلێجەکانی دیکە بێت، یاخود پێشکەشکردنی خولی فێرکاریی تایبەتمەند بێت، هەندێکیان سوود لە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری دەبینن. ئەمەش لە سایەی بایەخدان دێت بە ئامادەکردنی کادری مرۆیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێداویستە ڕوو لە زیادبووەکانی ئەم بوارە لە داهاتوودا، بە جۆرێك کە لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێت. سەرباری ئەوانە، زانکۆ تایبەت و حکومییەکان لە میسڕ لە نموونەی زانکۆی نیل و زانکۆی ئەڵمانی لە میسڕ، بەم دواییانە جەخت دەکەنە سەر ئەو پسپۆڕییانە.

بەدەر لە هەموو ئەوانە، دوو کۆلێجی نوێی تایبەت بە زیرەکیی دەستکرد لە میسڕ دادەمەزرێنرێن، دە کۆلێجی نوێ لە بواری زانستی کۆمپیوتەر و زانیارییەکاندا دەکرێنەوە، جگە لە دروستکردنی زانکۆی میسڕی بۆ تەکنەلۆجیای زانیاری کە ئەم کۆلێجانە لەخۆی دەگرێت: زیرەکیی دەستکرد، زانستی کۆمپیوتەر، تۆڕەکان و سیستمی

زانیاری، ئەندازەی زانیاری. هەروەها جەخت دەکرێتە سەر ئۆفەری زانستی بۆ ئیفادکردنی خوێندکارانی میسر بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن لەم پسپۆڕییانەدا کە تێچووی گشتی دەگاتە (٣٠٠) ملیۆن جونەیهی میسری، بۆ خوێندنی پسپۆڕییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە هەریەکە لە: ئەمەریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، ژاپۆن، فەڕەنسا، ڕووسیا... تاد.

لە عوممان، وەزارەتی گواستنەوە و پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری بەهەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری ساس بۆ شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، بەرنامەیەکی تایبەت بە زیرەکیی دەستکرد بەڕێوە دەبات، کە ماوەی شەش مانگ دەخایەنێت بە مەبەستی ئامادەکردنی توێژەران بۆ کارکردن لە پسپۆڕییەکانی ئەم بوارەدا.

لە مەغریب، کۆلێجی ئەندازەی دیجیتاڵی و زیرەکیی دەستکرد لە شاری فاس دامەزرێنراوە کە سەر بە زانکۆی ئۆرۆناڤینیە، تاوەکوو ببێتە یەکەم کۆلێجی لەو شێوەیە لە مەغریب و ئەفەریقادا، کە ئامانجی ئەوەیە ساڵانە ڕاهێنان بە سەد خوێندکار بکات بۆ خوێندنی: زانستی ڕۆبۆتەکان و هاوکاری لەنێوان مرۆڤ و ئامێرەکان، زیرەکیی دەستکرد، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، تەکنیکی وێب و مۆبایل و داتا زەبەلاحەکان.

لەم چوارچێوەیەدا ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە، گرنگیی هاوبەشییە لەنێوان دامەزراوە فێرکارییەکان و دامەزراوەکانی پێگەیاندنی پیشەکاران و شارەزایانی بواری تەکنیکەکانی زیرەکیی دەستکرددا، ئەوەش لە چوارچێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەم بوارەدا کار دەکەن، یاخود لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوە کە لە بواری گەشەپێدانی ئەم تەکنەلۆجیایانەدا کار دەکەن، سەرباری بەرنامەی هاوکاریی زانستی و پیشەیی لەگەڵ زانکۆ نێودەوڵەتییەکان و ئیفادکردنی خوێندکاران لە نێردە فێرکارییەکاندا لەم بوارەدا بۆ دەرەوەی وڵات، وەکوو میکانیزمێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی سەرمایەی مرۆیی پسپۆڕ لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە بەرنامەکانی ڕاهێنان و پیشەیی لە هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا جەخت دەکەنە سەر بەهێزکردنی شارەزایی کارمەندانی بازاڕی کاری زیرەکیی دەستکرد و چۆنێتیی سوودبینینی نموونەیی لەو تەکنەلۆجیایانە، لەم بوارەدا هاوبەشیی نێوان کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و پەیمانگای ئینساد بۆ خوێندنی باڵا لە بواری بەڕێوەبردنی کار لە فەڕەنسا بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی مایکرۆسۆفت بۆ زیرەکیی دەستکرد؛ نموویەکی بەرچاوە، چونکە ناوەرۆکی

زانیارییەکانی بۆ بەڕێوەبەریی کۆمپانیاکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا بەبێ بەرانبەر بەردەستن، تاوەکوو تێگەیشتنیان لەم بوارەدا قووڵ بکەنەوە. هەروەها ئەم قوتابخانەیە هاوکاریی سەکۆی مایکرۆسۆفت بۆ کۆمپیوتەری هەوری دەکات (Microsoft Cloud Society) کە پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆجیای زانیارییەکان کۆ دەکاتەوە، بە ئامانجی پرۆسەی ڕاهێنان و دووبارە ئامادەکردنەوەی کارمەندانی بواری تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە بواری زیرەکیی دەستکرددا.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە هەوڵی کێشکردن و سەرنجڕاکێشانی زیاتری شارەزا و پسپۆڕەکانی بواری زیرەکیی دەستکرددان، دیارترین ئەزموونی دەوڵەتە عەرەبییەکان لەم بارەیەوە ئەزموونی ئیماراتە کە بۆ سەرنجڕاکێشانی پسپۆڕانی بیانیی ئەو بوارە چەندین هاندانی پەیڕەو کردووە، لە نموونەی هەلی دەستکەوتنی مانەوەی درێژخایەنی لەناو دەوڵەتدا پێ بەخشیون، سەرباری پێدانی هاندان بەو خوێندکارانەی ڕوویان کردووەتەوە ئیمارات تاوەکوو لە بواری زیرەکیی دەستکرددا بخوێنن، بە مەبەستی ئەوەی بمێننەوە و بە پسپۆڕییەکانیان یارمەتیی بازاڕی کار بدەن.

**دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی زیرەکیی دەستکرد**

کەناڵەکانی دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی زیرەکیی دەستکرد لە وڵاتانی عەرەبیدا جیاوازن، هەندێك لە دەوڵەتان پشت بە بودجەی حکومەت دەبەستن، هەندێکی دیکەیان بۆ دابینکردنی پارە بۆ ئەو پرۆژانە پشت بە سندووقی سامانە نیشتمانییەکان دەبەستن، دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی پشت بە کەناڵی دیکە دەبەستن، بەم شێوەیە:

لە تونس وەزارەتی خوێندنی باڵا هاوکاری لەگەڵ هاوتاکەی لە مەغریب دەکات، بە مەبەستی دروستکردنی تاقیگەیەکی توێژینەوەی زانستی بە بودجەی هاوبەش لە بواری زیرەکیی دەستکرددا بۆ ماوەی چوار ساڵ.

لە سعودیە، سندووقی وەبەرهێنانە گشتییەکان و کۆمەڵەی "سۆفت بانك" ڕایانگەیاند "سندووقی دیدگای سۆفت بانك" بە سەرمایەی سەد ملیار دۆلاری ئەمەریکی دادەمەزرێنن، وەکوو گەورەترین سندووق بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی تەکنەلۆجیا لە جیهاندا، کە بە شێوەیەکی تایبەت جەخت دەکاتە سەر وەبەرهێنان لە بواری ڕۆبۆت و زیرەکیی دەستکرددا.

تەوەری گۆڕانکاریی تەکنەلۆجی بە لایەنێکی تەواوکاریی ستراتیژی وەبەرهێنان لە سندووقی وەبەرهێنانی گشتی دادەنرێت،

بە جۆرێك لەگەڵ دیدگای (٢٠٣٠) بۆ پەیبردن بە گرنگیی لایەنی ژێرخانی دیجیتاڵی لە پاڵپشتیکردنی چالاکییە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا هاوشانی یەکتر دەڕۆن. هەروەها لە پێناوی دیاریکردن و بنیادنانی هەل لەم بوارەدا، جەخت دەکاتە سەر گرنگیی هاوکاریی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی. لەم بارەیەوە جێگەی ئاماژەپێدانە پڕۆژەی "نیۆم" بە تێچووی نزیکەی (٥٠٠) ملیار دۆلار کە ئامانجی وەبەرهێنانە لە تەکنەلۆجیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازیدا کە گرنگترینیان زیرەکیی دەستکردە، بودجەکەی لە ڕێگەی هاوبەشیی نێوان سندووقی وەبەرهێنانە گشتییەکان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و جیهانی دابین دەکرێت.

هەر چی لە عوممانە، سندووقی عوممانی بۆ تەکنەلۆجیا بۆ کۆمپانیا تەکنەلۆجییەکان و پێشەنگانی کار لە ڕێگەی سێ بەرنامەی وەبەرهێنانەوە، وەبەرهێنان و ڕێنمایی پێویستی دەرکردووە کە جەخت دەکەنە سەر: پشتیوانیکردنی تەکنەلۆجیا تازەگەشەکردووەکان لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای زیندوو، بەئینتەرنێتکردنی شتومەکەکان لە بواری پیشەسازیدا، زیرەکیی دەستکرد، شارە زیرەکەکان، ناوەندە دیجیتاڵییەکان، بازرگانیی ئەلیکترۆنی و ڕیکلام.

میسر لە چوارچێوەی بەرنامەی دابینکردنی پارە بۆ توێژینەوە لە بواری زیرەکیی دەستکرددا کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە دابین دەکرێت، دەستی کردووە بە: دابینکردنی ئۆفەر بۆ بیناکردنی توانای توێژەران، دروستکردنی سەنتەری تایبەتمەندیی زانستی، جەختکردنە سەر بیناکردنی توانای کارگەکان، سەرباری بەرنامەی دیکە بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوە بنچینەیی و کردارییەکان. جگە لەوانەی باس کران، حکومەت جەخت دەکاتە سەر پێشکەشکردنی کۆمەکی دارایی و هونەری بۆ کۆمپانیا تازەگەشەکردووەکان لە بواری زیرەکیی دەستکرددا.

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستپێشخەریی "دەرفەتی دیجیتاڵیمان" کە ئامانجی گەشەپێدانی کۆمپانیا بچووك و مامناوەندی و زۆر بچووکەکانە کە لە بواری پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری و کاراکردنی ڕۆڵیان لە سیستمی وەرچەرخانی دیجیتاڵی و تایبەت بە زیرەکیی دەستکرد کار دەکەن، وەزارەتی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری ڕایگەیاندووە بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای ئەمازۆن وێب سێرڤەرزی جیهانی بەرنامەیەکیان دارشتووە بۆ ڕاهێنانی (٥٠٠) ڕاهێنەر کە لە کۆمپانیا بچووك و مامناوەندییەکانی بواری زیرەکیی دەستکرد و فێربوونی ئامێرەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی کۆمپیوتەری هەوری کار دەکەن.

## چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی زیرەکیی دەستکرد

چوارچێوە ڕێکخراوەیی و دامەزراوەییەکان لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا جیاوازن، بە جۆرێك هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان پەنایان بردووەتە بەر ڕاسپاردنی یەکێك لە لایەنە حکومییەکان بۆ سەرکردایەتیکردنی دەستپێشخەرییەکان لەم بوارەدا، لە کاتێکدا هەندێك لە دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی پەنایان بردووەتە بەر دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆ بۆ ئەم مەبەستە. هەروەها هەوڵی هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان تەرخان کراوە بۆ دەرچوواندنی یاسا بۆ پشتیوانیکردنی ئەم تەکنەلۆجیایانە، کە جەخت دەکەنە سەر دانانی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی پێویست بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی کرداریی ئەم تەکنەلۆجیایانە.

ئیمارات هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی چڕوپڕ بۆ تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد، کە بە دروستکردنی وەزارەتی زیرەکیی دەستکرد دەست پێ دەکات کە لەو بوارەدا یەکەمینە، تاوەکوو بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندیدار بێت بە دانانی پلانی پێویست بۆ بەدیهێنانی ستراتیژیەتی ئیمارات بۆ زیرەکیی دەستکرد، سەرباری دروستکردنی تیمی کار لەگەڵ سەرۆکانی جێبەجێکار بۆ ئافراندن لە لایەنە حکومییەکاندا، هەروەها بەرنامە و دەستپێشخەریی تایبەت بە زیرەکیی دەستکردی دەست پێ کردووە، لە نێویاندا ڕێکخستنی سەردانی مەیدانی بۆ لایەنە حکومییەکان بۆ تێگەیشتن لە کەرتی زیرەکیی دەستکرد، ڕێکخستن و پاڵپشتیکردنی وۆرکشۆپ لە هەموو لایەنە حکومییەکاندا لە بارەی ئامرازە جێبەجێکارییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە تەواوی بوارەکانی کاری حکومەتدا، ڕێکخستنی لوتکەی ساڵانەی جیهانی، ڕێکخستنی پێشبڕکێی حکومی بۆ زیرەکیی دەستکرد.

سەرباری هەوڵەکانی بۆ سەرکردایەتیی ستراتیژی لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری بۆ زیرەکیی دەستکرد، ئیمارات لە دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەی یاسای حکومی لە بارەی بەکارهێنانی پارێزراویی زیرەکیی دەستکرد یەکەمە لە ناوچەکەدا، بە جۆرێك خاوەنی یەکەمین بەڵگەنامەی جیهانییە لە دیاریکردنی ڕێکارە زامنکراوەکان بۆ بەکارهێنانێکی پارێزراو و دروستیی جیهانیی زیرەکی دەستکرد.

دەستەی ڕێگەوبان و گواستنەوە لە ئیمارەتی دوبەی، بە ئامانجی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلە خۆڕەوەکان، یاسای

ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەرکردووە بە جۆرێك هەر لایەنێك ئارەزوومەندە کار بەو ئۆتۆمبێلانە بکات و تاقیی بکاتەوە، دەبێت پێشوەخت هەماهەنگی لەگەڵ دەستەکەدا بکات. هەروەها یاساکان ڕۆڵی دەستەکەی ڕێك خستووە، بەو پێیەی لایەنی پەیوەندیدارە بە دەرچوواندنی مۆڵەتی کارکردن لەم بوارەدا، بەو جۆرەی لەگەڵ پێوەرەکانی ئاسایش و سەلامەتیی پەیڕەوکراودا دەگونجێت.

لە بەحرەین بە ئامانجی بەدیهێنانی دیدگای شانشینەکە لە (٢٠٣٠)دا، دەستەی زانیارییەکان و حکومەتی ئەلیکترۆنی لایەنی چەق و پێشەنگە بۆ بەڕێوەبردنی دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی دیجیتاڵی لە شانشینی بەحرەیندا، هەروەها بۆ یارمەتیدانی کەرتە حکومییەکان لە جێبەجێکردنی ژمارەیەك دەستپێشخەریی پێشەنگ لەو بوارەدا، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی تەکنەلۆجیا هاوچەرخەکانەوە، لە نموونەی زیرەکیی دەستکرد و بلۆکچین کە بۆ هێنانەکایەی وەرچەرخان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەڵسەنگاندنی ئەو کاریگەرییانەی لێی دەکەوێتەوە؛ پشتی پێ دەبەسترێت. لەم چوارچێوەیەدا دەستەی زانیارییەکان و حکومەتی ئەلیکترۆنی کار لەسەر توێژینەوەیەك دەکات بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی زیرەکیی دەستکردی گشتی، کە بە هۆیەوە بە بەشداریکردنی کارمەندان و ئەزموونی فەرمانبەران دەکرێت بازدانێکی جۆری بەدی بهێنرێت.

لە میسر، بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ زیرەکیی دەستکرد (٢٠١٩-٢٠٢٤)، هەریەکە لە وەزارەتەکانی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری و وەزارەتی خوێندنی باڵا هاوکاریی یەکتر دەکەن، ستراتیژەکە جەخت دەکاتە سەر دوو تەوەری سەرەکی کە خۆی لە هۆشیارکردنەوە لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد و ئامادەکردنی بەرنامە بۆ بیناکردنی توانا و ڕاهێنانی هێزی کار لەم بوارەدا دەبینێتەوە، ئەمەش بەهاوبەشی لەگەڵ پەیمانگا نێودەوڵەتییەکان و زانکۆ جیهانییەکان دەکرێت، بە ئامانجی دروستکردنی بناغەیەك لە شارەزایانی پسپۆڕ لەم بوارەدا.

لە لایەکی دیکەوە میسر کار دەکات بۆ گەشەپێدانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ زامنکردنی بەکارهێنانێکی بەرپرسانەی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد، بە جۆرێك یارمەتیدەر بێت لە پاڵپشتیکردنی ژینگەی ڕێکخراوەیی ئەم تەکنەلۆجیایانە و بەهێزکردنی ڕکابەریی میسر لەم بوارەدا، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی بەهرە

و ئافراندنەکان لەم بوارەدا پاڵپشتیی تواناکانی بکات.

لە قەتەر، پەیمانگای قەتەر بۆ توێژینەوەی کۆمپیوتەری سەر بە زانکۆی حەمەد بن خەلیفە، ناوەندی قەتەر بۆ توێژینەوەی کۆمپیوتەری بۆ زیرەکیی دەستکرد دامەزراندووە، ئەوەش لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکدا کە ئامانج لێی پشتیوانیکردنی پێگەی دەوڵەتە لە جێبەجێکردنی زیرەکیی دەستکرددا، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆیە لە کارمەندی بەتوانا لەم بوارەدا، جگە لە گەشەپێدانی ئەو تەکنەلۆجیایانە لەسەر ئاستی ناوخۆیی.

لە لایەکی دیکەوە ناوەندەکە کار دەکات بۆ گەشەپێدانی بنەما ئاراستەکارییەکان بۆ بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بەو شێوەیەی لەگەڵ کولتووری ناوخۆیی دەگونجێت، سەرباری هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە فێرکارییەکاندا کە لە باخچەکانی منداڵانەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو بە زانکۆکان دەگات، بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە سەرمایەی مرۆیی لەم بوارەدا.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ئامادەیی حکومەتە عەرەبییەکان بۆ زیرەکیی دەستکرد**

| دەوڵەت | ڕیزبەندیی ئامادەیی حکومەتەکان بۆ زیرەکیی دەستکرد (لە ١٠٠ خاڵ) | ڕیزبەندیی جیهانی (لەنێو ١٧٢ دەوڵەتدا) | ڕیزبەندی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی (لە بنچینەدا نۆزدە دەوڵەتن) |
|---|---|---|---|
| ئیمارات | ٧٢,٤ | ١٦ | ١ |
| قەتەر | ٥٦,٧ | ٣٧ | ٢ |
| سعودیە | ٥٦,٢٣ | ٣٨ | ٣ |
| بەحرەین | ٥٤,٧٥ | ٤٣ | ٤ |
| عوممان | ٥٢,١ | ٤٨ | ٥ |
| کوێت | ٥٠,٦١ | ٥٤ | ٦ |
| میسر | ٤٩,١٩ | ٥٦ | ٧ |
| تونس | ٤٤,٣٩ | ٦٩ | ٨ |
| ئوردن | ٤١,٧٦ | ٧٩ | ٩ |
| مەغریب | ٣٦,٤٢ | ٩٩ | ١٠ |
| لوبنان | ٣٥,٩١ | ١٠١ | ١١ |
| عێراق | ٣٣,٨٨ | ١١٦ | ١٢ |
| جەزائیر | ٣٣,٤٧ | ١١٨ | ١٣ |
| جیبۆتی | ٣١,٠١ | ١٣٤ | ١٤ |
| مۆریتانیا | ٢٩,٤٢ | ١٤٩ | ١٥ |
| سوودان | ٢٦,٣٥ | ١٥٨ | ١٦ |
| سووریا | ١٩,٣٣ | ١٧١ | ١٧ |

### ئامادەیی حکومەتە عەرەبییەکان بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد

هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئامادەیی حکومەتەکان بۆ جێبەجێکردن و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی پشتیوانی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم تەکنەلۆجیایانە دادەنرێت. لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان و پاڵپشت بە ڕیزبەندیی ئامادەیی حکومەتەکان بۆ زیرەکیی دەستکرد لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان دەردەکەوێت ئیمارات پلەی یەکەمی هەیە (شازدەیەم لەسەر ئاستی جیهان).

لەو چوارچێوەیەدا ئیمارات سوود لە کۆمەڵێك هۆکاری یارمەتیدەر دەبینێت، لەوانەیە گرنگترینیان بوونی ستراتیژیەتێك بێت بۆ زیرەکیی دەستکرد کە لەسەر ئاستی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێت، هەروەها بوونی توانای دیجیتاڵی، ژێرخانی بنچینەیی، سەرباری سەرکەوتنی لەسەر ئاستی فەراهەمکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان. لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەدوایدا قەتەر دێت، کە بە هۆی ئاستی بوونی زانیارییەکان و ژێرخانی بچینەیی و توانای دیجیتاڵی، لەسەر ئاستی جیهان پلەی حەفتا و سێیەمینی گرتووە.

سعودیە لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە پلەی سێیەم و لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی سی و هەشتدا دێت، بەرزترین بەهای تۆمار کردووە لەسەر ئاستی فەراهەمکردنی زانیاری و ژێرخانی بنچینەیی. بەدوایاندا تەواوی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداوی عەرەبی دێن: بەحرەین، عوممان، کوێت، بە پلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی.

هەر چی دەوڵەتانی دیکەی عەرەبییە، لە بارەی هەبوونی ستراتیژی پشتیوانی بۆ زیرەکیی دەستکرد، میسر و ئیمارات سەرکەوتنیان تۆمار کردووە، ئەوەش لە سایەی پەیڕەوکردنی ستراتیژی زیرەکیی دەستکرد (٢٠١٩-٢٠٢٤)، کە جەخت دەکاتە سەر پاڵپشتیکردنی بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنەلۆجیایانە. میسر لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی پلەی حەوتەم و لەسەر ئاستی جیهان پلەی پەنجا و شەشەمینی بەر کەوتووە.

هەروەکوو تێبینی دەکرێت، ئاستی ئامادەگیی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بۆ زیرەکیی دەستکرد جیاوازە، بەتایبەتی هەندێك لەو دەوڵەتانە لە پلەکانی خوارەوەی ڕیزبەندییەکەدا هاتوون، کەلێنی نێوانیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لە ڕیزی پێشەوەدان فراوان بووە، بۆیە پێویستە ئەو حکومەتانە هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ ئامادەکردنی ژینگەی لەبار بۆ پاڵپشتیکردنی تەکنەلۆجیاکانی زیرەکیی دەستکرد زیاتر بکەن (بڕوانە خشتەی ژمارە ٣).

# واقیع و پلانی "سایبەر" و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئیسرائیل

**نووسین: مەحموود موحاریب**

توێژەری بەشدار لە سەنتەری عەرەبی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆیە لە فەڵەستین. ژمارەیەك کتێب و لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە زایۆنیزم و ئیسرائیل، دۆزی فەڵەستین، ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلیی هەیە. بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان لە "زانکۆی عیبری" لە قودس بەدەست هێناوە. ساڵی ١٩٨٦ دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ڕیدینگ لە ئینگلتەرا بەدەست هێناوە. لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٠)، بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەکانی سەر بە لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان لە قودس بووە.

**وەرگێڕان: بارام سوبحی**

سەرچاوە: گۆڤاری "استشراف للدراسات المستقبلیە"، ژ٤، ٢٠١٩.



## پوخته

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دۆخی "سایبەر" لە ئیسرائیل لە هەردوو بواری مەدەنی و سەربازیدا، هەروەها لە دیدگا و پێشنیارەکانی ئیسرائیل بۆ خۆپاراستن لە ئێستا و داهاتوودا دەکۆڵێتەوە. بۆ خوێندنەوەی دۆخی سایبەر لە ئیسرائیل، پشتی بە ژمارەیەك نووسراوی ئیسرائیلی بەستووە، هەروەها پشتی بە سێ توێژینەوە بەستووە کە لە پەیمانگای توێژینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی سەر بە زانکۆی تەلئەبیب دەرچوون.

ئەو پەیمانگایە لە: جەنگی بواری سایبەر و کاریگەرییەکانی لەسەر ئیسرائیل، پێویستیی گەشەپێدانی ستراتیژیەتی ئیسرائیل لە بواری سایبەردا، پێویستیی دانانی ڕێنمایی یاسایی لە بواری سایبەردا بۆ پاراستن و ڕێکخستنی، لە دۆخی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکان لە ئیسرائیل دەکۆڵێتەوە، کە بە گرنگترین ئەو پێشکەوتنانە دادەنرێت کە پیشەسازیی وردی ئیسرائیلی پێی گەیشتووە. لەسەر ئەوەش دەوەستێت کە دەکرێت لە ساڵان و دەیەکانی داهاتوودا، فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکان لەلایەن هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە تەنها لە بواری سەربازیدا بەکار نەهێنرێت، بەڵکوو ببێتە هێزێکی بنەڕەتی لە چەکی ئاسمانیدا.

## بەرایی

فەزای ئەلیکترۆنی یان بواری سایبەر (Cybersace) چەمکێکی نوێیە، لەم ساڵانەی دواییدا لە دەرەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆجیای زانیاری سەری هەڵداوە. فەزای ئەلیکترۆنی تەواوی کۆمپیوتەر و زانیارییەکانی ناوی دەگرێتەوە، هەروەها سیستم و پرۆگرام و تۆڕە کراوە بەکارهێنراوەکان لەلایەن جەماوەرەوە دەگرێتەوە، یان ئەو تۆڕانەی بۆ بەکارهێنانی لەلایەن چینێکی دیاریکراوەوە لە بەکاربەران دیزاین کراون و لە تۆڕی ئینتەرنێتی گشتی جیا کراوەتەوە.

لە بواری تەکنەلۆجیای ورد و تەکنەلۆجیای زانیاریدا، ئیسرائیل بە یەکێك لە دەوڵەتە زۆر پێشکەوتووەکان دەژمێردرێت، بە جۆرێك لە دوو دەیەی ڕابردوودا بووەتە دەوڵەتێکی "کۆمپیوتەری"، دامەزراوە حکومییەکان و تەواوی فەرمانگەکانی سەر بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی پشت بە تۆڕی ئینتەرنێت دەبەستن. زۆرینەی هەرە زۆری مامەڵەی هاوڵاتیانی ئیسرائیل لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت و فەرمانگە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەڕێ دەکرێت.

ئیسرائیل لە یەکەمین دەوڵەتەکان بوو کە بایەخی بە دروستکردنی کۆمپانیای سایبەر دا، بەو هۆیەوە بەخێرایی پێگەیەکی گرنگی لە کۆمپانیاکانی سایبەر لە جیهاندا داگیر کرد. بەگوێرەی ئامارێکی گۆڤاری "Cyber

Security Venture” لە بارەی ئەو (٥٠٠) کۆمپانیا یەکەمەی لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری سایبەردا کار دەکەن، دەرکەوتووە ژمارەی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان دەگاتە (٣٥٤) کۆمپانیا، بەدوایدا کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان دێت کە ژمارەیان دەگاتە (٤٢) کۆمپانیا، پاشان کۆمپانیا بەریتانییەکان دێت کە ژمارەیان (٢١) کۆمپانیایە، دواتر کۆمپانیای وڵاتانی دیکە دێت.

ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریخستووە لەبەر بەندوباوی باجدان، چل کۆمپانیای ئیسرائیلی لە ئەمەریکا تۆمار کراون، واتە ژمارەی ڕاستەقینەی کۆمپانیاکانی سایبەری ئیسرائیلی کە لە ڕیزبەندیی (٥٠٠) کۆمپانیا یەکەمەکەی جیهاندا دێن؛ دەگاتە (٨٢) کۆمپانیا، واتە بە ڕێژەی (١٦,٤٪)، بە هەموو پێودانگێك ئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە.

ئیسرائیل، بواری سایبەر بە پێکهاتەیەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دەزانێت. هەر چەندە بواری سایبەری ئیسرائیل ڕۆژانە دووچاری هێرشی ئەلیکترۆنیی سایبەری زۆر و جۆراوجۆر دەبێتەوە. لەلایەن خۆیەوە پەیمانگای توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، لە یەکێك لە توێژینەوەکانیدا، زیانەکان کە لە تاوانەکانی سایبەر لە ئیسرائیل دەکەونەوە؛ ساڵانە بە نزیکەی دە ملیار دۆلار مەزەندە دەکات. ئەو بڕەش چەندین ملیار دۆلار دەگرێتەوە، کە لە دزینی زانیاری لە کۆمپانیا پیشەسازی و بازرگانییەکان دەکەونەوە.

لەم دەیەی دواییدا بایەخدانی حکومەتی ئیسرائیل، دامودەزگا تەناهییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە و ئەکادیمیا ئیسرائیلییەکان بە سایبەر و پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە زۆر زیادی کردووە. پەیمانگای توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی سەر بە زانکۆی تەلئەبیب، بە بایەخدانی بەم بابەتە دەناسرێتەوە. ئەم پەیمانگایە لەم دە ساڵەی دواییدا ژمارەیەك لە ڕۆژەکانی خوێندنی بۆ سایبەر و گرنگیی بۆ ئیسرائیل و پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەیی تەرخان کردووە. هەروەها ژمارەیەك توێژینەوەی ئەو توێژەرانەی بڵاو کردووەتەوە کە لەو پەیمانگایە کار دەکەن و لە ڕەهەندە جیاوازەکانی بواری سایبەر دەکۆڵنەوە. یەکەم توێژینەوە بە ناونیشانی شەڕی فەزای ئەلیکترۆنی: ئاراستە و کاریگەرییەکانی لە ئیسرائیل بوو لەلایەن هەردوو توێژەر شمۆئیل ئیڤن و داڤید بن سیمان و لە ساڵی ٢٠١١ بڵاو کرایەوە. توێژینەوەی دووەم لەلایەن گابی سیبۆنی و عۆفەر ئاسافەوە بوو بە ناونیشانی: هێڵە ئاراستەکراوەکان بۆ ستراتیژیەتی نیشتمانی لە بواری سایبەردا، لە ساڵی ٢٠١٥ بڵاو کرایەوە. سێیەمین توێژینەوە لەلایەن گابی سیبۆنی و عیدۆ سیڤان بوو، بە ناونیشانی ڕێنماییەکان لە بواری سایبەردا لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاو کرایەوە.

ئەو پەیمانگایە لەم ساڵانەی دواییدا بەرنامەی توێژینەوەی ئاسایشی سایبەری

دامەزراندووە، لەبەر گرنگی و بایەخی ئەو بابەتە بەلای ئیسرائیل و ئاسایشی نەتەوەییەوە. لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە ئەم پەیمانگایە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە سایبەر و ساڵانە سێ ژمارەی لێ بڵاو دەکاتەوە، بە ناونیشانی "سایبەر و هەواڵگری و ئاسایش"، سەرنووسەری گۆڤارەکە گابی سیبۆنییە کە سەرۆکی بەرنامەی "توێژینەوەی ئاسایشی سایبەرە" لە پەیمانگاکە. لە سەروتاری ژمارە یەکدا، ئاماژەیان بەوە داوە ئەم گۆڤارە لە ژمارەیەکی زۆر بابەت دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیی بە سایبەر و هەواڵگری و ئاسایشەوە هەیە، لە نێویاندا: سایبەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ستراتیژی دەوڵەتان لە هەمبەر سایبەردا، ڕێنمایی و یاساکان لە بواری سایبەردا، پاراستنی بەرگریی نیشتمانی لە بواری سایبەردا، بەرگری لە ژێرخانی چالاك، بیناکردنی هێز لە بواری سایبەردا بە پێکهاتە جیاوازەکانیەوە: هێزی مرۆیی، ئامرازەکانی شەڕکردن، بیروباوەڕی شەڕکردن، ڕێکخستن و ڕاهێنان، سەرکردایەتی، شەڕی بەرگری و هێرشبەریی سایبەر.

سەرباری ئەوانە، "کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی" لە ئیسرائیل، بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆ ئیسرائیلییەکاندا، شەش ناوەندی توێژینەوەی ئەکادیمیی لە بواری سایبەردا لە ئیسرائیل دامەزراندووە، ئەمەش لە چوارچێوەی بەهێزکردنی هاوکاری لەنێوان دەوڵەت و ئەکادیمیاکان و کەرتی پیشەسازیدایە لە ئیسرائیل، چونکە ئەگەر بێتوو ئیسرائیل وەبەرهێنان لە توانای مرۆیی و پیشەسازیدا نەکات، ئەوا ناتوانێت پارێزگاری لە تایبەتمەندی و سەرکەوتنی لە بواری سایبەردا بکات.

## یەکەم: واقیعی سایبەر لە ئیسرائیل جەنگ لە بواری سایبەردا

توێژینەوەی "شەڕی فەزای ئەلکترۆنی: ئاراستە و کاریگەرییەکانی لە ئیسرائیل" لە چوار بەش پێك دێت، نووسەرانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە بواری سایبەر بووەتە مەیدانێکی نوێی شەڕکردن و چووەتە ڕیزی مەیدانەکانی دیکەی شەڕکردنەوە لە زەوی و دەریا و ئاسمان و گەردووندا. دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و سوپاکانیان چالاکی و توێژینەوەکانیان لە بواری سایبەردا زیاد کردووە، چونکە بەلای ئەوانەوە بووەتە سەرچاوەی هێزێکی گەورە، لە هەمان کاتدا خاڵی لاوازیانی ئاشکرا کردووە، چونکە ئەو ژێرخانەی کە دەوڵەتە هاوچەرخەکانی لەسەر بینا کراوە لە نموونەی کارەبا و ئاو و گەیاندن و پەیوەندییەکان و بۆرسە و بانکەکان، لە کارەکانیاندا پشت بە بواری سایبەر دەبەستن. هەروەها تۆڕەکانی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی سەربازی و تەواوی جۆرەکانی تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکان لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا، لە نموونەی: سیستمی

زانیاری و بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، پشت بە سایبەر دەبەستن.

ئیڤن و بن سیمان ئاماژەیان بە تایبەتمەندییەکانی سایبەر لە مەیدانی جەنگدا کردووە، دیارترینیان توانای کارکردنیەتی بە خێرایی یەك لە هەزار چرکە، لە دژی ئەو دوژمنانەی هەزاران میل دوورن، بەبێ ئەوەی هێرشبەران و شەڕکەران بکەونە مەترسییەوە. ئەو تایبەتمەندییانەی لە بواری سایبەردا هەن، بەتایبەتی لە کاتی ئەو شەڕانەی کە بە چەکی تەقلیدی دەکرێن، وای کردووە بەکارهێنانی سەرنجڕاکێش بێت. توێژەران لەو بارەیەوە شەڕی ڕووسیا لە دژی جۆرجیا لە ساڵی ٢٠٠٨ بە نموونە دەهێننەوە.

توێژەران ئەوەش سەربار دەکەن کە دەکرێت سایبەر لە دژی ئامانجە ستراتیژییەکان بەکار بهێنرێت، بەگوێرەی ژمارەیەك لە سەرچاوەکان، لە نموونەی ئەو هێرشەی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ سەر کوورە ئەتۆمییەکانی ئێران ئەنجامی دا. هەردوو توێژەر ئەو هێرشە بە ڕووداوێکی بنچینەیی لە بواری شەڕی سایبەر و بە قۆناغێکی نوێ لە گەشەسەندنی بەکارهێنانی سایبەر لە مەیدانی شەڕدا دادەنێن.

هەروەکوو توێژەران باسی دەکەن، بەکارهێنانی سایبەر لە شەڕدا، بەتەنیشت پرۆسەکانی گەشەپێدان و ئامادەکارییەکان بۆ شەڕ لە بواری سایبەردا کە ژمارەیەك لە دەوڵەتان ئەنجامیان داوە و ئەنجامی دەدەن، جەخت لەوە دەکاتەوە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لە بواری سایبەردا بەکرداری دەستی پێ کردووە. ئاماژەشیان بەوە داوە ژمارەیەك لە دەوڵەتان دامەزراوە و دەستەی جۆراوجۆریان دروست کردووە کە تایبەتن بە بەکارهێنانی سایبەر لە بواری شەڕدا، هەروەها گەشەیان بە ستراتیژییە تەناهییەکان لە بواری سایبەردا داوە.

### سایبەر لە ستراتیژیەتی ئاسایشی ئیسرائیلیدا

ئیڤن و بن سیمان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زیادبوونی بواری سایبەر وەکوو گۆڕەپانێکی نوێی شەڕکردن بۆ سەر گۆڕەپانەکانی دیکەی شەڕ لە زەوی و دەریا و ئاسمان و گەردووندا، پێویستی کردووە کە جەنگ لە بواری سایبەردا بە ستراتیژیەت و چەمکی ئاسایشی ئیسرائیلەوە بلکێنرێت، ئەوەش پێویستیی نوێکردنەوەی چەمك و دەستەواژە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە تیۆری ئاسایشی ئیسرائیلەوە دەخوازێت. بە نموونە؛ "ژینگەی ستراتیژی" لە بواری سایبەردا جیاوازە لە تێگەیشتنە نەریتییەکەی تیۆری ئاسایشی ئیسرائیل کە لەسەر هەڕەشە جیۆستراتیژییە نەریتییەکان داڕێژراوە. سەرباری ئەوانە، کات و شوێن و ڕووبەر لە بواری سایبەردا لە تێگەیشتنە نەریتییەکانی جیاوازە، چونکە خێرایی پرۆسەی هێرشبردن

لە سایبەردا دژی ئامانجێك كە سەدان یان هەزاران میل دوورە، یەك لە هەزاری چركەیەك دەخایەنێت. بۆیە توێژەران وای دەبینن جێبەجێكردنی سیاسەتی خۆپاراستن كە بە بەردی بناغەی ستراتیژیەتی ئیسرائیل دادەنرێ، لە شەڕی بواری سایبەردا ئەستەمە، ئەوەش بە هۆی زەحمەتیی دیاریكردنی ناسنامەی لایەنی هێرشبەری شەڕەكە لەم بوارەدا.

بە بڕوای توێژەران، بەرگریكردن لە بواری شەڕی سایبەردا جۆرە ئاڵنگارییەكی نوێیە كە یەخەی ئیسرائیل دەگرێت، چونكە دوژمن دەتوانێت هێرشەكانی بەخێرایی برووسكە ئەنجام بدات، ئەوپەڕی ئەستەمیشە ناسنامەی لایەنی هێرشبەر دیاری بكرێت. بۆیە توێژەران پێشنیاری ئەوە دەكەن ئیسرائیل فێر ببێت و سوود لە چەمكی "بەرگریی كارا" لە بواری سایبەردا وەربگرێت كە ئەمەریكا پەیڕەوی دەكات. ئەم چەمكەش پشت دەبەستێت بە توانای هەواڵگریی پێشكەوتوو بۆ دیاریكردنی چالاكییەكان لە ئینتەرنێتدا، هەروەها بە سیستمی بەرگریی دینامیی وەڵامدەرەوەی خۆكرد بەبێ دەستوەردانی مرۆڤ.

توێژەران ئەوەش دەڵێن كە "بەرگریی كارا" تەنها پشت بە تەكنەلۆجیای پێشكەوتوو نابەستێت، بەڵكوو پشت بە تۆڕێكی تۆكمە دەبەستێت كە ڕێكار و ڕێسای پتەوی هەیە، هەروەها ڕۆشنبیریی تێگەیشتن لە مەترسییەكان، بەرزەفتكردنێكی توند، پاراستنی پێگەكان؛ چاودێرییەكی مرۆیی بەهێزی پێویستە.

توێژەران پێشنیاری ئەوە دەكەن لەبەر ئەوەی سوپای ئیسرائیل دانی ناوە بە بواری سایبەردا وەكوو مەیدانێكی شەڕكردن هاوشێوەی مەیدانەكانی دیكە، پێویستە گۆڕانكاری لە هێزەكانی سوپای ئیسرائیلدا بكرێت، هەروەها كار بكرێت بۆ دروستكردنی چەكی تایبەت بە بواری سایبەر، هاوشێوەی چەكی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی.

### سەرەتاكانی ڕێكارەكانی ئیسرائیل بۆ بەرگریكردن لە بواری سایبەردا

ئیڤن و بن سیمان لە توێژینەوەكەیاندا ئاماژە بەوە دەكەن ئیسرائیل لە پێناوی خۆپاراستن و بەرگریكرن لە خۆی، لە ماوەی ئەم دوو دەیەی ڕابردوودا كۆمەڵێك ڕێكاری بەرگریكارانەی لە بواری سایبەردا گرتووەتە بەر. لە ساڵی ١٩٩٧، حكومەتی ئیسرائیل بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ كێشەكانی پاراستنی زانیاری و ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا، پرۆژەی "ژێرخانی حكومیی لە سەردەمی ئینتەرنێتدا" لە وەزارەتی دارایی دروست كرد، ئەركی چاودێریكردنی پێشكەوتنی ئامرازەكانی پاراستنی زانیاری لە جیهان و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەت و دامودەزگا حكومییەكانی پێ سپێردرا. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٢، فەرمانگەی پاراستنی زانیاری

لە دەزگای هەواڵگریی گشتیی ئیسرائیل (شاباك) دامەزرێنرا. ئەركی پاراستنی ژێرخانی كۆمپیوتەرە گرنگ و چالاكەكانی لە ئیسرائیل پێ سپێردرا، لەو مەترسییانەی كە پێی دەوترێت "هەڕەشە تیرۆریستییەكان، پرۆسەكانی تێكدان و چالاكییەكانی سیخوڕی".

لە ڕێگەی لیژنەیەكی هاوبەشی نێوان دەزگای شاباك و دەستەی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، ڕێككەوتنێك كراوە بۆ دیاریكردنی ئەو دەزگا گرنگ و زیندووانەی كە ملكەچی پاراستن دەبن. لە ئازاری ٢٠١١دا حكومەتی ئیسرائیل دامەزراندنی "یەكەی بەڕێوەبردنی زانیارییەكان"ی پەسەند كرد كە سەر بە وەزارەتی دارایی دەبێت و بەرپرسی ڕاستەوخۆی هەموو سیستمەكانی پەیوەندیی حكومی دەبێت، لە نێویاندا "ژێرخانی حكومی لە سەردەمی ئینتەرنێتدا".

لە ئایاری ٢٠١١-دا، لەسەر ڕاسپاردەی كۆمەڵێك شارەزا لە كەرتەكان و وەزارەتەكان، سەرۆكی حكومەتی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ دامەزراندنی "دەستەی سایبەری نیشتمانی" لە دیوانی سەرۆكی حكومەت ڕاگەیاند. ناتانیاهۆ ئاماژەی بەوە دا ئامانجی بنەڕەتیی ئەم دەستەیە، بەهێزكردنی توانای بەرگریی سیستمی ژێرخانی چالاكی ئیسرائیلە لە دژی "هێرشە تیرۆریستییەكان" لە بواری سایبەردا كە دەوڵەتانی بیانی یان "ڕێكخراوە تیرۆریستییەكان" ئەنجامی دەدەن. وتیشی ئیسرائیل ئاشكرایە بۆ هێرشكردن لە بواری سایبەردا، چونكە هەموو ئەو بوارانەی بەكۆمپیوتەری كراون وەكوو تۆڕەكانی: كارەبا و ئاو و پەیوەندییەكان و گەیاندن دووچاری هێرش بوونەتەوە، بەو هۆیەوە دامەزراوە و فەرمانگە گرنگ و زیندووەكان پەكیان كەوتووە و دەوڵەتی سەرقاڵ كردووە.

سیبۆنی و سیڤان ڕوونیان كردووەتەوە لە پێناوی بەرگریكردن لە ژێرخانی سایبەری دامەزراوە گرنگەكان لە ئیسرائیل، هەروەها بۆ پارێزگاریكردن لە بەردەوامبوونی كاركردنیان لە بارێكدا ئەگەر دووچاری هێرشی دوژمنكارانەی سایبەر بوونەوە، حكومەتی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠١٥دا "دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ بەرگری لە سایبەر" لە دیوانی سەرۆكی حكومەت دامەزراندووە. لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٨)شدا، هەردوو "دەستەی سایبەری نیشتمانی" و "دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ بەرگری لە سایبەر"؛ لە دەزگایەكی یەكگرتوودا یەك خران و ناویان لێ نرا "كۆمەڵەی نیشتمانیی سایبەر" و بڕیار درا سەر بە دیوانی سەرۆكی حكومەت بن.

ئیڤن و بن سیمان پێشنیار دەكەن حكومەتی ئیسرائیل ستراتیژیەتی بەرگریكردن لە بواری سایبەردا لە ئیسرائیل بەگوێرەی ئەم خاڵانە پەیڕەو بكات:

• دانپێدانان بە بواری سایبەر وەكوو بوارێكی نوێی نیشتمانی (سەرباری بوارەكانی وشكانی و ئاسمانی و ئاوی)، پێویستە

پاراستن و بەرەڤانیکردن لێی لە ڕێگەی دیدگایەکی گشتگیر و هاوکاریی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بێت.

• دامەزراندنی دەستە و سەرکردایەتیی ناوەندی بۆ بەرگریکردن لە بواری سایبەر لە ئیسرائیل لەسەر ئاستی نیشتمانی.

• دانانی ژێرخانێکی چالاك و سیستمێکی تەناهی لە لوتکەی ئەولەویەتەکان کە پێویستە بپارێزرێت، لە هەمان کاتدا ئەنجامدانی ئەرکی پارێزگاری لە دامەزراوەکانی دیکە، لە نموونەی پاراستنی زانیارییەکانی زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە و کۆمپانیا گرنگەکان کە کار دەکەنە سەر ئابووریی ئیسرائیل، بەڵام وەکوو بەشێك لە ژێرخانی چالاك پۆلێن نەکراون.

• دروستکردنی سیستمێکی بەرگریی تۆکمە لە بواری سایبەردا، هاوشێوەی ئەو سیستمەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا دروستی کردووە.

• هاوکاریی بەردەوام لە بواری سایبەردا لەنێوان کەرتی حکومی و کەرتی ئەمنی و کەرتی تایبەتدا.

• هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە بیانییەکان لە بواری سایبەردا، بەتایبەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان.

• دەرچوواندنی یاسا لە بواری سایبەردا و جێبەجێکردنی.

• یارمەتیدانی جەماوەر بۆ زیادکردنی هۆشیارییان لە بواری سایبەردا، گەشەپێدانی توانای بەرگرییان لەم بوارەدا، پێدانی هاندان بە هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان بۆ کڕینی بەرنامەکانی بەرگری، زیادکردنی چاودێری لەسەر کۆمپانیاکانی پارێزگاری.

• بەکارهێنانی ئامراز و ئامێرە تەکنەلۆجییە زۆر پێشکەوتووەکانی تایبەت بە فەزای ئەلکترۆنی.

• ڕوونکردنەوە و گەشەپێدانی سیاسەتی خۆپاراستنی ئیسرائیل، لە نێویاندا توانای بەرپەرچدانەوەی ڕاستەوخۆ دژی هەر کەسێك هێرش بکاتە سەر بواری سایبەری ئیسرائیلی و زیانی پێ بگەیەنێت، ئەمەش ئەرکی دامەزراوە تەناهییەکانی ئیسرائیلە.

### سیماکانی ستراتیژیەتی نیشتمانی لە بواری سایبەردا

سیبۆنی و ئاساف لە توێژینەوەکەیاندا "هێڵە ئاراستەکراوەکان بۆ ستراتیژیەتی نیشتمانی"، ئاماژە بە دوو پێکهاتەی بنەڕەتی لە بواری سایبەردا دەکەن، ئەوانیش بەرگری و هێرشکردنە. داوا دەکەن ئیسرائیل لە بواری سایبەردا ستراتیژیەتی بەرگری و هێرش پەیڕەو بکات، زەمینە و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەش ئامادە بکات. توێژەران ئەو دامەزراوە و فەرمانگانەی کە لە ئیسرائیلدا پێویستە لە بواری سایبەردا بەرگرییان لێ بکرێت، بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکەن:

یەك: دامەزراوە سەربازی و تەناهییەكان کە بەرەڤانی لە ئیسرائیل دەکەن.

دوو: دامەزراوە و فەرمانگەکان کە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان پێشکەش دەکەن.

سێ: ئەو دامەزراوە و فەرمانگانەی ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لە ڕێکخستنی ژیان لە دەوڵەتدا بە شێوەیەکی دروست هەیە.

چوار: ئەو دامەزراوانەی ئەگەر پەلامار بدرێن و زیانیان پێ بگات، کار دەکەنە سەر ورەی جەماوەر و سەروەری و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان.

توێژەران ڕایدەگەیەنن هەموو ئەو دامەزراوانەی باس کران لەبەردەم هەڕەشەدان، لەلایەن: دەوڵەتانی دوژمن، دەوڵەتە ڕکابەرەکان، ڕێکخراوە "تیرۆریستییەکان" و هاککەرەکان. جگە لەوانە، ئاماژە بەوە دەکەن کە بواری سایبەر لە ئیسرائیلدا دووچاری تاوانی جۆراوجۆر دەبێتەوە، لە نموونەی سیخوڕیکردن بەسەر کۆمپانیاکانەوە، دزینی خاوەندارێتیی ڕۆحی، بەکارهێنانی بواری سایبەر بۆ بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و فرۆشتنی چەك و... تاد.

توێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە ئامانجی بنەڕەتی لە ستراتیژیەتی بەرگریی نیشتمانی لە بواری سایبەردا، پارێزگاریکردنە لە بەردەوامبوونی کاری سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت کاتێك لە بواری سایبەردا دووچاری هێرشێکی دوژمنکارانە دەبنەوە، ئیدی لە هەر لایەنێکەوە بێت. ئامانجێکی دیکەی گرنگ لە ستراتیژیەتی بەرگریی نیشتمانی، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بڕیاربەدەستانی ئیسرائیل بتوانن بڕیار بدەن و کارگەلێك لە بواری سایبەر و جەنگی نەریتیدا لە دژی دوژمنان ئەنجام بدەن، لەو ڕوانگەیەوە ئیسرائیل بتوانێت بەرگری لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی بکات، ئەگەر لە کاردانەوەی هێرشێکی ئیسرائیلدا لە بواری سایبەردا دووچاری هێرش بوونەوە.

توێژەران لە چارەسەرکردنی ستراتیژیەتی بەرگریدا جیاکاری لەنێوان سێ جۆرە هێرشدا دەکەن:

• هێرشی قووڵ: ئامانجی گەیشتنە بە قووڵایی کۆمپیوتەری دامەزراوە و فەرمانگەکان.

• هێرشی خێرا و ڕووکەش: دەستبەجێ ئەنجامەکانی دەردەکەون، ئامانج لێی ڕێگرتن یان لەمپەردانانە لە گەیشتن بەو پێگەیەی هێرشی دەکرێتە سەر.

• هێرشکردنە سەر پێکهاتە فیزیاییەکان لە کۆمپیوتەردا.

• توێژەران پێشنیار دەکەن ئەم ڕێکارانە لە دژی هێرشە جۆراوجۆرەکان بگیرێتە بەر:

• هەماهەنگی لەنێوان توانا ئیسرائیلییە جۆراوجۆرەکاندا لە بواری سایبەردا، ئامادەکردنی تاقمی پیشەیی کە شارەزاییان

لە بارەی ئامرازەکانی هێرشکردن هەبێت، بۆ بنیادنانی ژێرخانی بەرگری لە دژی هێرشەکان.

• پەیوەندییەکی بەردەوام و ئاشکرا لەنێوان دامەزراوە و فەرمانگە ئیسرائیلییەکاندا هەبێت، لەهەمبەر ئەو هێرشە سایبەریانەی دەکرێتە سەریان.

• دروستکردنی دامەزراوەیەك بۆ خەملاندنی دۆخی سایبەر لە ئیسرائیل و ئەو هێرشانەی بەبەردەوامی لە دژی دەکرێن.

• دروستکردنی دەستەی تایبەت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدان لە بارەی ئەو لایەن و گرووپانەی کە هێرش دەکەن.

• هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بەرگری لە کەرتی بازرگانیدا، هەروەها لەگەڵ ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەی تایبەتن بە سایبەر.

ر: گەشەپێدانی کۆکردنەوەی زانیاری بەبەردەوامی لە بارەی ڕکابەر و نەیارەکانەوە، لە پێناوی بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەیان.

• چێکردن و پلاندانان بۆ وەڵامدانەوەی خێرا دژی دوژمنە گریمانەکراوەکان لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی خۆپاراستندا.

• گەشەپێدانی توانای بووژانەوە دوای هێرشەکان، لەو ڕوانگەیەوە ئامادەکارییەکانی بەرگری لە بواری سایبەردا هەر چەندێك بن، بەڵام ئەگەری دزەکردنە ناوی هەیە. بۆیە پێویستە بەردەوام ئامادەکارییەکان لە ئاستێکی باڵادا بن، لە پێناوی چاککردنەوەی زیانەکان لەدوای هێرشەکانی دوژمن و پاراستنی کارکردنی ئەو دامەزراوە و فەرمانگانەی هێرشیان کراوەتە سەر.

• باشترە ئەو هێڵانەی ئینتەرنێت بەکار بهێنرێت کە دەتوانرێت بەسەر هەوڵەکانی داخستن و گرفت خستنە بەردەم کارکردنیدا زاڵ ببیت، کاتێك دووچاری هێرشێکی ڕووکەش و خێرا دەبیتەوە.

• گرنگە توانای ئەوە هەبێت ئەو پێگانەی هێرشیان دەکرێتە سەر، بگوازرێنەوە بۆ پێگەی دیکەی جێگرەوە لە ئینتەرنێتدا.

• پێویستە پەرە بە توانای ئیسرائیلییەکان بدرێت بۆ ناسینەوەی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر پێکهاتە فیزیاییەکانی کۆمپیوتەر، گرنگە ئەو پێکهاتانەی کۆمپیوتەر بەکار بهێنرێن کە بەرهەمی پیشەسازییەکانی ئیسرائیلن و زەحمەتە زیانیان پێ بگەیەنرێت.

• توێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە کەرتی مەدەنی زیاتر ئەگەری پەلاماردانی هەیە لە بواری سایبەردا، بۆیە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە پێناوی بەرگریکردن لە سایبەرەکانیان، داوای پابەندبوونی کۆمپانیاکان بکرێت لە کاتی دامەزراندن یان نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیاندا. پابەندبوون بەو

ڕێکارانەش، بکرێتە مەرجێك بۆ مۆڵەتپێدانیان یان نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان.

لە بارەی هێرشەکانی بواری سایبەرەوە، توێژەران هێرشەکان دەکەنە سێ جۆرەوە:

• هێرشی ئاشکرا

• هێرش بۆ گەیاندنی پەیامێك

• هێرش لە چوارچێوەی جەنگێکی نهێنیدا

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشانەش، پێشنیار دەکەن ئەم هەنگاوانە بنرێن:

• پێویستە لە بواری سایبەردا سەرجەم دامەزراوە سەربازی و تەناهییەکانی ئیسرائیل هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوانیاندا هەبێت، ئەوەی پێویستە ئامادەی بکەن بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنە گریمانەکراوەکان لە بواری سایبەردا، بەردەوام لە ئامادەباشیدا بن.

• پێویستە توانای هێرشکردن لە بواری سایبەردا بەشێك بێت لە پلانێکی گشتگیر، تاوەکوو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گشتگیردا کاریگەریی هەبێت.

پێویست ناکات هێرشێکی کاریگەر و سەرکەوتوو بەشێك بێت لە هێرشێکی قووڵی پێشکەوتوو، باشترە تواناکان پەرە پێ بدرێن بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی کاریگەر و ورد لە ڕێگەی هێرشێکی ڕووکەش و خێرا و فراوان بۆ سەر چەندین ئامانجی جۆراوجۆر.

• بۆ ئەنجامدانی هێرش لە بواری سایبەردا دژی دوژمنە گریمانەکراوەکان، گرنگە لە ڕێگەی "نێوەندگیرێکی نادیارەوە" ئامادەسازی هەبێت، بەبێ ڕاگەیاندنی بەرپرسیارێتی.

• لە پێناوی ئەنجامدانی هێرشێکی فراوان و گشتگیر و کاریگەر لە بواری سایبەردا؛ پێویستە هێزی پێویست بۆ ئەو هێرشانە دروست بکرێن، ئامانجەکە بەوردی بزانرێت، پلاندانانی پێشوەختە هەبێت.

• دەکرێت هێرش لە بواری سایبەردا بەشێك بێت لە گفتوگۆی نێوان دەوڵەتان، بە جۆرێك دەکرێت ئامانجی هێرشەکە گەیاندنی پەیامێك بێت.

• لە بواری سایبەردا وا باشترە "هێرشبەرانی" پیشەگەر و شارەزا بخرێنە بەرگریی ئیسرائیلەوە.

## ڕێنماییەکان لە بواری سایبەردا

سیبۆنی و سیڤان لە ڕێنماییەکانی بواری سایبەردا کە لە ٢٠١٨ دەرچووە، داوا دەکەن بواری سایبەر لە ئیسرائیلدا ڕێک بخرێت، ڕێنمایی ڕوون و تەواو لە بارەیەوە دابنرێت. جەخت لەوەش دەکەنەوە بواری سایبەر بێئەندازە گرنگە و بەبەردەوامی لە گۆڕاندایە، چونکە بەشێکی گەورەی پشت بە کارەکانی کەرتی مەدەنی دەبەستێت کە لە ڕێگەیەوە دەکرێت زیانێکی توند بە ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بگەیەنرێت، ئەم کەرتەش خاڵی لاوازە کە لە ڕێگەیەوە دەکرێت هێرش بکرێتە سەر سایبەری ئیسرائیل.

توێژەران ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە سایبەری ئیسرائیل دەکەن، هەروەها پاراستنی سایبەر و ئەو لایەنانەی لێی بەرپرسن؛ دەکەنە شەش کۆمەڵەوە، بەم شێوەیە:

• ئەو دامەزراوانەی خۆیان دەپارێزن و چاودێریی خۆیان دەکەن: ئەمەش دامەزراوە تەناهییەکان دەگرێتەوە وەکوو دەزگای هەواڵگریی گشتی (شاباك)، مۆساد و سوپای ئیسرائیلی بە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی و پۆلیسەوە. ئەم دامەزراوانە بۆ خۆپاراستنیان بەبێ دەستێوەردانی لایەنێکی دەرەکی، ئامادەکاریی پێویستیان کردووە.

• دامەزراوە هەستیارەکان و پیشەسازییەکانی سەربازی: ئەمانیش ملکەچی سەرپەرشتی و چاودێریی بەرپرسی ئاسایشن لە وەزارەتی ئاسایشی ئیسرائیل، کە ئەرکی دەرچوواندنی ڕێنماییە بۆ پاراستنیان لە هێرشی سایبەری دوژمنان و پاراستنی نهێنی و زانیارییەکانی ئەو شوێنانەیە.

• ژێرخانی زیندەگی لە ئیسرائیل: لەژێر سەرپەرشتیی هاوبەشی "کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی" و دەزگای هەواڵگریی گشتیدان. ژێرخانی زیندەگی لە ئیسرائیل دامەزراوە و کەرتی زۆر دەگرێتەوە، لە نموونەی کەرتی غاز و کارەبا و ئاو و گەیاندن و پەیوەندییەکان و تەندروستی و فڕۆکەخانە و بەندەرەکان و دامەزراوەی دڵنیایی نیشتمانی و... تاد.

لیژنەیەکی هاوبەش لە کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی و دەزگای هەواڵگریی گشتی، ئەو دامەزراوانە دیاری دەکەن کە پێویستە بخرێنە ژێر چاودێرییانەوە، ئەوەش بەپێی خەمڵاندنیان بۆ ئەو مەترسییانەی دووچاریان دەبێتەوە و زیان بە ڕەوتی سروشتیی ژیان لە ئیسرائیل دەگەیەنێت، ئەگەر هاتوو دووچاری هێرشی سایبەری دوژمنان بوونەوە.

• وەزارەتەکانی ئیسرائیل و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانیان: کۆمەڵەی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیی حکومی سەرپەرشتیی پرۆسەی بەرگریکردنیان دەکات لە هێرشی سایبەر.

ا: کەرتی تایبەت: زۆرینەیان ملکەچی ڕێنماییەکان نابن لە بارەی بەرگریکردن لە بواری سایبەردا، بە هەڵاواردنی چاودێری لەسەر بانك و بۆرسە و دامەزراوە تەندروستییەکان و کارگەکانی کەرتی وزە.

• هاوڵاتیان ملکەچی ڕێنماییەکان نابن لە بارەی بەرگریکردن لە بواری سایبەردا.

و سەرباری ئەوانە، توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن لە ئیسرائیل شەش ڕێنمایی و دەستپێشخەری لە بارەی بواری سایبەرەوە دەرچوون کە بریتین لە:

• زیادکردنی چاودێری لەسەر هەناردە ئەمنییەکانی ئیسرائیل، زیادکردنی بەرهەمە سەربازییەکان کە دەخرێنە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتییەوە، بە ئامانجی پاراستنی

باڵادەستیی ڕێژەیی ئیسرائیل، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازیی هێرشبەرانەی سایبەر و بەرهەمەکانیدا. توێژەران ئاماژەیان بەوە کردووە ئیسرائیل هەندێك لە بەندوباوەکانی چاودێریی لەسەر هەندێك لە بەرهەمەکانی سایبەر کەم کردووەتەوە، چونکە هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەند لەنێوان پاراستنی باڵادەستیی ڕێژەیی ئیسرائیل لە بواری پیشەسازیی سایبەر لە لایەك، پارێزگاری لە هێزی ڕکابەر و هەناردەی کۆمپانیاکانی سایبەری ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە.

• دەستەی سایبەری نیشتمانی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٥دا بەڵگەنامەیەکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند هەوڵ دەدات گەشە بە توانا مرۆییەکانی ئیسرائیل لە بواری سایبەردا بدات، ئەوەش لە پێناوی بەرزکردنەوەی پرۆسەی پاراستنی سایبەر لە ئیسرائیل و بەرگریکردن لێی. ئەم بەڵگەنامەیە ئاستی پیشەیی داواکراوی لە توانا مرۆییەکان دیاری کردووە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سایبەر لە ئیسرائیلدا کار دەکەن. بەڵگەنامەکە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی کارمەندانی بواری سایبەر بە پێویست دەزانێت، لە ڕێگەی خوێندنی وانەکانی بواری سایبەر و پێدانی بڕوانامەی زانستی بە کارمەندانی بواری سایبەر، دوای ئەوەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سایبەردا دەخوێنن و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت.

• وەزیری داد لە ٢٠١٧دا ڕێنماییەکی نوێی ئیلزامیی پەسەند کرد لە بارەی پاراستنی زانیارییەکان بەگوێرەی ئاستی هەستیارییان. تاوەکوو ئاستی هەستیاریی زانیارییەکان بەرزتر بن، ئەوا پێویستە پابەندبوون بە ڕێنماییەکان لە بارەی سیستمی پاراستنیانەوە توندتر بێت.

• کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی لە نیسانی ٢٠١٧دا بەڵگەنامەی "تیۆری بەرگریی لە بواری سایبەر لە دامەزراوەکاندا" بڵاو کردەوە، ئەم بەڵگەنامەیە تایبەتە بە کاروبارەکانی کەرتی مەدەنی، تیایدا باس لە ئامرازەکانی خۆپاراستن و شێوازەکانی، چۆنێتیی کەمکردنەوەی مەترسییەکان لە بواری سایبەر لە کەرتی مەدەنیدا کراوە، ئەمەش لە پێناوی بەرزکردنەوەی توانای بەرگریی دامەزراوەکانی ئەم کەرتەدا.

ڵ: کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی لە ٢٠١٧دا بەڵگەنامەی "ستراتیژیەتی ئیسرائیل بۆ بەرگریکردن لە بواری سایبەر"دا بڵاو کردەوە، ئەمەش بۆ جاری یەکەم بوو بەڵگەنامەیەکی چڕوپڕ بڵاو بکرێتەوە کە تیایدا بەوردەکارییەوە باس لە بەرگریکردن لە بواری سایبەر لە ئیسرائیلدا بکات.

• کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی دەستپێشخەریی کرد بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی "یاسای سایبەر"، بە مەبەستی پەسەندکردنی لە کنێست. ئەم ڕەشنووسە

دەسەڵاتەکانی کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانیی دیاری کردووە، بەرپرسیارێتیی بەرگریکردن لە سایبەر لە ئیسرائیلی خستووەتە ئەستۆی. ئەم ڕەشنووسە ئەو دەزگایانەی دیاری کردووە کە پێویستە ملکەچی ڕێنماییە ئیلزامییەکان بن لە بارەی پاراستنی بواری سایبەریان. ڕەشنووسەکە دامەزراوەکانی ئیسرائیلی کردووەتە سێ کۆمەڵەوە:

کۆمەڵەی یەکەم لە کۆی (٦٠٠) هەزار دامەزراوە، نزیکەی هەزار دامەزراوەی هەستیار و زیندەگی دەگرێتەوە کە پێویستە ئەرکی بەرگریکردن لێیان لە ئەستۆی دەوڵەتدا بێت. هەر چی دامەزراوەکانی دیکەیە، بەسەر کۆمەڵەکانی دووەم و سێیەمدا دابەش کراون. پارێزگاریکردن لەم دوو کۆمەڵەیە؛ پەیوەستە بەو ڕێنماییانەی بۆیان دەرکراوە، بەڵام هاندانیان دەدرێتێ تاوەکوو خۆیان ئامادەکاریی پێویست بۆ خۆپاراستنیان بکەن.

ڕەشنووسەکەی کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی مافی داوە بە چوونەناوەوەی هەموو کۆمپیوتەرەکان لە ئیسرائیلدا، بە تایبەت و گشتییەوە، تاوەکوو ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی دەویسترێن لێیان وەربگیرێ، بەبێ بوونی چاودێرییەکی یاسایی یان بەبێ ئاگادارکردنەوەی خاوەنی کۆمپیوتەرەکان کە زانیارییەکانیان لێ وەردەگیرێت.

لە حوزەیرانی ٢٠١٧دا کنێست خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەم ڕەشنووسە کرد و پەسەندی کرد. بەڵام ئەم یاسایە لەلایەن چەندین لایەنی ئیسرائیلییەوە دووچاری نەیارێتییەکی توند هات، بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتێکی بێئەندازە فراوانی بەخشیوەتە کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی و تایبەتمەندییەکانی تاك پێشێل دەکات. هەروەها مەترسیی ئەوەش هەیە ئەو زانیارییانەی لەلایەن کۆمەڵەی سایبەری نیشتمانی کە بەفەرمی سەر بە دیوانی حکومەتە کۆ دەکرێتەوە، لەژێر ڕووپۆشی پاساوی ئەمنیدا، بۆ مەبەستی سیاسیی ناوخۆیی حیزبی خراپ بەکار بهێنرێت.

هەردوو توێژەر و سیبۆنی و سیڤان، پێشنیاری ڕێکخستنی پارێزگاری لە بواری سایبەر لە تەواوی دامەزراوەکانی ئیسرائیلدا دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراوەکان دەکەنە سێ کۆمەڵەوە و دەخرێنە ژێر سێ جۆری جیاوازی ڕێنماییەوە، بەم شێوەیە:

• ڕێنمایی خۆکردی ناوخۆیی: ئەم جۆرە دامەزراوە سەربازی و تەناهییەکان دەگرێتەوە، لە نموونەی سوپا و مۆساد و پۆلیس و هەواڵگریی گشتی. ئەم دامەزراوانە لە پێناوی پاراستنی بواری سایبەریان، ملکەچی ڕێنماییەکانی تایبەت بە خۆیان دەبن.

• ڕێنماییە ئیلزامییەکان: دەوڵەت ڕێنمایی ئیلزامیی لایەنە تایبەتمەندەکان دەسەپێنێت بۆ پاراستنی بواری سایبەر لە دەزگا و دامەزراوە زیندەگی و هەستیارەکاندا، وەکوو

پیشەسازیی سەربازیی سەر بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، تەواوی کەرتەکانی گەیاندن و پەیوەندییەکان و وزە و ئاو و تەندروستی و بەندەرەکان و فڕۆکەخانەکان و بانکەکان و بۆرسە، تەواوی ئەو دەزگایانەی دیکە ئەگەر دووچاری هێرشی سایبەر ببنەوە، دەبنە هۆی شێواندنی ڕەوتی ئاسایی ژیان لە ئیسرائیلدا.

- ئەو ڕێنماییانەی پەیوەستن بە هاندانەوە: دەوڵەت ڕێنمایی دەردەکات تاوەکوو دەسەڵات ببەخشێت بە کۆمپانیا و دەزگا نازیندەگییەکان، تاوەکوو بۆ پاراستنی بواری سایبەریان خۆیان ڕێوشوێنی پێویستی بەرگریلەخۆکردن بگرنە بەر.

### سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا

زیاتر لە دە ساڵە کۆدەنگییەك لەنێو دەزگا سەربازی و تەناهییەکانی ئیسرائیلدا هەیە کە سایبەر بووەتە مەیدانێکی نوێی شەڕکردن، چووەتە ڕیزی مەیدانەکانی دیکەی شەڕکردنەوە لە وشکانی و دەریایی و ئاسمانی و گەردوونیدا. لەم دە ساڵەی دواییدا لە ئیسرائیل بانگەوازەکان بۆ دروستکردنی چەکی سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا دەرکەوتوون، داواش دەکەن هاوشێوەی چەکی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی، سەرکردایەتییەکی تایبەت بە خۆی هەبێت.

لە ساڵی ٢٠٠٩، سوپاسالاری ئەو دەمەی ئیسرائیل؛ گابێ ئەشکنازی، بواری سایبەری وەکوو مەیدانێکی شەڕکردن لە هەردوو باری ستراتیژی و کردەیی دانا. لەسەر ئەو بنەمایەش، سوپای ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستەی سایبەری لە یەکەی (٨٢٠٠) سەر بە دەزگای هەواڵگریی سەربازی (ئامان) دروست کرد. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩دا، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سەربازیی ئەو کاتە؛ عامۆس یادلین، لە وتارێکیدا لە پەیمانگای توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وتی: هێرشکردنە سەر ئامانجە دەرەکییەکان لە بواری سایبەردا، یەکێکە لە ئەرکەکانی دەستەی سایبەری سەر بە دەزگای هەواڵگریی سەربازی.

لە حوزەیرانی ٢٠١٥دا، وتەبێژی سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە بواری سایبەردا ڕووبەڕووی سوپا دەبێتەوە، سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان، گادی ئایزنکۆت، بڕیاری داوە چەکی سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا دروست بکرێت، ئەم بڕیارەش لە ماوەی دوو ساڵدا جێبەجێ دەکرێت. سەرۆکی ئەرکان ئاماژەی بەوە دا دروستکردنی چەکی سایبەر وا دەکات سوپای ئیسرائیل لە بەرە جیاوازەکان و لە دەرخستنی باڵادەستیی خۆی لە ڕووی تەکنەلۆجی و مرۆییەوە باشتر کار بکات.

وەلێ ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا و دوای تاوتوێکردنێکی زۆر لە دەستەی ئەرکانی سوپای ئیسرائیلی هەڵوەشێنرایەوە. ئایزنکۆت

لە وتارێكدا كە لە كۆتایی ٢٠١٨دا بڵاوی كردەوە، ئەو هۆكارانەی هاندەر بوون بۆ دروستكردنی چەكی سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا و پاشان ڕەتكردنەوەی؛ ڕوون كردەوە. ئایزنكۆت ئاماژە بەوە دەكات لە بارەی چۆنێتیی ڕێكخستنی سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا، لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە مشتومرێكی درێژخایەن لە دەستەی ئەركانی گشتی كراوە. لەو بارەیەوە دەستەی ئەركان چەندین بەدیلی تاوتوێ كردووە، هەندێكیان بە بازدانێكی مەزن دانراون، بە جۆرێك داوای یەكخستنی هەموو تواناكانی لە بواری سایبەر لە سوپای ئیسرائیل و دانانی لەژێر یەك سەركردایەتیدا كردووە، بەڵام هەندێكی دیكەیان زۆر پارێزگارانە بوون. لە كۆتاییدا و دوای لێكدانەوەی هەموو بەدیلەكان، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی بازدانێكی گەورە لە ڕێكخستنی بواری سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا لەژێر یەك سەركردایەتیدا هەڵەیە. بۆیە ئەو پێشنیارە پەسەند كراوە پێشكەوتن لە بواری یەكخستنی سایبەردا لە سوپای ئیسرائیل بە شێوەیەكی لەسەرخۆ و دیراسەكراو بێت. پاشان بڕیار دراوە دەسەڵاتەكانی "بەشی زانیاری و پەیوەندییەكان" لە سوپای ئیسرائیلدا فراوان بكرێت و ناوەكەی بگۆڕدرێت بە "بەشی زانیارییەكان و پەیوەندی و بەرگری لە سایبەر" و بەرپرسیارێتیی بەرگری لە بواری سایبەردا بخرێتە ئەستۆ. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەدا، چەندین یەكەی دەزگای هەواڵگریی سەربازی دووبارە ڕێك خرانەوە، لە پێشی هەموویانەوە یەكەی (٨٢٠٠)، كە ئەركی هێرشكردن و كۆكردنەوەی زانیاریی خرایە ئەستۆ. ئایزنكۆت جەختی لەوە كردەوە جووڵەی سوپای ئیسرائیل بە شێوەیەكی هێواش و دیراسەكراو لە بواری سایبەردا، هەرگیز مانای داخستنی دەرگا نییە لەبەردەم دروستكردنی چەكی سایبەر لە داهاتوودا.

ئایزنكۆت لە وتارەكەیدا ئاماژەی بەوە كردووە سوپای ئیسرائیل لە كاتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بەرەنگاریی چەندین مەترسی بووەتەوە كە هەڕەشەیان لە ئاسایشی ئیسرائیل كردووە، وەكوو هەڕەشەكردن بە چەكی نەریتی، هەڕەشەكردن بە چەكی ئەتۆمی كە تا ئێستاش ژمارەیەك دەوڵەتی دوژمن هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، هەڕەشەكردنی شەڕی ناهاوتا لەنێوان ئیسرائیل و ڕێكخراوەكانی مقاوەمەدا. ئەو هەڕەشەی نوێیەشی لەم دەیەی دواییدا دووچاری ئیسرائیل بووەتەوە، هەڕەشەی سایبەرە. جەختی لەوەش كردووەتەوە لەم دەیەی دواییدا سایبەر یەكێكە لە بوارە زۆر پێشكەوتووەكان لە سوپای ئیسرائیلدا، سەرچاوەیەكی بێشوماریش بۆ سایبەر تەرخان كراوە لە پێناوی سێ ئامانجی بنەڕەتیدا:



یەکەم: بەرگریکردن لە بواری سایبەری سەربازی و هاوکاریکردن لە پاراستنی بواری سایبەری مەدەنی لە ئیسرائیلدا.

دووەم: بەگەڕخستنی هەموو هەوڵ و کۆششەکان بۆ گەشەپێدانی تواناکان لە بارەی کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری سایبەردا. پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان بووەتە هۆی زیادبوون و فەراهەمکردنی زانیارییە زیندەگییە جۆراوجۆرەکان لە بواری سایبەردا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەستن بە ئاسایشی نەتەوەییەوە.

سێیەم: بەهێزکردنی تواناکانی هێرشبردن لە سایبەردا لە دژی دوژمنە گریمانەکراوەکان.

دووەم: واقیعی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ئیسرائیلدا

ماوەی چەندین دەیەیە ئیسرائیل لە بواری بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی و بەکارهێنانی و هەناردەکردنی، پێگەیەکی گرنگی داگیر کردووە. لە سەرەتادا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بۆ مەبەستی سیخوڕی و وێنەگرتنی ناوچە عەرەبییەکانی هاوسنووری لە کۆتایی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەکار دەهێنا. لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووشدا، بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە جەنگە ناهاوتاکەیدا لە دژی هێزە فەڵەستینییەکان لە لوبنان لە شەڕی یەکەمی لوبناندا، هەروەها دژی حیزبوڵا لە لوبنان.

لە دەیەی هەشتاکانەوە ئیسرائیل فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تەنها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکار ناهێنێت، بەڵکوو وەکوو بەشدارێکی کارا لە شەڕدا بەکاری دەهێنێت،

چونكه زانیاری به سوپای ئیسرائیل و هێزی ئاسمانی ده‌دات له باره‌ی ئامانجه جێگیر و جووڵاوه‌كان كه پێویسته به‌ئامانج بگیرێن. ئیسرائیل له نه‌وه‌ده‌كانی سه‌ده‌ی ڕابردووه‌وه له پرۆسه‌ی تیرۆركردنی سه‌ركرده و چالاكوانه فه‌ڵه‌ستینی و لوبنانییه‌كاندا، فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه‌كانی به شێوه‌یه‌كی چڕ به‌كار ده‌هێنێت.

تیرۆركردنی ئه‌میندارى گشتیی حیزبوڵای لوبنانی؛ عه‌باس موسه‌وی له (١٦/ شوبات/١٩٩٢) له‌لایه‌ن ئیسرائیله‌وه، یه‌كێكه له دیارترین ئه‌و چالاكییانه‌ی كه فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه ئیسرائیلییه‌كان له‌و ماوه‌یه‌دا به‌شدارییان تێدا كرد. فڕۆكه‌یه‌كی بێفڕۆكه‌وانی ئیسرائیلی ئه‌و ڕۆژه له ئاسمانی باشووری لوبنان بوو، ڕاسته‌وخۆ وێنه‌ی جموجۆڵه‌كانی كاروانه‌كه‌ی موسه‌وی ئه‌میندارى گشتیی حیزبوڵای ده‌گه‌یانده ژووری ئۆپه‌راسیۆنه‌كانی سه‌ركردایه‌تیی سوپای ئیسرائیل له ته‌لئه‌بیب، كه له‌و ڕۆژه‌دا سه‌ردانی باشووری لوبنانی كردبوو. له هه‌مان كاتدا فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه‌كه ئامانجه‌كه‌ی بۆ هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل دیاری ده‌كرد، ئه‌وانیش دوو فڕۆكه‌ی ئه‌باتچییان نارد و بۆردوومانی چوار ئۆتۆمبێلی كرد كه سه‌ر به كاروانه‌كه‌ی ئه‌میندارى گشتیی حیزبوڵا بوو، له ئاكامدا خۆی و هاوسه‌ره‌كه‌ی و منداڵێكی شه‌ش ساڵانی و ژماره‌یه‌ك چه‌كداری حیزبوڵا كوژران.

ئیسرائیل له پرۆسه‌كانی تیرۆركردنی ده‌یان سه‌ركرده و چالاكوانی فه‌ڵه‌ستینی له كۆتاییه‌كانی ڕاپه‌ڕینی یه‌كه‌م، ڕاپه‌ڕینی دووه‌م، جه‌نگه‌كانی له دژی كه‌رتی غه‌ززه، له به‌كارهێنانی فڕۆكه‌ی بێفڕۆكه‌وان؛ به‌رده‌وام بوو. به‌كارهێنانی فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه‌كان ته‌نها دژی وڵاتانی هاوسێی نه‌بوو، به‌ڵكوو له ده‌یه‌ی ڕابردوودا زۆر جار ئامانجگه‌لێكی پێكاوه كه سه‌دان كیلۆمه‌تر دوور بوون.

له شه‌ڕی دووه‌می لوبناندا له ٢٠٠٦، به‌كارهێنانی فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه‌كان گه‌یشته یه‌كێك له لوتكه‌كانی، چونكه چه‌ندین كاتژمێر زیاتر له‌و فڕۆكانه‌ی كه فڕۆكه‌وانیان هه‌بوو؛ فڕین. له مێژووی سه‌ربازیدا و بۆ یه‌كه‌م جار له‌م جه‌نگه‌دا، فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه‌كان له سه‌ره‌تاوه تا كۆتاییهاتنی شه‌ڕه‌كه له‌سه‌ر ئاسمانی گۆڕه‌پانی شه‌ڕه‌كه به‌رده‌وام بوون له كاركردن. له‌م ده‌یه‌یه‌ی كۆتاییدا ئیسرائیل به شێوه‌یه‌كی چڕ و به‌رده‌وام فڕۆكه بێفڕۆكه‌وانه‌كانی له پرۆسه سه‌ربازییه‌كان و له هه‌ر سێ هه‌ڵمه‌ته‌كه‌یدا بۆ سه‌ر كه‌رتی غه‌ززه له (٢٠٠٩، ٢٠١٢ و ٢٠١٤) به‌كار هێنا. هه‌روه‌ها به‌رده‌وامه له به‌كارهێنانیان له په‌لاماره دووباره‌كانی بۆ سه‌ر سووریا و لوبنان و عێراق، كه تیایاندا سه‌ربازانی ئێران و میلیشیاكانی سه‌ر به ئێران له‌و ده‌وڵه‌تانه‌دا به ئامانج ده‌گرێت.

## به‌رهه‌مهێنانی فڕۆكه‌ی بێفڕۆكه‌وان له‌لایه‌ن ئیسرائیله‌وه‌

ئیسرائیل له‌ ده‌یه‌ی هه‌شتاكانی سه‌ده‌ی ڕابردوو، له‌ ده‌یه‌ی نه‌وه‌ده‌كانه‌وه‌، ده‌ستی كردووه‌ به‌ به‌رهه‌مهێنانی جۆری جیاوازی فڕۆكه‌ی بێفڕۆكه‌وان، كورتمه‌ودا و مامناوه‌ند و دوورمه‌ودا، بۆ مه‌به‌ستی جۆراوجۆری سه‌ربازی، كه‌ كۆكردنه‌وه‌ی زانیاری و سیخوڕی و بۆردوومانكردنی ئامانجه‌ نزیك و دووره‌كان له‌ ئیسرائیله‌وه‌ ده‌گرێته‌وه‌، له‌و ده‌مه‌وه‌ ئیسرائیل چه‌ندین جۆری جیاوازی فڕۆكه‌ی بێفڕۆكه‌وانی به‌ بڕی زۆر دروست كردووه‌. به‌ نموونه‌؛ فڕۆكه‌ی "سكایلارك" كه‌ كۆمپانیای "ئه‌لبیت"ی ئیسرائیلی به‌رهه‌می ده‌هێنێت. فڕۆكه‌ی "هێرمس ٤٥٠" كه‌ بۆ چه‌ندین مه‌به‌ست و بۆ مه‌ودای مامناوه‌ند به‌كار ده‌هێنرێت و هه‌مان كۆمپانیا دروستی ده‌كات، له‌ ساڵی (١٩٩٩)ه‌وه‌ سوپای ئیسرائیل به‌كاری ده‌هێنێت و مه‌وداكه‌ی ده‌گاته‌ (٢٠٠) كیلۆمه‌تر، ده‌توانێت بۆ ماوه‌ی بیست كاتژمێر له‌ ئاسماندا بمێنێته‌وه‌، ئه‌وپه‌ڕی توانای ده‌توانێت (٢٠٠) كیلۆگرام چه‌ك و سیستمی سیخوڕی و په‌یوه‌ندی هه‌ڵبگرێت، ئه‌وپه‌ڕی خێراییه‌كه‌ی ده‌گاته‌ (١٧٥) كیلۆمه‌تر له‌ كاتژمێرێكدا.

پیشه‌سازیی ئاسمانیی ئیسرائیل له‌ (١٩٩٤)ه‌وه‌ ده‌ستی كردووه‌ به‌ به‌رهه‌مهێنانی فڕۆكه‌ی "هێرۆن ١"، ساڵی ٢٠٠٠ ده‌ستی كرد به‌ هه‌ناردەكردنی بۆ ژماره‌یه‌ك ده‌وڵه‌ت، له‌ ساڵی ٢٠٠٣ به‌ئاشكرا ئه‌م فڕۆكه‌یه‌ ڕاگه‌یه‌نرا، له‌ (٢٠٠٥)ه‌وه‌ له‌لایه‌ن هێزی ئاسمانیی ئیسرائیله‌وه‌ به‌كار ده‌هێنرێت. ئه‌م فڕۆكه‌یه‌ هه‌شت مه‌تر و نیو درێژه‌، شه‌ش مه‌تر و نیو به‌رزه‌، درێژیی باڵه‌كانی (١٦,٦) مه‌تره‌، كێشه‌كه‌ی (١١٥٠) كیلۆیه‌، توانای هه‌ڵگرتنی (٢٥٠) كیلۆگرامی هه‌یه‌، سی هه‌زار پێ به‌رز ده‌بێته‌وه‌ و مه‌وداكه‌ی ده‌گاته‌ (٣٥٠) كیلۆمه‌تر.

پیشه‌سازیی ئاسمانیی ئیسرائیل فڕۆكه‌ی بێفڕۆكه‌وانی "هێرۆن ٢: "ئیتان"یشی پێ ده‌وترێت"؛ به‌رهه‌م هێناوه‌، له‌ (٢٠١٠)ه‌وه‌ له‌لایه‌ن هێزی ئاسمانیی ئیسرائیله‌وه‌ به‌كار ده‌هێنرێت، له‌ شێوه‌دا له‌ فڕۆكه‌ی هێرۆن یه‌ك ده‌چێت، به‌ڵام چوار هێنده‌ گه‌وره‌تره‌، یه‌كێكه‌ له‌ پێشكه‌وتووترین فڕۆكه‌ بێفڕۆكه‌وانه‌كانی ئیسرائیل. پازده‌ مه‌تر درێژه‌ و (٥,٦) مه‌تر به‌رزه‌، درێژیی باڵه‌كانی بیست و شه‌ش مه‌تره‌، كێشه‌كه‌ی پێنج تۆنه‌، ئه‌وپه‌ڕی توانای هه‌ڵگرتنی یه‌ك تۆنه‌، ده‌توانێت بۆ ماوه‌ی (٣٦) كاتژمێر به‌به‌رده‌وامی له‌ ئاسماندا بمێنێته‌وه‌ و (٤٥) هه‌زار پێ به‌رز ببێته‌وه‌. ئه‌م فڕۆكه‌یه‌ بۆ ئامانجی جۆراوجۆر به‌كار ده‌هێنرێت، وه‌كوو: كۆكردنه‌وه‌ی زانیاری، سیخوڕی، وێنه‌گرتنی ناوچه‌یه‌كی فراوان، له‌ ڕێگه‌ی مانگی ده‌ستكرده‌وه‌ توانای په‌خشی ڕاسته‌وخۆی هه‌یه‌. ده‌توانێت له‌ دووریی

هەزاران کیلۆمەترەوە لە ئیسرائیل بە مووشەك یان بە بۆمب ئامانجەکانی بپێکێت. نرخی ئەم فڕۆکەیە لەنێوان بیست بۆ هەشتا ملیۆن دۆلارە، ئەوەش بەگوێرەی ئەو سیستم و ئامێرە جیاوازانەی بۆی دادەنرێت.

ئیسرائیل فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بەتایبەتی هێرۆن یەك و دووی بۆ ژمارەیەك دەوڵەت هەناردە کردووە، لە نێویاندا ڕووسیا، ئازەربایجان، ئیکوادۆر، بەڕازیل، ئەڵمانیا، هیندستان، تورکیا، یۆنان، کەنەدا، مەغریب، کۆریای باشوور، سەنگاپوور، ئەمەریکا، فەڕەنسا، ئوستralia. لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٣)دا ئیسرائیل پلەی یەکەمی لە هەناردەکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جیهاندا داگیر کردبوو، لەو ماوەیەدا بە بەهای (٤،٦٢) ملیار دۆلار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەناردە کردبوو.

بەدەر لەو سوودە ماددییەی ئیسرائیل لە فرۆشتنی ئەو فڕۆکانە بە زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهان چنگی دەکەوێت، ئیسرائیل سوودی دیکەشی بەدەست هێناوە، چونکە هەناردەکردنی ئەو فڕۆکانە کاری کردووە و "کار دەکاتە" سەر بە هێزکردنی پەیوەندییەکانی بە زۆرێك لە دەوڵەتانەوە، ئیدی لەسەر ئاستی سیاسی بێت یان لەسەر ئاستی هاوکاریی ئەمنی بێت لە نێوانیاندا، لە نموونەی گرێبەستی هەناردەکردنی ئەو فڕۆکانەی کە ئیسرائیل لەگەڵ هیندستان و ڕووسیا و زۆرێك لە دەوڵەتانی دیکەدا واژۆی کردووە.

قەبارەی بازاڕی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە جیهاندا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە بە شێوەیەکی خێرا زیادی کردووە، بە نموونە؛ لە ساڵی ٢٠١٥دا بەهای ئەم بازاڕە بە نزیکەی شەش ملیار دۆلار خەمڵێنراوە، پێشبینی دەکرێت بەهای ئەم بازاڕە لە ساڵی ٢٠٢٢دا بگاتە نزیکەی (٢٢) ملیار دۆلار. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاریی گرنگ ڕووی داوە لە بارەی ئەو دەوڵەتانەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەرهەم دەهێنن. لەم پێنج ساڵەی دواییدا، ئیسرائیل پلەی یەکەمی لە هەناردەکردنی ئەم فڕۆکانەدا لەدەست داوە، هەر چەندە هێشتا لە پلەکانی پێشەوەدا ماوەتەوە.

لەم دەیەی کۆتاییدا چین دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی و هەناردەکردنی بۆ زۆرێك لە دەوڵەتان، بە مەرجی ئاسان و بە نرخی هەرزانتر لە فڕۆکە ئیسرائیلی و ئەمەریکییەکان کە دەگاتە نزیکەی نیوەی نرخی ئەوان، لەگەڵ پاراستنی کوالێتییەکەی لە ڕکابەرییەکەدا. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٥دا، چین ئامانجی ئەوەیە تا ساڵی ٢٠٢٣، نزیکەی (٤٢) هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی لە جۆری جیاواز بەرهەم بهێنێت.

هەروەها ئەمەریکاش بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازیی زیاد کردووە و لەم ساڵانەی دواییدا کردوویەتی بە کاری لەپێشینەی. هەروەها لەم دەیەی کۆتاییشدا ڕووسیا بایەخێکی گەورە بە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی دەدات و کردوویەتی بە ئەولەویەت. بە هەمان شێوە ئێرانیش بایەخێکی گەورەی پێ دەدات و چەندین جۆری بەرهەم هێناوە. هەندێك لەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییانەی ئێران بەرهەمی هێناوە، دەتوانێت بۆ ماوەی یازدە کاتژمێری بەردەوام لە ئاسماندا بمێنێتەوە و مەوداکەی دەگاتە (٢٠٠) کیلۆمەتر. لەبەر ئەوەی ئێران مانگی دەستکردی پێویستی نییە، ناتوانێت فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی کارا بکات و کۆنترۆڵ بکات لە مەودایەکدا کە (٢٠٠) کیلۆمەتر زێتر بێت.

گرنگیی زیادبوونی قەبارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا

لەم ساڵانەی دواییدا بە خێراییەکی گەورە ژمارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا زۆر بوون، بەتایبەتی فڕۆکەکانی جۆری "هێرۆن ٢"، بەوەش ئەرکەکانی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا زیاد بوون. جێگەی ئاماژەپێدانە، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠١٦دا بڕیاری دا بە گۆڕینی ناوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ئەو فڕۆکانەی لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، ئەوەش بە ئامانجی توندکردنەوەی گرنگیی فاکتەری مرۆیی کە کار بەو فڕۆکانە دەکەن، واتە دانانی مرۆڤ لە ناوەنددا، بۆ جەختکردنەوە لەوەی کارپێکردنی ئەم فڕۆکانە لەسەر دەستی ئەو کارمەندانەیە کە خاوەنی شارەزاییەکی باڵان.

هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل بایەخێکی گەورە و لەپێشینە بەو کەسانە دەدات کە کار بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ٢٠٠١دا قوتابخانەیەکی لە بنکەی "عەین شیمەر" لە باکووری تەلئەبیب کردەوە بۆ فێربوونی چۆنێتیی کارکردن بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ڕاهێنان لەسەر کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوە و خوێندنەوەی زانیارییەکانی و شیکردنەوەیان کە ڕاستەوخۆ فڕۆکەکان دەینێرن. لە ساڵی ٢٠٠٤دا هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل ئەو قوتابخانەیەی گواستەوە بۆ "بەلمحێم" لە باشووری تەلئەبیب. کارپێکەران بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش کراون: بەشی دەرەکی کە بەرپرسن لە فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەکان، بەشی ناوخۆیی کە بەرپرسن لە فڕۆکەکە و ئاراستەکردنی لە کاتی فڕیندا، هەروەها لە شیکردنەوەی ئەو زانیاری و وێنانەی پەخشی دەکات.

فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە ٢٠١٦دا، پلانێکی گەورەی بۆ فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا بۆ دەیەی داهاتوو پەسەند کرد. بەپێی ئەو

پلانە، گۆڕانکاریی گرنگ لە تەواوی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا دەکرێت، ڕۆڵ و قەبارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بەهێزتر دەکرێن. ئەم پلانە هەوڵی گەشەپێدانی هەموو ئەو بوارانە دەدات کە پەیوەستن بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا، وەکوو: توانای مرۆیی، پڕۆسە سەربازییەکان، چاککردنەوە، ژمارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، ژمارەی کاتژمێرەکانی فڕینیان.

لەسەر بنەمای ئەو پلانە، کاتژمێرەکانی فڕینی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ساڵی ٢٠١٨دا گەیشتە سێ لەسەر چواری کاتژمێری فڕینی فڕۆکەکان لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا. هەروەها لەو پڕۆسە سەربازییانەی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل ئەنجامی داوە، سێ بەشی فڕینەکان لەلایەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە بووە.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەك لەو ئەرکانەی فڕۆکە ئاساییەکان ئەنجامیان دەدا، گوازراوەتەوە بۆ فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، لە نموونەی: پڕۆسەی سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیاری کە فڕۆکەکانی جۆری "بیچکرافت کینگ ئێر بی ٢٠٠" ئەنجامیان دەدا، لە ئێستادا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی جۆری "هێرۆن ٢" ئەو ئەرکانە ڕادەپەڕێنن. هەروەها پڕۆسەی پەیجوری بەسەر کەناراوەکانی دەریای سپیی ناوەڕاستدا لەلایەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

**ئایندەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکان**

پێشبینی دەکرێت لە ساڵان و دەیەکانی داهاتوودا ئاستی پشتپێبەستنی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکان بێئەندازە زۆر ببێت، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار: دیارترینیان توانای ئەم فڕۆکانەیە کە دەتوانن بۆ ماوەی زیاتر لە ڕۆژێکی تەواو لە کاردا بن، ئەم ماوەیەش لە داهاتوودا زۆر زیاتر دەبێت. توانای کارکردنیان لە ناوچە دوور و مەترسیدارەکان هەیە کە دژەفڕۆکەی تێدایە، بەبێ ئەوەی تاقمی مرۆیی دووچاری مەترسی ببنەوە. هەروەها زیانی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان یان لەدەستدانی، زۆر کەمترە لەو فڕۆکانەی کە فڕۆکەوانیان هەیە، ئیدی زیانەکە ئەوە بێت کە فڕۆکەوانەکە بە دیلی دەکەوێتە دەستی لایەنی دوژمن و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، یان نرخی فڕۆکەکە بێت، چونکە نرخی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کەمترە لەو فڕۆکانەی فڕۆکەوانیان هەیە. هەروەها تێچووی کارپێکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کەمترە لەو فڕۆکانەی فڕۆکەوانیان هەیە. جگە لەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە پێشکەوتووەکان توانای خۆدوورخستنەوەیان لە مەترسییەکان زیاترە لەو فڕۆکانەی فڕۆکەوانیان هەیە. هەروەها دۆزینەوەیان لەلایەن دوژمنەوە ئەستەمترە لە دۆزینەوەی ئەو فڕۆکانەی فڕۆکەوانیان



هەیە. هەروەها فڕۆکە بێفڕۆکەوانە پێشکەوتووەکان سیستمێکی پەیوەندی و کۆمەڵێك ئامێری دیکەیان هەیە کە دەکرێت لە ڕێگەی تیمی کارپێکردنیەوە لە بنکەی فڕینەکەیەوە کارا بکرێت، بە شێوازێکی زۆر خێراتر لەو فڕۆکانەی کە فڕۆکەوانیان هەیە و ئەو سیستم و ئامێرانەیان لەسەرە. سەرباری ئەوانە، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان توانای فڕین و نیشتنەوەیان لەو شوێنانەدا هەیە کە ئەو فڕۆکانەی فڕۆکەوانیان هەیە؛ ناتوانن بنیشنەوە و هەڵبفڕن.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانە پێشکەوتووەکان دووچاری هەندێك گرفت دەبنەوە، چونکە لە پرۆسەی کارپێکردن و فڕینیاندا بە شێوەیەکی تەواوەتی پشت بە تۆڕە دوورەکانی پەیوەندی دەبەستن، ئەو تۆڕانەش دەکرێت لەلایەن نەیارانەوە تێك بدرێن، بەڵام ئەو گرفتانەش دەکرێت چارەسەر بکرێن. بەراورد بەو سەرکەوتنە گەورانەی کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بەدەستیان هێناوە، ئەو مەترسیانە زۆر کەمن.

پێشبینیی ئەوە ناکرێت لە ماوەیەکی کورتی دەیەکانی داهاتوودا دەستبەرداری ئەو فڕۆکانە بن کە فڕۆکەوانیان هەیە، بەڵام ئەوە ڕوونە فڕۆکە بێفڕۆکەوانە پێشکەوتووەکان و ئەوانەش کە لە داهاتوودا دروست دەکرێن، چاوەڕوان دەکرێت خێراییەکانیان و ماوەی مانەوەیان لە ئاسمان و قەبارەی ئەو بارانەی هەڵیدەگرن زیاتر بێت، بەوەش ساڵ لەدوای ساڵ ڕۆڵ و گرنگییان لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و شوێنانی دیکەدا زیاتر دەبێت. هەروەها پشتپێبەستنیان

لە زۆربەی ئەرکەکاندا زیاتر و زیاتر دەبێت. هەروەها پێشبینیی ئەوە دەکرێت تەرخانکردنی بودجە و ئاراستەکردنی هەوڵ و داهێنانە زانستییەکان بۆ گەشەپێدانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا زیاتر بکرێت، هەروەها لە بەشێکی گەورەی چەکی ئاسمانیی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیشدا.

## کۆتایی

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ئیسرائیل یەکێك بووە لە دەوڵەتە زۆر پێشکەوتووەکان لە بواری سایبەردا، کە بە پێکهاتەیەکی بێئەندازە گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت. هەر لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، لە پێناوی پاراستنی سایبەرەکەی لە هێرش و دزەکردنی دەرەکی و ناوخۆیی، ئیسرائیل کۆمەڵێك ڕێکاری تەناهی و دامەزراوەیی و کارگێڕی و یاسایی گرتووەتە بەر. لە هەمان کاتدا ئیسرائیل بەردەوام بووە لە پەرەپێدانی توانای هەواڵگری و هێرشکردنی لە بواری سایبەردا بۆ ئەوپەڕی سنوور، بایەخێکی بێئەندازە گرنگی بەم بابەتە داوە و کردوویەتی بە بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی.

لە ساڵی (٢٠٠٩)ەوە سوپای ئیسرائیل بواری سایبەری وەکوو بوارێکی شەڕکردن لە هەردوو لایەنی ستراتیژی و کردەیی داناوە. بە مەبەستی بەهێزکردنی توانا هەواڵگری و هێرشبەرییەکانی سوپای ئیسرائیل لە بواری سایبەردا لە دژی دوژمنە گریمانەکراوەکان، دەستەی سایبەری لە یەکەی (٨٢٠٠) لە دەزگای هەواڵگریی سەربازیی "ئامان" دروست کردووە.

لەم ساڵانەی دواییدا لە دەستەی ئەرکانی گشتیی سوپای ئیسرائیل، گفتوگۆی درێژ کراوە لە بارەی دامەزراندنی چەکی سایبەرەوە، هەروەها دانانی هەموو تواناکانی سایبەر لەژێر یەك سەرکردایەتیدا، هاوشێوەی چەکی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی. هەر چەندە لە ئێستادا بڕیار دراوە چەکێکی تایبەت بە سایبەر لە سوپای ئیسرائیلدا دروست نەکرێت، بەڵام چەندین یەکە لە هەواڵگریی سەربازیی ڕێك خراونەتەوە و فراوان کراون و بودجەیەکی زۆریان بۆ تەرخان کراوە، لەپێش هەموویانەوە یەکەی (٨٢٠٠)، کە ئەرکی شەڕکردن لە بواری سایبەر و ئەنجامدانی هێرشکردن و کۆکردنەوەی زانیاریی پێ سپێردراوە.

هەر چی لە بارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکانە، پێشبینی دەکرێت پشتپێبەستنی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە ساڵان و دەیەکانی داهاتوودا زۆر زیاتر ببێت، هەروەها لە زۆرینەیەکی هەرە زۆری ئەرك و پرۆسەکانی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلدا زیاتر و زیاتر پشتی پێ ببەسترێت.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# له كاغه‌زه‌وه‌ تا ڕۆبۆت

## كوردستان له‌به‌رده‌م شۆڕشی پیشه‌سازیی چواره‌مدا

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زیاتری ئامێرە تەکنەلۆجییەکان، پەیوەندییەکانیش خێراتر و ڕوونتر دەبن. لەگەڵ ئەوەی مەترسییەکانیش زیاتر و هەڕەشە ئەلکترۆنییەکان گەورەتر دەبن، بەڵام هەلەکان بۆ هەمووان زیاتر دەڕەخسێن، دادپەروەری ڕەخساوتر دەبێت و مامەڵەکانیش بەپەلەتر و ئاسانتریش دەبن، ئەمەش دیارترین تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمن، ئەو شۆڕشەی کە لە وڵاتە پێگەیشتووەکاندا جیهانێکی نوێی دروست کردووە و بە کەمترین کات بودجە و کادر، زۆرترین کار و مامەڵە ئەنجام دەدرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام باسی لە بەئەلکترۆنیکردنی سیستمی ئیداری و دارایی کردووە، لە هەندێک وەزارەت و دامەزراوەدا چەند جۆرە سیستمێک ئەزموون کراوە و هەندێکیان تاکوو ئێستاش بەردەوامیی هەیە، بەڵام یەک سیستمی یەکگرتوو پەیڕەو نەکراوە و بەرەوپێشچوونەکانیش کەم و خاوترن لەوەی چاوەڕوان دەکرا و ڕووبەڕووی چەندین کێشەش بوونەتەوە. لە کاتێکدا وڵاتانی دیکە چەند ساڵێکە سیستمی ئەلکترۆنییان ئەزموون کردووە و لە قۆناغی زیرەککردنی دامەزراوەکان و سیستمی ئیداری، دارایی و بانکیدان، هێشتا لە زۆرینەی ڕەهای دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا مامەڵەکان کلاسیکی و بە کاغەزی ڕەق دەکرێن.

عەبدولسەلام مەدەنی؛ شارەزا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئایندەناسی، باس لە پرۆسەی بەئەلکترۆنیکردنی سیستمی ئیداری لە هەرێمی کوردستان و زیرەککردنی سیستمەکە و چەند پرسێکی دیکە دەکات، لەوانەش کۆسپ و تەگەرەکان، هەلەکان، کادری ڕاهێنراو، مامەڵەی هاوڵاتی لەگەڵ پرۆسەکەدا، بوونی بودجە، پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتی و حکومەت، کاریگەریی لەسەر کادرە ئاساییەکان و کەمکردنەوەی گەندەڵی و زیادکردنی شەفافیەت و دۆخی ئێستای حکومەتی هەرێم لەم کاتەدا و بەراوردکردنی بە وڵاتانی دراوسێ.

**کۆسپ و تەگەرەکان**

عەبدولسەلام مەدەنی لە بارەی زیرەککردن و بەئەلکترۆنیکردنی سیستمی ئیداری لە هەرێم، ئاماژە بەوە دەکات بەئەلکترۆنیکردن و زیرەککردنی سیستمی ئیداری لە هەرێمی کوردستان چەند کۆسپ و کێشەیەکی لە بەردەمدایە و سەرەتاش باس لە هەردوو قۆناغی بەئەلکترۆنیکردن و خێراکردن دەکات: یەکەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ خۆی و ئەوەی خزمەتگوزارییەکان ببن بە ئەلکترۆنی و دووەم: بابەتی زیرەککردن و زیرەکیی دەستکرد کە بابەتێکی ئاڵۆزتر و پێشکەوتووترە. لە قۆناغی یەکەمدا بۆ نموونە حکومەت دەیەوێت کاغەزی هارد کۆپی (بەرجەستە) نەهێڵێت و بیکات بە ئەلکترۆنی و پەیوەندیی هاوڵاتی بە حکومەتەوە گرێدراو نەبێت بە سەردانێکی بەرجەستە (فیزیکی)ی هاوڵاتی بۆ دامەزراوەکە، بەڵکوو بە ڕێگای ئەلکترۆنی ئەنجام بدرێت، واتە ئینتەرنێت و ئەپڵیکەیشنەکان. بۆ ئەم لایەنەیان کە بەئەلکترۆنیکردنی حکومەتە، مەبەستەکە گرنگە، ئەوەی ئایا بودجە چەند لەبەردەستە بۆ ئەم پرۆسەیە؟ چونکە لە ئێستادا حکومەت توانای پێدانی مووچەی تەواوی نییە و ئەم پرۆسەیە پێویستی بە بودجەیەکی تایبەتە.

لە بارەی کۆسپ و تەگەرەکانیشەوە، باس لەوە دەکات لە ئێستادا هەرێمی کوردستان چەند تەگەرە و ئاڵنگارییەکی لە بەردەمدایە، لەوانەش ئایا یاسا و ڕێنمایی تایبەت بەم پرۆسەیە ئامادە کراوە؟ چەند کادری ڕاهێنراو هەیە لەم بوارەدا؟ هەماهەنگی و

په‌یوه‌ندیی نێوان وه‌زاره‌ته‌ جیاوازه‌كان چۆنه‌؟ له‌ خودی پرۆسه‌كه‌دا ڕۆتین هه‌یه‌ له‌ بیركردنه‌وه‌ی كارمه‌ند و سیستمی حكومیدا و بۆ ئه‌مه‌ش یاسا مامه‌ڵه‌ (ته‌حه‌كوم) ده‌كات، ئه‌وه‌ی پێی ده‌ڵێن ئیكۆسیستم، ژینگه‌ی به‌كارهێنانی ئه‌لكترۆنی كه‌ گرێ دراوه‌ به‌ بوونی كاره‌با، ئینته‌رنێتێكی باش لای هه‌مووان، بوونی ئامێری زیره‌ك له‌به‌ر ده‌ستی هه‌موو هاوڵاتیان، خودی خه‌ڵكه‌كه‌ش گرنگه‌ كه‌ چه‌ند ده‌توانن له‌م پرۆسه‌یه‌دا مامه‌ڵه‌ بكه‌ن و ئه‌م سیستمه‌ به‌كار بهێنن، چونكه‌ ئه‌م سیستمه‌ پێویستی به‌ ئاستێكی ڕۆشنبیریی دیجیتاڵی هه‌یه‌ تاكوو خه‌ڵك بتوانن به‌كاری بهێنن. ئه‌مانه‌ به‌ربه‌ستن، به‌ڵام سه‌رپێخستنی سیستمه‌كه‌ ئه‌سته‌م نییه‌ و ئه‌و وڵاتانه‌شی ده‌ستیان پێ كردووه‌؛ ئه‌و كێشه‌ و ته‌گه‌رانه‌یان هه‌بووه‌.

### نه‌بوونی كادری ڕاهێنراو

نه‌بوونی كادری ڕاهێنراو و توانای ئه‌لكترۆنی، یه‌كێكه‌ له‌و گرفته‌ گه‌ورانه‌ی له‌به‌رده‌م پرۆسه‌ی به‌ئه‌لكترۆنیكردنی سیستمی ئیداریی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستاندان. له‌ باره‌ی ئه‌م گرفته‌وه‌، عه‌بدولسه‌لام مه‌ده‌نی باس له‌وه‌ ده‌كات پێویسته‌ باسی توانای ئه‌لكترۆنی بكه‌ین، چونكه‌ سیستمی زیره‌ك ئاسته‌كه‌ی له‌ ئه‌لكترۆنی پێشكه‌وتووتره‌، بۆ نموونه‌ ئه‌گه‌ر باسی ڕۆبۆت بكه‌ین بۆ به‌ڕێوه‌بردنی مامه‌ڵه‌ و ئه‌لگۆریتمه‌كان. بۆ به‌كارهێنانی ئامێری ئه‌لكترۆنی و ئینته‌رنێت بۆ په‌یوه‌ندیكردن و ئاسانكردنی خزمه‌تگوزارییه‌كانی حكومه‌ت بۆ هاوڵاتی و په‌یوه‌ندیكردنی هاوڵاتی به‌ حكومه‌ت، پێویستمان به‌ كادر و كارمه‌ندی ڕاهێنراو هه‌یه‌ و نه‌بوونی له‌ ئێستادا كۆسپ و ته‌گه‌ره‌یه‌ و پێویستی به‌ چاره‌سه‌ر هه‌یه‌، ئه‌مه‌ به‌شێكی گرنگی بابه‌ته‌كه‌یه‌. لێره‌دا ده‌توانین بڵێین ئه‌م سیستمه‌ ئه‌گه‌ر سێ كۆڵه‌كه‌ی سه‌ره‌كیی هه‌بێت، یه‌كێكیان كادری ڕاهێنراوه‌، دووه‌میان خودی خه‌ڵك و هاوڵاتیانه‌ و سێیه‌میشیان بوونی بودجه‌یه‌.

### له‌نێوان داهات و توانا به‌فیڕۆدان و به‌ده‌ستهێنانه‌وه‌یدا

یه‌كێك له‌ سووده‌ دیار و گه‌وره‌كانی زیره‌ككردنی سیستم ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ڕێگر ده‌بێت له‌ به‌فیڕۆدانی داهات و توانای مرۆیی و هاوكار ده‌بێت له‌ گه‌ڕانه‌وه‌ی داهات و تواناكه‌ بۆ حكومه‌ت. عه‌بدولسه‌لام مه‌ده‌نی ئه‌م پرسه‌ به‌م جۆره‌ ڕوون ده‌كاته‌وه‌: له‌ ڕاستیدا بوونی سیستمی ئه‌لكترۆنی به‌سووده‌ بۆ خێراكردنی كاره‌كان و كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕۆتینی زۆر له‌ مامه‌ڵه‌ و خزمه‌تگوزارییه‌كانی حكومه‌ت و په‌یوه‌ندییه‌كانی نێوان هاوڵاتی و حكومه‌ت، بوونی ئه‌م سیستمه‌ توانای مرۆیی به‌رز ده‌كاته‌وه‌، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ڕه‌نگه‌ ئه‌و كارمه‌نده‌ ته‌قلیدییانه‌ی له‌ناو دامه‌زراوه‌ حكومییه‌كاندان و شاره‌زایی پێویستیان نییه‌ و توانای وه‌رگرتنی و ڕاهاتنیان له‌گه‌ڵ سیسته‌می نوێدا نییه‌، كاره‌كانیان له‌ده‌ست بده‌ن كه‌ زۆر له‌م كاره‌ نازانن، بۆیه‌ ده‌بێت بیر له‌م ده‌رئه‌نجامه‌ش بكرێته‌وه‌، چونكه‌ ئه‌مه‌ پۆسته‌كان له‌ به‌شێك له‌ كارمه‌نده‌ ئاساییه‌كان وه‌رده‌گرێته‌وه‌. سیستم چه‌ند زیاتر ئه‌لكترۆنی بێت و ڕۆبۆت زیاتر به‌كار بهێنرێت، ئه‌و شوێن و هه‌لانه‌ی مرۆڤ تیایدا به‌شداره‌ و به‌ ده‌ست

دەیانکات؛ کەمتر دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەلی دیکە بەدەست بخات و بڕەخسێنێت، بەڵام بەگشتی هەلی کار بۆ کارمەندە تەقلیدییەکان کەم دەبنەوە.

**لەدەستنەدانی هەلەکان**

دەستپێکردنی پرۆسەی بەئەلکترۆنیکردن و زیرەککردن لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و بەجیهانیبوونی، وای کردووە وڵاتانی دواکەوتووش ناچار بن دەست بەم پرۆسەیە بکەن و تەنانەت عەبدولسەلام مەدەنی وەک بابەتێکی ئەرێنی تەماشای ئەم ناچاربوونە دەکات و وەک هەلێکی گرنگ باسی دەکات: لە ڕاستیدا هەلەکان زۆرن و شتێکیش نین کە ئێمە تێیدا سەربەست بین، واتە بتوانین ئەنجامی بدەین یان ئەنجامی نەدەین، چونکە سەردەمەکە و جیهان بەگشتی دەچێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە و ئەو سیستمە تەقلیدییەی کە بە کاغەز کار دەکات و مامەڵە بە کاغەز تەواو دەبێت و کۆتایی پێ دێت، ئەو وڵاتانەی کە زۆر نزیکن لە ئێمەوە وەک ئیمارات و سعودیە و تورکیا، چوونەتە ناو ئەم پرۆسەیەوە، واتە هەموو جیهان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچێت. بۆیە من بە شێوەیەکی ئەرێنی دەڵێم ئێمە ناچارین دەست بەم پرۆسەیە بکەین و ئەم ناچاربوونەوەش بۆخۆی هەلە و فشارێکی نێودەوڵەتییش لەم بوارەوە هەیە، وەک گوتمان هەموو جیهان بەرەو ئەو پرۆسەیە دەچێت. ئێستا خەڵکی وڵاتان لەسەر ئامێرە زیرەکەکانیان پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە دەکەن و بابەتی گەیاندن و بازاڕکردن هەمووی بووە بە ئۆنلاین، پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا هەموو کارەکانی ڕۆژانەمان ئۆنلاین بێت، بۆچی پەیوەندییەکانی حکومەت و هاوڵاتی ئۆنلاین نەبێت؟ ئەگەر ئەم سیستمە بەردەست بێت، سکاڵای هاوڵاتیان، کێشەی خزمەتگوزارییەکان و گرفتەکانیان بە زووترین کات بە حکومەت دەگات، بۆیە ئەگەر حکومەت بیەوێت چاکسازییەکی تەواو لەم بوارەدا بکات، ئەوا ئەمەی دروست بووە هەلێکی باشە.

**لە بێسیستمییەوە بۆ فرەسیستمی**

بەشێک لە وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەستیان بە بەکارهێنانی چەند سیستمێک کرد بۆ پرۆسەی بەئەلکترۆنیکردن و زیرەککردنی کاروبار و مامەڵەکان، بەڵام سیستمەکان گرفت و کێشەیان هەیە و نەبوونی یەک سیستمی یەکگرتووش کێشەکانی ئاڵۆز و گەورەتر کردووە، بۆیە عەبدولسەلام مەدەنی باس لە گرنگی و پێویستیی بوونی یەک سیستمی ناوەندی دەکات و دەڵێت: ڕاستە ئێمە یەک سیستممان نییە و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی بە کام مامەڵە دەست پێ بکەین؟ ئەو یەکەم جار بنووسێت یان من؟ یەکەم جار بچێتە لای کام فەرمانبەر؟ ئەم شێوازی مامەڵەیە وەک یاریی مار و پەیژەیە، ئەوەی تا قۆناغی ٩٩ دەچێت و لەناکاو مارێک قووتت دەدات بەبێ ئەوەی مامەڵەکە تەواو بکەیت، ئەوەی پێت دەڵێن بچۆ بەیانی وەرەوە، چونکە بەڕێوەبەر لێرە نییە. بۆیە پێویستە سیستمەکە یەکگرتوو بێت و بەئەلکترۆنی بکرێت و هەر کەسە و بە میزاجی خۆی

کار بە سیستمەکە نەکات. سیستمی ئەلکترۆنیی حکومەت و بەڕێوەبردنەکە دەبێت یەکگرتوو بێت و بە هیچ جۆرێک نابێت پەرشوبڵاو بێت. پێشتر کە لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بووین لە ئەنجوومەنی وەزیران، لە وەزارەتی کارەبا سیستمێک هەبوو بۆ مامەڵەکانی هاوڵاتیان و چاودێریکردنی، زۆر زۆر سەرکەوتوو بوو، بیرۆکەکە ئەوە بوو کە ئەم پرۆسەیە بگشتێنرێت بۆ هەموو وەزارەتەکانی دیکە، بەڵام بەداخەوە نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەمە تەنها دەستپێکێک بێت کە تراکینگ دۆکیۆمێنت (بەدواداچوون بۆ مامەڵەکان) و مامەڵەی هاوڵاتیانە تاکوو بزانێت مامەڵەکەی لە دامەزراوەکەدا لە کام قۆناغدایە و ئەگەر کێشەیەکی هەبێت دەبێت چی بکات. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە دەبێت سیستمەکە یەکگرتوو بێت، پاشان بچێتە ئاستێکی بەرزتر و خودی پەیوەندییەکە و تەنانەت واژۆش ببێتە ئەلکترۆنی، بەڵام وەک وتم بۆ ئەم پرۆسەیە ئاڵنگاریمان هەن کە بەشێکیان یاسایین، بۆ نموونە ئەو واژۆیەی کراوە فەرمییە یان نا.

**ڕەخساندنی دادپەوەری و کەمکردنەوەی گەندەڵی**

یەکێک لەو هۆکارانەی پرۆسەی بەئەلکترۆنیکردن و زیرەککردنی کردووە بە پێویستی و بەردەوام لەلایەن حکومەت و دامەزراوەکانەوە گەشەی پێ دەدرێت، ئەوەیە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی و ڕەخساندنی داپەروەریی زیاتر و شەفافیەت. لە بارەی ڕۆڵی ئەم پرۆسەیە لەم بوارانەدا، عەبدولسەلام مەدەنی دەڵێت: یەکێک لە سوودەکانی سیستمی ئەلکترۆنی ئەوەیە کاتێک هەمووی دەچێتە جیهانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، بواری فێڵکردن کەم دەبێتەوە و ناتوانرێت بوترێت مامەڵەکەم نەبینی، نەدۆزرایەوە و نازانم لە کام ڕێکەوتە هاتووە، ئەمانە نامێنن، چونکە ناردن و گەیشتنیش لە سیستمەکەدا ڕوونە، واتە هەموو شت دیارە و مامەڵەکان ڕوونن، تەنانەت دەتوانرێت وای لێ بکرێت پرۆسەکە ئۆتۆماتیکی بێت، بۆ نموونە تەنها مامەڵەکە تەنها دوو ڕۆژی هەیە و دەبێت بچێتە ئاستێکی دیکە، بۆیە سیستمەکە ناچارە لە دوو ڕۆژدا کار لەسەر مامەڵەکە بکات و تەواوی بکات و بچێتە ئاستێکی دیکە. بۆ بابەتی ڕوونییش (شەفافی) گرنگە، بەتایبەت ئەگەر مامەڵەکە دارایی بێت، تاکوو فرتوفێڵ و بەرتیل نەمێنێت، چونکە پارەکە ڕوونە لە کوێوە بۆ کوێ چووە و نێردراوە، ئەمەش بەشدارە لە ڕەخساندنی دادپەروەری و دروستکردنی سیستمێکی خێرا و ڕوون.

**ئایندەیەکی ناڕوون**

حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات ئامانجی ئەوەیە لە ئایندەدا سەرجەم دامەزراوەکان بەئەلکترۆنی بکات و زۆرترین ئاسانکاری بۆ مامەڵەی هاوڵاتیان بکات، بەڵام ئەوەی تاکوو ئێستا هەیە سیستمە ئیدارییەکە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش مەترسییە لەسەر ئایندەی سیستمی ئیداری، چونکە جیهان و دەورووبەر دەستیان بە پرۆسەکە کردووە و حکومەتی هەرێمیش دەست پێ نەکات و دوا بکەوێت؛ ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبێتەوە. عەبدولسەلام مەدەنی بەم جۆرە باس لەم کێشەی

دواکەوتن و دەرئەنجامەکانی دەکات و دەڵێت: حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە و دەبێت دەست بە ئەم پرۆسەیە بکات، تاکوو دوا نەکەوین و شانبەشانی وڵاتانی دیکە هەنگاو بنێین، چونکە وڵاتانی دیکە دەستیان پێ کردووە، ئەگەرنا دوا دەکەوێت و دەبێت بە بەشێک لە مێژوو، وەک گوتمان تەنانەت وڵاتانی دراوسێشمان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچن، وەک دەزانین دوایین مامەڵە کە لە سعودیە بە کاغەز کرا، لە مۆزەدا هەڵگیراوە. بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەم هەنگاوە نەنێت، ناتوانێت بەرگەی ئەو گۆڕانکارییانە بگرێت کە لە ئاستی جیهاندا ڕوو دەدەن و ئیدی هاوڵاتییش توانای نییە بەرگەی ئەم پرۆسە تەقلیدییە بگرێت.



## عەبدولسەلام محەمەد ئیسلام

ساڵی ١٩٦٨ لەدایک بووە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی موسڵ لە ساڵی ١٩٩٠.

بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان و ڕاهێنەرە لەسەر ئاستی عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا و هەروەها ڕاهێنەرایەتی و ڕاوێژکاریی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی کردووە لە بواری بەڕێوەبردن و ڕێبەرێتیکردن. بەرپرسی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بووە لە فەرمانگەی بەدواداچوون و هەماهەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ و ڕاوێژکاری قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بووە بۆ کاروباری لاوان و کۆمەڵگای مەدەنی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢ تاکوو ٢٠١٥. لە ئێستادا بەڕێوەبەری جێبەجێکارە لە دەزگای ڕوانگە و لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە تاوەکوو ئێستا لە دەزگاکەدایە.

سەلام محەمەد خاوەنی کۆمەڵێك کتێبە بە ناونیشانەکانی:

- کێشەکانی گەنج
- نوێخوازی (مۆدێرنتی)، بنچینە و سەرئەنجامەکانی
- تیرۆریزم چییە؟
- ١٠ ترپە، دیالۆگی نێوان بابل و هەولێر ئەمە دەربارەی پێکەوەژیانە
- چۆن ڕاهێنانێکی کاریگەر؛ دیزاین و پێشکەش دەکەیت (نامیلکەی ڕاهێنانی ڕاهێنەران)
- نامیلکەی ڕاهێنان دەربارەی "سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن" بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
- هەروەها زیاتر لە ٧٠٠ نووسراوی هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەربارەی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرەوپێشبردنی شارەزاییەکان و تواناکانی سەرکردایەتی، ئەمە جگە لەوەی وەکوو وانەبێژێك لە چەندان زانکۆ لە عێراق کاری کردووە و هەروەها چەندان بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی تایبەت بە خۆی هەبووە.

ئایندەناسی


# کتێبی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

خوێندنەوەی کتێبی:

# بونیادنانی دەوڵەت: حوکمڕانی و سیستمی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمیندا

ناساندن: د.عابد خالد




ئەم کتێبە لە نووسینی بیرمەندی بەناوبانگی ئەمەریکی "فرانسیس فوکویاما" (Francis Fukuyama)یە، کە ساڵی ٢٠٠٤ بە ناونیشانی "State-Building: Governance and World Order in the ٢١st Century" نووسیویەتی، لەلایەن دەزگای "Cornell University Press" لە نیویۆرک لەچاپ دراوە. دواتر، ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن "مجاب الإمام" بە ناونیشانی "بناء الدولة: النظام العالمي ومشكلة الحكم والإدارة في القرن الحادى والعشرين" وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی و لە دووتوێی (٢٢٢) لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای "العبیکان" لە سعودیە بڵاو کراوەتەوە.

بیرۆکەی کتێبەکە لەسەر گریمانەیەک بونیاد نراوە کە "فوکویاما" لە دەروازەی کتێبەکەیدا خستوویەتیە ڕوو،

گریمانەکەش ئەوەیە کە مەسەلەی بونیادنانی دەوڵەت -لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا- یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی سیستمی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، چونکە لەو وڵاتانەدا حکومەتە لاوازەکان یان شکستخواردووەکان بەردەوام سەرچاوەی زۆرێک لە کێشە هەرە مەترسیدارەکانی جیهانن، بەتایبەت کێشەکانی وەک (هەژاری و تیرۆر و بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی و کۆکوژی و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان...).

دوای ئەم دەروازەیە، فوکویاما کۆی ئارگۆمێنت و بەڵگەکانی بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیەی سەرەوە و ڕەهەندەکانی پراکتیزەکردنی لە ئێستا و ئایندەدا، بە چوار بەشی سەرەکی دەخاتە ڕوو: بەشی یەکەم بە ناونیشانی "ڕەهەندەکانی دەوڵەتی ونبوو"ە، بەشی دووەم بە ناونیشانی "دەوڵەتە لاوازەکان و کەلێنی ڕەشی کارگێڕیی گشتی"ە، بەشی سێیەم بە ناونیشانی "دەوڵەتە لاوازەکان و شەرعیەتی نێودەوڵەتی"ە، بەشی چوارەم و کۆتاییش بە ناونیشانی "بچووکتر بەڵام بەهێزتر"ە.

سەرەتا فوکویاما وەک دیدگایەکی میتۆدی بۆ کتێبەکەی لە ڕێی هەردوو چەمکی (مەودا - Scope - مدى) و (توانا - Strength - قدرة)ەوە شیکاری بۆ دۆخی دەوڵەتی مۆدێرن (دوڵەت-نەتەوە) دەکات. ڕای وایە کە دەوڵەتان لە جیهاندا لە ڕووی "مەودا" و "توانا"ەوە لێک جیاوازن. "مەودای دەوڵەت" ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەرکەکان دەکات کە دەوڵەت هەوڵ دەدات بەئەنجامیان بگەیەنێت، بەڵام "توانای دەوڵەت" ئاماژەیە بۆ ڕادەی کارایی دامەزراوەکانی دەوڵەت. ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەم کاراییە کە پێشی دەوترێت "توانای دامەزراوەیی"، بریتین لە: توانای دانانی یاسا و سەپاندنی، بەڕێوەبردنی حکومەت بە شەفافی و بەبێ گەندەڵی، بەدواداچوون و لێپرسینەوە و ئاماژەکانی تری حوکمڕانیی باش.

بە بڕوای فۆکۆیاما، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە تەوژمێکی سیاسی جیهانی بەهێز بە ئاڕاستەی لاوازکردنی چەمکی دەوڵەت سەری هەڵداوە. لەپشت ئەم تەوژمەوە، چەندین هۆکاری نۆرماتیڤی و ئابووری هەیە. زۆرێک لە دەوڵەتان لە سەدەی بیستەمدا زۆر بەهێز بوون، کە لەناوخۆدا بەرامبەر گەلەکانیان ستەمکار بوون، لە دەرەوەشدا پەلاماری وڵاتانی دراوسێیان دەدا، تەنانەت دەوڵەتە زلهێزەکانیش، ئەوانەیان کە دیکتاتۆری و ستەمکار نەبوون، بە شێوەی جۆراوجۆر گەشەی ئابووریی وڵاتانی خۆیان پەک خستبوو، بۆیە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کەلێن و گرفتەکان زیادیان کرد، لە ئەنجامی فراوانبوونی لەڕادەبەدەری "مەواداکانی" دەوڵەت؛ "تواناکانی" دەوڵەتیش کەمیان کرد. بۆیە تەوژمی باوی "لاوازکردنی دەوڵەت" هەوڵی بۆ کەمکردنەوەی ژمارە و قەبارەی کەرتە حکومییەکان دەدا، تاکوو دووبارە ئەو ئەرکانەی کە دەوڵەت بەناهەق دەستی بەسەردا گرتبوون؛ بگەڕێنرێنەوە بۆ دەستی بازاڕی ئابووری و کۆمەڵگای مەدەنی. هاوکات زیادبوونی گەشەی ئابووریی جیهانی و ئەو بازدانە گەورەیەش کە لە بواری گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان و جموجۆڵی سەرمایەداری و دەستی کاردا ڕوویان دا، بوونە هۆی داخورانی زیاتری سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی.

هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش بەو ئامانجە بوون کە گوایە کەمکردنەوەی "مەودای دەوڵەت"، حوکمڕانیی باشتر بەرهەم دەهێنێت. هەتا ئێستاش کارنامەی کەمکردنەوەی مەدای دەوڵەت-نەتەوە لە زۆر شوێنی بەرچاوی جیهاندا بەرکارە: ئەو پاشەکشە ئابوورییەی ژاپۆن لە دەیەی کۆتایی سەدەی (٢٠)ەوە دووچاری بووە، لەگەڵ ئەو قەیرانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە زۆرێک لە وڵاتانی خۆشگوزەرانی ئەورووپا لە سەدەی (٢١)دا یەخەگیری بوون، هەردووکیان بەرئەنجامی زیادەڕوویکردنە لە کەمکردنەوەی مەودای دەوڵەت و سنووردارکردنی دەستتێوەردانیەتی لە ئابووریدا. بۆیە بە ڕای فۆکۆیاما، مەسەلەی ناوەندی لە سیاسەتی جیهانیدا، بەتایبەت لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، ئەوە نییە کە چۆن مەودای دەوڵەت کەم بکرێت، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن دەوڵەت بونیاد بنرێت. بونیادنانی دەوڵەتیش بە زیادکردنی "توانای دامەزراوەیی" دەبێت. بۆیە پووکاندنەوەی دەوڵەت بۆ تاک بە تاکی وڵاتان و بۆ کۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش، نەک گریمانەیەکی یوتۆپییە، بەڵکوو ئەگەرێکی کارەساتئامێزیشە. لەم دۆخەشدا یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتانی هەژار و تازەگەشکردوو دەبێتەوە و ڕێگری لە توانای گەشەپێدانی ئابوورییان دەکات، بریتییە لە لاوازیی ئاستی توانای دامەزراوەییان. ئەم وڵاتانە پێویستیان بە دەوڵەتی فراوان و گشتگیر نییە، بەڵکوو پێویستیان بە دەوڵەتی بەهێز و کارا هەیە، لە چوارچێوەی مەودایەکی سنوورداری ئەرکە پێویستەکانی دەوڵەتدا لە بەرمەبنای "بچووکتر، بەڵام بەهێزتر".

لە سایەی ئەم دۆخەی سیستمی نێودەوڵەتیدا، چەمکی دەوڵەت، بە حوکمی واقع و هۆکاری جۆراوجۆر، دووچاری هێرشی بەردەوام بووەتەوە. لەگەڵ کۆتایی جەنگی ساردیشدا، پشتێنەیەک لە وڵاتانی لاواز و نائارام و شکستخواردوو لە جیهاندا سەری هەڵداوە، کە لە ئەورووپاوە بەرەو باشووری ئاسیا درێژ بووەتەوە. ئەم وڵاتانە هەڕەشە و مەترسیی جددییان لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی دروست کردووە، چونکە سەرچاوەی ناکۆکییە ئیتنییەکان و پێشێلکارییە توندەکانی مافی مرۆڤن، هاوکات بوونەتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێکی نوێ لە تیرۆر کە دەتوانێت بگاتە دڵی دنیای پێشکەوتوو. پشتگیریکردن و بەهێزکردنی دەوڵەتە لاوازەکان لە ڕێی سەرجەم شێواز و کڵێشە جۆراوجۆرەکانی بونیادنانی دەوڵەتەوە، بووەتە ئەرکێکی زۆر گرنگ لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاسایشی جیهانی، بەڵام زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو هێشتا لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکەدا کەمتوانان، یان هێشتا لە سەرەتای پەراوەکردندا بۆ ئەنجامدانی. بۆیە "فێربوونی بونیادنانی دەوڵەت" بە باشترین شێواز، کارێکی لەپێشینە و ناوەندییە بۆ ئایندەی مانەوە و سەقامگیریی سیستمی جیهانی، هەر چەندە هەوڵی هەناردەکردنی توانای دامەزراوەیی لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە بۆ وڵاتانی لاواز کەمسوودە و زۆربەی جار دەبێت پەرەپێدانی ئەم توانایە هەڵقوڵاوی خواست و کولتوور و ژینگەی خودی بێت.

لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی ناخوازێت بگەڕێتەوە بۆ جیهان پێکدادانی زلهێزەکان، بەڵام ناشێت پێویستییان بۆ دەوڵەتی بەهێز فەرامۆش بکەن، لەبەر ئەوەی تەنها دەوڵەت دەتوانێت شەرعیەتی بەکارهێنانی هێز بۆ چەند ئامانجێکی دیاریکراو ڕکێڤ بکات، کە ئەم هێزەش هەم بۆ سەپاندنی یاسا لە ئاستی ناوخۆدا و هەم بۆ پاراستنی سیستمی جیهانییش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستە. لە ڕاستیدا پێویستە هەموو ئەوانەی کە مژدەی "ئاوابوونی سەروەریی دەوڵەت" بەگوێی دونیادا دەدەن، چ لە داکۆکیکارەکانی بازاڕی ئازاد بن لەمسەری ڕاستی نەخشەی سیاسییەوە، یان لە بەرگریکارانی فرەیی و پابەندی بن لەوسەری چەپیەوە، دەبێت بەدیلێک بۆ هێزی دەوڵەت و سەروەرییەکەی پێشکەش بە دونیای هاوچەرخ بکەن. ئەوەی تا ئێستا بە حوکمی ئەمری واقع بۆشایی پاشەکشەی دەوڵەتی پڕ کردووەتەوە؛ هیچ نییە جگە لە تاقمێکی ناتەبا لە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و چەندین قەوارەی تری هاوشێوەیان کە ڕەنگە خاوەنی بڕێک هێز یان هەندێک شەرعیەت بن، بەڵام بەدەگمەن لە یەک کاتدا هاوشێوەی دەوڵەت خاوەنی هەردووکیانن (هەم هێز و هەم شەرعیەت). بۆیە بە ڕای فۆکۆیاما، لە غیابی وەڵامێکی ڕووندا هیچ ڕێگەیەکمان نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ دەوڵەت-نەتەوە و دەسەڵات و سەروەری، لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە کلێشە و میکانیزمەکانی سەرلەنوێ بەهێزکردنەوەی دەوڵەت و کاراکردنەوەی.

دیارە کە تەنها بوونی هێزی سەربازیی تەقلیدی، کە مافێکی دانپیانراوە بۆ هەموو دەوڵەتێک، بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم پێویستییەکانی دەوڵەت. ئەو ڕایەی ئەورووپییەکان ڕاستە کە دەڵێن فۆرم و کلێشەی نەرمیش بۆ بەکارهێنانی هێز هەیە، وەک بیرۆکەی "بونیادنانی دەوڵەت"، کە دەبێت هەر دەوڵەتێک بتوانێت دامەزراوەی کارا و بەهێز دروست بکات، نەک لە ناوخۆی خۆیدا، بەڵکوو لە وڵاتانی دیکەشدا کە پڕ لە کێشە و نائارمن و بۆ ئاشتیی وڵاتانی تری جیهان مەترسیدارن. بەرامبەر ئەم ڕایەی ئەورووپییەکان، لە ڕابردوودا دەوڵەت-نەتەوە زلهێزەکان بە داگیرکردنی ئەم یان ئەو وڵات، یان بە لکاندنیان بە ئیدارەی ئیمپراتۆریاکەی خۆیانەوە ئەم کارەیان ئەنجام دەدا، ئەمڕۆ هەندێک لە زلهێزەکان، وەک ئەمەریکا، بە ناوی پشتیوانیکردنی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی و مافی مرۆڤەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات و بانگەشەی ئەوەش دەکات کە هەر هەوڵێک بۆ حوکمڕانیکردنی خەڵکی تر؛ تەنها پرۆسەیەکی ڕاگوزەرە نەک تەماحی ئیمپریالیستی. بۆیە تەنیا ئاییندە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئایا لەم گۆشەنیگایانەدا ئەورووپییەکان لە ئەمەریکییەکان زاناترن یان بەپێچەوانەوە. بەڵام "هونەری بونیادنانی دەوڵەت" لە هەموو بارێکدا وەک ڕەگەزێکی سەرەکیی هێزی دەوڵەت دەمێنێتەوە و نرخ و بەهاکەشی هیچ کەمتر نییە لە توانای بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ پاراستنی سیستمی جیهانی.

# ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

چەمکناسی ئایندەیی

# سیناریۆ و بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ

د. کامەران حەسەن
دکتۆرای پیشەی کارگێڕی و کار

کاتێک کە ناتان ئیزرایلی[1] شێوازێکی لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیی ئایندەیی بە جیهان ناساند، هێشتا جیهان بۆ وەرگرتنی ئامادەیی نەبوو. بەڵام سەرەتای ئایندەناسی، پێشتر لە هەڵمەتی نیشتمانیی وڵاتان لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێ کردبوو. ئەم دەستپێکە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی ئیزرایلی و هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتەکانی نیشتمانی بۆ سەرکەوتن لەسەر قەیرانە ئابوورییەکان وەک داکشان [2] و هەوڵەکانی دامەزراندنی وڵاتی کۆمۆنیستی و پیشەسازی لە سۆڤیەت، هەروەها هەوڵەکانی دروستبوونی دەوڵەتێک بەپێی پیشەسازیی ناوەندی لە ئیتاڵیای فاشیستی و هاوتەریب لەگەڵ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی خۆبەش لە ئەڵمانیای نازی. ئەم هەوڵانە پێویستی بە داڕشتنی بەرنامە، ئامادەسازی، پۆلێنکردنی سیاسەتەکان و داڕشتنی نەخشەکان بۆ ئایندە بوو.

### پێناسەی ئایندەناسی

ئایندە وەک ئەوەی زۆربەی خەڵک لێی تێگەیشتوون، نەناسراو و شاراوە نییە. ئایندە خاوەن کۆمەڵێک ناوەرۆکی شیاوی وێناکردنە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە. مەبەست لە ناسینی ئایندە؛ پێشبینیکردنی نییە، بەڵکوو هەوڵێکی سیستماتیکە بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە کاریگەرەکان لە بنیاتنانەوەی ئایندە. بەم شێوەیە دەتوانین پێناسەی ئایندەناسی بکەین کە: ئایندەناسی بریتییە لە خوێندنەوەی ئایندەکانی ڕێتێچوو و هەوڵ بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی پەسەند.

مرۆڤ بەبەردەوامی بیری لە ئایندە و بەرنامەدانان بۆ ئایندەی کردووە. بەرنامەدانانی دروست و ئامانجدار، لە ئەنجامی تێگەیشتنی دروستی ئێمە لە بارەی ئایندەیە. پرسیار ئەمەیە کە لە ئایندەیەکی پڕ لە نادڵنیایی و گۆڕانکاری، چۆن بتوانین

بڕیارێکی دروست و بەرنامەیەکی کاریگەرمان هەبێت؟

بێتوانایی مرۆڤ لە پێشبینیکردنی ئایندە و پێویستی بە ڕوانگەکان، کەرەستەکان و شێوازەکانی نوێ بۆ درکی ئایندە؛ هۆکاری سەرهەڵدانی ئایندەناسی بوو. ئایندەناسی بەبێ ڕەتکردنەوەی پێشبینی و پۆزیتیڤیسم، هەوڵی دا لەسەر بنەمای داهێنان، هاوبەشی و شارەزایی؛ کۆمەڵێک شێواز بۆ تێگەیشتن لە ئایندە بخوڵقێنێت. یەکێک لەم شێوازانە بەرنامەدانانە بەپێی سیناریۆ، شێوازێکی ئایندەناسی کە بە سوودوەرگرتن لە بابەتەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی هەوڵ بۆ وێناکردنی ئایندەکانی ئەلتێرناتیڤ دەدات. ئایندەناسی نکۆڵی لەوە ناکات کە ئایندە پێشبینی ناکرێت، بۆیە بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ ڕوانگەیەکی ژیرانەیە بۆ تێپەڕبوون لەم ناتواناییەی مرۆڤی ئەم سەردەمە.

### مێژووی بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ

بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ لە سەرەتاوە لە بواری بازرگانی لە چوارچێوەی کۆمپانیایەک سەری هەڵدا، هەتا لە ڕەهەندەکانی نوێی تەکنەلۆجیای چەکسازی لە دامەزراوەی ڕەند[٣] بکۆڵێتەوە. هێرمان کان[٤] (١٩٦٧) لە دامەزراوەی ڕەند[٥]، یەکەمین کەس بوو کە تەکنیکێکی داهێنا بە ناوی "بیرکردنەوەی ئایندەی ئێستا[٦]". کاتێک هۆلیوود گەیشتە ئەم ئەنجامە کە دەستەواژەی شانۆنامە[٧] باوی نەماوە، بۆیە ناوی سیناریۆیان بۆ هەڵبژارد. هێرمان کانیش ئەم ناوەی بۆ تەکنیکەکەی هەڵبژارد.

### پێناسە و قوتابخانەکانی بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ

لە بارەی پێناسەی بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ، کۆمەڵێک لە بیرمەندانی ئەم بوارە پێناسیەکی تایبەتیان بۆ ئەم بابەتە هەیە. شوارتز[٨] بەم شێوەیە پێناسەی بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ دەکات: "کەرەستەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی تێگەیشتنی زەینی خۆمان لە بارەی ژینگە ئایندەییە ئەلتێرناتیڤەکان کە تێدا بڕیارەکان دەکرێت جێبەجێ بکرێن"، هەروەها "گۆدە" بەم جۆرە پێناسەی کردووە: "سیناریۆ کەرەستەیەکە بۆ نمایشی ڕاستییەکی ئایندە هەتا بە بەرچاوگرتنی ئایندەکانی ڕێتێچوو و پەسەند، چرای ڕێگەی کردارەکانی ئێستامان بێت".

تێڕوانینی جیاواز لە بارەی بەرنامەدانان بەپێی سیناریۆ، بووە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵێک قوتابخانەی هزریی وەک نموونە:

- ڕۆیاڵ داچ شێل و تۆڕی جیهانیی بزنس[٩]
- قوتابخانەی فەڕەنسی[١٠]
- گرووپی ئایندە[١١]
- لیندگرێن و باندهۆلد[١٢]

لە پێناسەکان و دیدگاکانی بیرمەندان، بۆمان دەردەکەوێت کە سیناریۆ دەبێت خاوەن پێنج تایبەتمەندی بێت:

١. پەسەندکراو و شیانی ڕوودان بن.
٢. بۆ بڕیاردان لە ئێستادا کاریگەرییان هەبێت.
٣. ئاڵنگارییەکانی ئایندەی بوارەکان تێیدا وێناکراو بێت.
٤. بەشەکانی لەگەڵ یەکتر سازانیان هەبێت.
٥. وەسفی هۆکار و بەر هۆکارەکانی دیار بێت.

بێگومان لە سیناریۆیەک ناکرێت چاوەڕوانی وردەکارییەکان و باردۆخەکانی ئایندە بین، بەڵکوو چاوەڕوانی وەسفێک لە ڕووداوگەلێکین کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە و باوەڕپێکراون.

پرۆسەی ئامادەکردنی سیناریۆ

بە مەبەستی ئامادەکردنی سیناریۆ، پێویستە تیمێکی پسپۆڕیمان پێک بهێنین و بەرنامەی کاری ئامادەکردنی سیناریۆ دابڕێژین. بە شێوەیەکی گشتی، پرۆسەی ئامادەکردنی سیناریۆ بەم شێوەیەیە:

• دیاریکردنی بابەتی سیناریۆ.
• دیاریکردنی هۆکارە سەرەکییەکان[١٣].
• دیاریکردنی هێزە بزوێنەرەکان[١٤].
• دیاریکردنی ڕێژەی نادڵنیایی هۆکارە سەرەکییەکان.
• دۆزینەوەی لۆژیکی سیناریۆ.
• چیرۆک گێڕانەوە
• بەدواداچوون و ئەولەویەتدانانی سیناریۆکان.
• کاریگەریی سیناریۆکان لەسەر بەڕێوەبردنی ستراتیژیکی دامەزراوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئامادەکردنی سیناریۆ، تیمی ئامادەکار لەسەر بابەتی سەرەکیی سیناریۆ خاوەن ئاسۆیەکی ڕوون و دیاریکراو دەبن. تیمی پسپۆڕی لیستێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ئامادە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر سیناریۆکان هەیە، هەروەها پێویستە بۆ هەریەک لە هۆکارە سەرەکییەکان هێزە بزوێنەرەکان دیاری بکرێن. لەدوای ئەولەویەتدانان بۆ هۆکارە سەرەکییەکان، ڕێژەی نادڵنیایی هەریەک لە هۆکارەکان دیاری دەکرێت. لە هەنگاوێکی دیکە، پێویستە چۆنیەتی و ڕێژەی کاریگەریی هێزە بزوێنەرەکان لە ڕێگەی چەندین پرسیاری گۆنجاو دیاری بکرێن. تیمی پسپۆڕی لە ڕێگەی بەرەین ستۆرمینگەوە (مەبەست ئەو کۆبوونەوانەیە کە هەوڵ دەدرێت بە شێوەیەکی ئازادانە بیروڕاکان ئاڵوگۆڕ بکرێت) [١٥]، ناوەرۆکی سیناریۆکان و هێڵە گشتییەکان دەخەنە ڕوو. لە ئامادەبوونی چەندین سیناریۆ، پێویستە ئەولەویەتدانان بکرێت و ئەو سیناریۆیانەی کە ئەگەری ڕوودانیان زۆرترە؛ لە یەکەمی لیستەکە بن. دەرهاویشتەی سیناریۆکان دیدگایەک دەبێت و لە ڕێگەی ئەم دیدگایەوە دامەزراوەکان بە شێوەی ستراتیجی کاروباریان بەڕێوە دەبەن.

بەدڵنیاییەوە ئامادەبوون بۆ ڕوودانی هەر ئەگەرێك، حەسرەتەکان کەمتر دەکات. هەر دامەزراوەیەک چ حکومەت بێت یان دامەزراوەیەکی بازرگانی، پێویستیان بە ئامادەکاری هەیە بۆ ئەگەری هەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو و سیناریۆکان باشترین یارمەتیدەرن بۆ بەرچاوڕوونی لە ئایندە و ئەگەری ڕووداوەکان. تۆو و نەمامی بابەتەکانی ئایندە؛ ئێستا لە ژینگەی ئێمەدا هەن و بەئارامی گەشە دەکەن و دەبنە هۆکاری ڕووداوە گەورەکان. بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی ئەم تۆو و نەمامانە، پێویستیمان بە کۆمەڵە کەرەستەیەکە بۆ ناسینی ئایندە، یەکێک لەم کەرەستانە سیناریۆیە کە بە مەبەستی بڕیاردان بەرنامەکان بەپێی سیناریۆکان داڕشتنی بۆ دەکرێت.

بە مەبەستی تێگەیشتنی باشتر لە ئایندە، پێویستە دوو بابەتی سیگناڵە (هێما) لاوازەکان کە پیشاندەری گۆڕانکارییە ئارام و بەردەوامەکانن و سیگناڵە بەهێزەکان کە پیشاندەری گۆڕانکاریی نابەردەوامن (ئەوانەی کە نایانناسین و ئەزموونمان نەکردووە، زۆربەی جاران فەرامۆشیان دەکەین)، بەجددی وەریانبگرین و بە شێوەیەکی ورد خوێندنەوەی بۆ بکەین.

........................................................................

(١) Nathan Israeli

(٢) Great Depression

(٣) Rand Corporation

(٤) Herman Kahn

(٥) دامەزراوەی ڕەند (RAND Corporation): لە ساڵی ١٩٤٨ بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و شیکاری سیاسی بۆ هێزی سەربازیی ئەمەریکا دامەزراوە، دامەزراوەیەکی دانانی سیاسەتی جیهانیی ئەمەریکایە لە بواری لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان.

(٦) Future-now-thniking

(٧) Screenplay

(٨) Peter Schwartz

(٩) Royal Duch/Shel and Global Business Network

(١٠) The French School

(١١) The Future Group

(١٢) Lindgren and Bandhold

(١٣) Key factors

(١٤) Driving forces

(١٥) Brainstorming

## سەرچاوەکان:

1. خوش دهان، علی (1388)، آینده پژوهي با تکنيك سناريوسازي، مرکز آموزش و تحقيقات صنعتي ايران.

2. چرماك، تامس ج (1393)، برنامه ريزی برپايه سناريو، ترجمه سعيد خزايي و مريم وکيل زاده، ، علم آفرين، 1393.

3. Kahan, H., & Weiner, A.J. (1967). The year 2000: A framework for speculation on the next Thirty-three years. New York: Macmillan.

4. Schwartz, P. (1996). The art of the long view: Planning for the future in an uncertian.

5. Lindgren, M,. & Bandhold, H. (2003). Scenario planning: The link between future and strategy. New York: Palgrave Macmillan.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center for Future Studies
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
www.centerfs.org


Center for Future Studies
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205


Center for Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
2020 نیسان


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories


الدراسات السياسية و الأمنية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019




ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠


ئایندەناسی
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە


ئایندەناسی


ئایندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا


ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا


ئایندەناسی
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان


ئایندەناسی
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە


ئایندەناسی
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا




# ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٨) تەمموزی ٢٠٢١، ساڵی دووەم